# بێداری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بێداری

فەلەکەدین کاکەیی

ناوی کتێب: بێداری
نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥٤
پیت لێدان: رزگار ساڵح
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٤ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ
لەسەر ئەرکی یارانی نووسەر چاپ کراوە.

# پێڕست


بەرایی ........ 7

**دەفتەری یەکەم**: گەر تۆ بێ خەتای ببە بە فریشتە ........ 27
گەرتۆ بێ خەتای، ببە بە فریشتە ........ 29
ئەم هاتنە لە چی؟ ئەو چوونەوە لە چی؟! ........ 32
ڕەنگی دڵ ........ 37
ئەگەر تۆ دەرم بکەی ڕوو لە کێ بکەم؟ ........ 44
١+١= ؟ "نازانم" ........ 47

**دەفتەری یەکەم**: پەردەی چارەنووسەکان ........ 53
پشتی پەردە، پەردەیە... ........ 55
پەردەی چارەنووسەکان ........ 58
هیچاوا ........ 69
مرۆڤ گیرۆدەی بڵندفڕینی خەون و ئامانجی خۆیەتی ........ 72
کورد، بەخۆمان، ئەوە ناڵێین کە بیانییان دەیڵێن! ........ 78

**دەفتەری سێیەم**: هەستی سروشت ........ 81
ژن خواوەندی ژینگە دۆستییە ........ 83
هەستی سروشت ........ 89
مژێک هەوای پاک ........ 92
وزەی پاک: تەکنۆلۆجیا و عیشق ........ 95
ئاو زندەگانییە ........ 98
هاوسۆزی ........ 101
ئەودیوی گەردوون، گەردوونە ........ 105

**دەفتەری چوارەم**: ئاوێستالۆجی ........ 109
ئاوێستا لۆجی ........ 111
سۆشیانس: چاوەڕوانکراوی رزگاریبەخش لە فەرهەنگی زەردەشتیدا ........ 121
پەیامی هەڵبژاردن: پیری موغان: ئێوە ئازادن ........ 127
زانایی، توانابییە ........ 130
ئێمە، بە "ژار خواردنەوە" دەڵێین: نۆش! ........ 133
بڕوا بەخۆ هێنانەوە ........ 136
ئاگری زەردەشت، ڕۆشنایی ویژدان ........ 140
راستی، خولقێنەری شارستانی ........ 146
مەسیحی بوونی سەلاحەدینی ئەیوبی ........ 150
بێداری: سی و جگەری جیهانین ........ 154

**دەفتەری پێنجەم**: خانە خراپ ........ 157
خانە خراب ........ 159
لە نائومێدیدا، ئەوداڵی ئومێدی تازەم! ........ 167
پەیامت چییە؟ ........ 176
لە کێ نارازین؟ لە چی نارازین؟! ........ 180
ئازادی دەربڕین و مافی خەڵک ........ 184

**دەفتەری شەشەم**: جەمال نەبەز ........ 187
جەمال نەبەز، ناسنامەی نەتەوەیی ........ 189
کەریم خانی زەند پارێزەری میللەت ........ 199
پرۆژەی ستراتیجی رۆشنبیری بۆ ٢٥ ساڵ: کیانی کولتووری ........ 202
مۆزیک، مافی والابوونی مرۆڤ ........ 205

## بەرایی

فەلەکەدین کاکەیی

گوتم: ئیستا، چ دەکەی؟

گوتی: ئەژێم بۆ ژیان.

گوتم: لەمەدا ڕاستگۆ بوویت.

– ئەدی، هەموو کەس هەر ئەوە ناکەن ؟!

– هەر زیندەوەرێ بۆ ژیان ئەژێ. ئەوەیە (بێداری)(١).

ڕاستگۆییش بێدارییە.

گوتم: کەواتە دۆزیمەوە.

**بێداری:**

ئەو، چەندین مانگە، دەیان کتێبی خوێندووەتەوە. قووڵ ڕاماوە. لە خەویشدا لێکی داوەتەوە تا لە مانای فەلسەفی و سۆفیگەریی (بێداری) تێ بگات، بەڵام بەوە گەیشت کە تێی ناگات. ناچار، دوای ئەو ماوەیە درێژە تاکە دێرێکی لەسەر ڕووبەری سپی نووسیبوو :

–چ بکەم: دیارە تێی ناگەم! کەواتە هیچ نازانم. ئێ...؟! چاکترە سەرلەنوێ پێدا بچمەوە. لە سفرەوە، لە یەکەم پیتەوە... ئەو دەمە بەخۆیا هاتەوە، بە گوێیا چرپاندیان:

– گەمژە: ئەوە (بێدارییە). تێگەیشتی؟... ئەوەیە بێداری.

ئەو، نەیدەزانی بۆچی لە نێو سەدان ملیۆن کەسدا تەنیا ئیسحاق نیوتن

(١٦٣٢-١٧٢٧) لە بەربوونەوەی سێوەکە هاتە سەر خۆی و یەکسەر ئیلهامی تێگەیشتنی یاسای راکێشانی هێزی زەویی لە مێشک و دەروونیدا، تیشکی دایەوە.

- ئەوەیە بێداری.

**کریستۆف کۆلۆمبس:**

تۆ ئەگەر ئامادە ببیت (هەمیشە ئامادە)، ئەوە چرکەساتی بێداری سەرت لێ دەدا. بەخۆت فشار مەبە. تەنیا ئامادە و هۆشیار بە. سێوەکەت بۆ دەکەوێتە خوارێ!

ئەم بابەتە پرۆژەی کتێبێ بوو. لێرە، بە کورتی، لە تۆی وتارێک دەری دەخەم.

کتێب نووسین ئاسانە. لێ وتاری چڕی ئاوەها سەختە. ئەوەندەی بە شوێن مانای (بێداری)دا گەڕام، دەمتوانی کتێبێ ئەستوور بنووسمەوە، بەڵام دوای چەندین مانگ ئەمجا زاتی ئەوەم بەدەست هێنا وتاری کورت و چڕ دابڕێژم.

ئاخر کاری ورد و دروستی بچووک، زەحمەتترە.

کریستۆف کۆلۆمبس (١٤٥١-١٥٠٦) چووبوو، لە رێگەی دەریاوە، بە باشووری ئەفریقیادا بگاتە هیندستان و چین. بەڵام لە کیشوەرێ نەناسراوەوە سەری دەرهێنا نەیدەزانی کوێیە. ئەو لە خەونیشدا نەیدیبوو کە کیشوەری ئەمەریکا دەدۆزێتەوە، چونکە ناوێکی وەهای نەبیستبوو و، بە بیریا نەدەهات. دیارە هەندێ جار، رێککەوت، ئیلهام دێنێتە پێش. شتێکی ناوێ... هەندەیە، تۆ بکەوە سەر رێگە و برۆ، سەرەنجام بە شوێنێ دەگەی.

**رازی نیچە:**

رازی شاعیر و فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدرێک نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) لەوەدایە کە، وەکو خۆی دەنووسێت، لە ناکاودا "زەردەشتی بۆ دابەزی" و کتێبی (زەردەشت ئاوەهای گوت)ی لە چەند قۆناغێکدا لە ماوەیەکی کورت

داهێنا و نووسییەوە.

نیچە، بە زمانی خۆی، دەبێژێ[٢]:

"زەردەشت بۆم دابەزی"

دەربارەی نووسینی (زەردەشت ئاوەهای گوت)، نیچە دەڵێت کە ئیلهامی بۆ هاتووە، و کورت و پوخت دەنووسێت کە "زەردەشت دابەزی"... و بیرۆکەی سەرەکی ئەو کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی بەردەوامبوون و گەڕانەوەی بەردەوام کە باڵاترین شێوەکانی سەلماندنە.

ئەم بیرۆکەشی لە کولتووری زەردەشت وەرگرتووە، کە ڕیشەی لە قووڵایی فەلسەفە و ماریفەتی ڕۆژهەڵاتدایە.

نیچە، دەنووسێ کە زستانی ١٨٨١ لە کەنداوی راباللۆی جوان و قەشەنگ بەسەربردووە دەڵێت: "ئەو دەربەندە ئاوییە نێوان شاخەکانی شیاڤاری و سەری بۆرتۆڤینۆی نزیک جەنەوا، دەڵێت: تەندروستیم زۆر باش نەبوو. زستانەکەش سارد و باراناوی بوو". ئەمجا دەڵێت:

– "بەرەبەیانیان بەو ڕێگە خۆشەدا سەردەکەوتم بەرەو زواگلی و بە لێواری دارستانی سنۆبەردا تێ دەپەڕیم. ئێوارانیش لەسەر لێواری کەنداو لە سانتا مارگرێتەوە دەڕۆیشتم تا دەگەیشتمە بۆرتۆڤینۆ...".

– ".. لەسەر ئەو دوو ڕێگەیەدا تەواوی بەشی یەکەمی زەردەشتم بۆ هات، بەتایبەتیش زەردەشت خۆی وەکو کەسایەتییەکی نموونەیی".

– "بەمانەیەکی تر، لەوێدا زەردەشتم بۆ دابەزی.

نیچە، ئەمجا بەخۆی دەپرسێت:

– "کەسێک هەیە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمدا بیرۆکەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت لە بارەی ئەوەی کە شاعیران بە درێژایی مێژوو ناویان ناوە (سرووش _ ئیلهام)؟".

بەخۆی وەڵام دەداتەوە: "ئەگەر کەس نییە، ئەوە من لێرەدا ئەو مەسەلەیە شرۆڤە دەکەم. ئەوەندە بەسە مرۆڤ کەمێک هەڵگری بیری خورافییانە بێت تا

وەکو نەتوانێت خـۆی لەو بڕوایە بە دوور بگرێت کـە بریتـیـیـە لە نمایندەیی، کـەناڵێکی دەنگی، نێـوەندێک بـۆ گـەیاندنی هێـزی سـەروو مـرۆڤـانەی مـەزن، گوزارشـتی سـرووش مـانای ئەوە دەگـەیەنێت کـە لە ناکاو شـتێکی بینراو و بیسـتراو دەردەکـەوێت کـە ئەسـتـەمـە وەسف بکرێت، شـتێک لە قووڵاییـیـەوە دەمانهەژێنێت".

مـرۆڤ گوێبیسـتی دەبێت و ناگـەڕێت، خۆی بە دەسـتـەوە دەدات و پرسـیـار ناکات ئەوە کێـیە کە ئەو سـرووشـەی پێ دەدات. بیـرۆکـەیەک وەکو ڕۆشنایی برووسکـەیەک دەردەکـەوێت و ون دەبێت، دڵنیـایە و ڕاڕا نیـیـە، هـەرگـیـز بۆم نەبووە شتێکی وەها هەڵبژێرم."

جـارێکی تر وەسـفی حـاڵەتی وەرگـرتنـی سرووش (ئیلـهـام) دەکـا و دەڵێت: "حـاڵەتی لە هۆشـچـوونە بەڵام بە ئیـدراکێکی روون و لەرزینی نەرم و هـەژان لە سـەرەوە بۆ خوارێ خـۆشییـەکی زۆر و داڕژانێکی نوورانی، غـەریزەی ریتمێک کە هـەمـوو شـێـوەکان لە جیـهـاندا لەخـۆ دەگرێت، قـەبارە، یا پێویسـتی ریتم پێـــوەری رادەی توندوتیـــژی ســـرووشـــە و جـــۆرێکە لە هـاوســـەنگی و قەرەبووکردنەوە لە توندی پاڵەپەسـتۆ و تەوەتور کـە توندوتیژی سـرووش لەگەڵ خـۆیدا دەهێنێ..." ئـەمـجـا (نیـچـە) دەڵێت: "... ئـەوە ئەزمـوونی منە لەگـەڵ سـرووش و گـومـانم لەوەدا نییـە کە دەبێت هـەزاران سـاڵ بـۆ دواوە بگەڕێینەوە تاوەکـو کـەسـێک بدۆزینـەوە مـافی ئەوەی هـەبێت پێم بڵـێت: "ئـەوە ئەزمـوونی منیشـە".

وابزانم (نیچە) تووشی زیادەڕەوی بووە، چونکە بەر لە ئەو، سەدان کەس و، دوای ئەویش کـەسـانێک پەیدا دەبن، کـە ئـەزمـوونی وەرگـرتنی سـرووشـیـان هـەبووە و دەبێت، بەڵکو زۆریش لە نیچە پێشکەوتووتر و شارەزاترن.

ئێستاش دەگـەڕێمەوە بۆ سـەرگوزەشـتی سرووشـەکەی نیچە، کە لـە هـەمان ســەرچاوەدا، بـە زمــانی ئەوەوە هـاتووە (بڕوانـە: ل٢٦١ لە کــتــێــبی ئـەوەیە مرۆڤ)... "ئێستا باسی کتێبی زەردەشت دەکەم...

ئۆگستی (مانگی ئابی) هاوینی ساڵی ١٨٨١ له دارستاندا لەسەر لێواری دەریاچەی سلیڤا پلانا پیاسەم دەکرد و له نزیک بەردێکی گەورەی شێوه هەرەمی نزیک له سۆلاری وەستام پشوویەک بدەم، لەوێدا بیرۆکەکەم بۆ هات... "لەوێدا زەردەشتم بۆ دابەزی"

**دژییەکانی نیچە:**

کەواته روو بەڕووی راستییەکی پتەو دەبینەوە، قایم و چەسپاو وەکو بەردە گەورەکەی ئەو باسی کردووە. ئەوەتا نیچە، گوایه (خوانەناس) له دیاردەیەکی نادیار و پێوار[٣] دەدوێ که ناتوانین سەرچاوەی بۆ بدۆزینەوە مەگەر له لای ئەو خوایەدا... و (نیچە) هەوڵیش دەدا پاساو و پاکانەی حەقیقەتی سرووش (ئیلهام) بداتەوە و باوەڕمان پێ بهێنێت کە شتی وەها هەیە. هەروەها (نیچەی) رەتکەرەوەی مەسیح و پەیامبەرانی تر، به زەردەشتەوە[٤] دەچەسپێ که بەر له هەزاران ساڵ هاتووە و دەڵێ که مەزنترین مرۆڤە و حەقیقەت لەلای ئەوە و، له روانگەی پەیام و فەلسەفەی زەردەشتەوە به شوێن مرۆڤی والای بالاتر له مرۆڤانی دەگەڕێ.

ئەوە نیچە گوتوویەتی، له کاتێکدا نووسیویەتی کە "خوا مردووە"، نەشیدەزانی که سرووشی زەردەشتی له سەرچاوەیی نهێنی و نادیارەوە بۆ دابەزیبوو، که ئێجگار قووڵ و دوورە، له توانای هیچ هێزێکدا نییە مەگەر بوونی ئەوەی که به "مردووی" له قەڵەم دابوو!

ئەگەر روونتری بۆ بڕۆم، ئەوە، وەکو تێدەگەم، مەبەستی نیچە له (خوا) خودی ئەو خوایه نییە که بەر له سەردەمی ئیبراهیم پەیامبەرەوە بنیادەم دەیناسن، بەڵکو مەبەستی نیچە، رەنگە، وێنای خوای کلێسا بووبێت، ئەو وێنایەی که قەشە توندڕەوەکانی سەردەمانی خۆیان، وەکو هەندێ زانای ئیسلامی ئەمڕۆ، کێشابوویان. دیارە وێنای ئەو خوا جوانەی که له دەروونی خواناسانی راستگۆدا بێدار بووە، ئێجگار جیاوازە لەو وێنایەی که نیچە و هاوبیرانی تووڕە و بێزار کردبوو.

جا، لە هەر دەورانێکدا، ئەو کەسانەی کە بە دروستی بێدار نەبوونەتەوە، دەکەونە هەڵە و بۆچوونی وەهاوە کە نیچە دووچاری بووە، چونکە هێشتا بەرچاویان لێڵ و تەماوییە، تەنیا تارماییەکان دەبینن، نەک راستییە رۆشناکان.

**ئیلهام:**

ئۆشۆ (راجنیش) ١٩٣١–١٩٩٠[٥] فەیلەسووف و سۆفیگەری هیندۆسی، دەربارەی ئیلهام (سرووش) دەڵێ شتی وەها هەیە، هەروەها دەڵێت کە "ئامانجی ژیان بە ئاگاهاتنە" واتە: بێدارییە.

ئەو، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا سرووش لەکوێوە دێ؟

دەڵێت:

سرووش (ئیلهام) بە بێ هیچ دەزگا و شێوەیەکی بینراو، بە مرۆڤ دەگات.

لێرەشدا چەند زاراوە روون دەکەمەوە:

– شهود، واتە: ئاگاداری راستەوخۆ و بێ ناونج (واستە)، بە عەقڵ نازانرێت و ناناسرێتەوە.

– ئیلهام (سرووش) بەو هەواڵ و زانستە دەڵێن کە لەلایەن هێزگەلی ژوور سروشتییەوە (میتا سروشتییەوە)، لەناکاو، بەبێ چاوەڕوانی بە دڵ و دەروون و هۆشی مرۆڤ دەگا.

(ئۆشۆ) دەڵێ: ئیلهام زانستێکی نهێنییە[٦]، بەشێوەی هەڵبەز، بە تەوژم لە نادیارییەوە دەردەپەڕێ. واتە: تەوژمێکی نادیارە، کوتوپڕ لە هەست و هۆشی مرۆڤدا وەک ئاو فەوارە دەکا. بە مانایەکی تر سرووش هەڵبەزێکە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بەبێ ئەوەی هیچ پێوەندکارێک لە ئارای ئەو دوو خاڵەدا هەبێت.

ئیلهام تەوژمێکە بەرەولای تۆ (یا روو بەڕووی تۆ) نایەت. بەڵکو چشتێکە لە تۆدا روودەدات... شتێکە هیچ هۆیەکی بۆ نییە و، ناتوانین سەرچاوەشی لە هیچ جێگەیەک پەیدا بکەین. ئەم رووداوە ناکاوە بە مانای ئیلهامە (سرووشە). خۆ ئەگەر وردە وردە و پلە بە پلە دەرکەوێ ئەوە عەقڵ دەتوانێ جێگەی

لێوەهاتنی بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو لە ناکاودا دێت.

لە وەڵامی ئەوەدا کە ئایا سرووش لە ڕێگەی شەپۆل، یا تیشکەوە، دەگات، (ئۆشۆ) دەڵێت، ئەگەر وەها بوایە ئەوە دەمانتوانی ئامرازی وەرگرتنی دروست بکەین (وەکو تەلی تەوژمی کارەبا)، ئیتر پێویستمان نەدەبوو بە پەیامبەران و داهێنەر و دۆزەوەر. مرۆڤ ئەبەد ناتوانێ بە سەرچاوەی سرووشی پەیامبەران بگات.

هیچ ئامرازێ ناتوانێ سرووش وەربگرێت چونکە ئەمە دیاردەیەکی شەپۆلدار نییە. ئیلهام بەهیچ شێوەیەک دیاردە نییە.

تەوژمێکە "لە هیچەوە بەرەو بوون" هەڵدەبەزێ، بەبێ هیچ ئامرازێ یا واسیتە و پێوەندییەک.

ئۆشۆ دەڵێت: ئا ئەوەیە تەنیا مانای ئیلهام،. هەر بۆیەش عەقڵ و هزر و هۆشی مرۆڤ ڕەتی دەکاتەوە.

عەقڵ تا ئێستا خەریکی دوو بواری زانینە: زانراو و نەزانراو. هەوڵ دەدا نەزانراوەکەش بزانێت و ئیتر هەموو شتێک دەبڕێتەوە. واتە: نەزانراو شتێکە کە ڕۆژێک دەزانرێتەوە. بەڵام عیرفان و سۆفیگەری سێ بواری زانینی هەیە: یەک: زانراو. دوو: نەزانراو. سێ: (لە زانین نەهاتوو)، واتە: ئەوەی نازانرێ کە هەیە و کەس ناتوانێ بیزانێ، مەگەر خۆی لە ڕێگەی سرووشەوە، بە هەڵبەزێک، لەناکاوا دەربخات. کەواتە مەبەستی سۆفیگەری زانینی (لە زانین نەهاتووەکانە)، لە کاتێکدا عەقڵ تەنیا کاری لەگەڵ (زانراو و، نەزانروەکانە).

ماریفەتی سۆفیگەری دەڵێت: هەرچی بکەیت و بزانیت دیسان شتێک لە بناغەی بوون، ڕازێک دەمێنێتەوە.

کەواتە: عەقڵ و هۆش و بیر، هەوڵ دەدات نەزانراوەکان بزانێت و ئاشکرایان بکات. لێ سرووش، ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە. هەرچەندە هەوڵ بدرێت ڕوون ببێتەوە، بازنەکەی ئەو قایمتر دادەخرێت. کەواتە: بوارگەلی قووڵتر لە ئارادا هەنە. هۆشگەلی باڵاتر و قووڵتر پەیدا دەبن کە عەقڵی مرۆڤ

ناتوانێ دەرکیان بکات.

**زەردەشت لە دەروونی خۆیەوە پەروەردگاری ناسیوە:**

ئەشۆ(٧) زەردەشت، لە زمانی خۆیەوە، هاتووە کە لە هۆش و دەروونی خۆیدا ئەهۆرامەزدا (خوای پەروەردگاری) ناسیوە. کەواتە: جۆرە ئیلهامێ بۆی هاتووە. لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەستی پێ کردووە و پەروەردگاری ناسیوە.

زۆرینەی دانا و رۆشنداڵان و فەیلەسووف و شاعیر و داهێنەر و دۆزەرەوەکان لە رێگای ئیلهامەوە، بە پلەی جۆربەجۆر، پێگەیشتوون. سرووش (ئیلهام)ی ئەم کەسانە جیاوازە لەگەڵ ئەو پەیامە راستەوخۆیانە کە لە رێگەی فریشتەوە بۆ پەیامبەران دابەزیون.

وا پێ دەچێ سەرچاوەکە یەک بێت، بەڵام پلە و پایە و دانایی وەرگرەکان جیاوازە.

**شیعر و هونەری سرووشپێدراو:**

تایبەتمەندییەکی شیعر و هونەر و ئەدەبی سرووشپێدراوان ئەوەیە کە ماوەیەکی درێژ بە جوانی و تازەیی دەمێنێتەوە. بە ئاسانی لەیاد ناچن و نافەوتێن. هەرکاتێک بەسەریانا بچینەوە وەکو بڵێی ئێستا دانراون. بەهێزبوون یا کزبوونیان بەندە بە رادەی نزیکبوونی سرووشوەرگر لە سەرچاوەکەیەوە. هەرچەندە نزیکتر بووبێ پەیامەکەی زیاتر و درێژخایەنتر بڕ دەکا.

بەو پێوەرە دەبێ شاعیرانی وەک بابا تاهیری هەمەدانی، فەقێ تەیران، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حاجی قادری کۆیی، مەولەوی، مەحوی و کەسانی تر لەو ئاستە بەرزە، بە ئیلهامپێدراوان بزانین.

دانانی سروودی (ئەی رەقیب) و ئاوازەکەی بەجۆرە سرووشێ ئەزانم.

هەروەها سروودی (نەورۆز)ی پیرەمێرد لە ئیلهامێکی بەهێزەوە هاتووە و

هەر بۆیەشە کە ئەو سروودانەی باسمان کردن، تا دێ جوان و تازەتر و دڵگیرترن.

ناتوانم لە هونەری گۆرانی و ئاوازی هونەرمەندانی وەک حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و سێوە تێبگەم مەگەر لە بازنەی سرووشی گەردوونیدا جێگەیان بدۆزمەوە. هەروەها (جیا لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووری و شێوازی هونەری) ناتوانم داهێنانی مۆزارت و بیتهۆڤن لە سرووش بە دوور بزانم.

بێگومان نموونە، لە جیهانی هونەر و وێژە و دۆزینەوە و، تەنانەت داهێنانی زانستیشدا، لە دنیادا زیادن، کە لە لەحزەیەکدا بە زەینی ئەو کەسانەدا هاتووە.

**کار و کۆشش، پێش سرووش:**

لێرەدا، قەت نامەوێ ئەوە بڵێم کە: ئەی مرۆڤینە! دەس لە کارو تێکۆشان بکێشنەوە و دابنیشن چاوەڕوانی ئیلهام بن. نەخێر! ئیلهام جێگەی کارو زەحمەت و هەوڵدان ناگرێتەوە. بەڵکو بەرهەمی کارو کۆششە. واتە: زۆربەی هەرە زۆری سرووشەکان لە ئەنجامی کارو تێکۆشانی جەستەیی رۆحیی سەختدا، گەیشتوون. تەنانەت پەیامبەرانیش، ساڵانێکی درێژ گۆشەگیر بووونە و خۆیان لە تام و چێژی ژیان بێبەش کردووە و تەنیا بیریان کردووەتەوە و لەسەر گەیشتن بە نهێنی بوون چەقیان بەستووە و، دواتر سەختی و ئازار و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیش تووشیان بووە، ئەمجا بەو پلە بەرزانە گەیشتوون.

لە کاروباری کۆمەڵایەتی و هونەری و هزرڤانیشدا، نووسەر و هونەرمەندان شەونخوونییان کێشاوە، خۆیان لە تامی ژیانی ئاسایی بێبەش کردووە و، بەرگەی تانە و بوختان و پەراوێزبوونیان گرتووە، تەنانەت هەندێ جار بەشێت و دێوانە ناسراون!

کەواتە: ئەسڵ و دەسپێک و بناغە هەر کار و زەحمەت و ماندووبوونە، ئەمجا سرووش، کە هەندێ جار، لە ناکاوا دەگات، لەکاتێکدا خەڵکانی دی

ڕەنگە وەها بزانن، کە ئەو داهێنانە کوتوپڕ و لەخۆڕایی هاتووە!

مەسەلەکە، چەقبەستن و بەرگەگرتن و خۆڕاگریین لەسەر بیرۆکەیەک، خەون و خەیاڵێک، ئامانجێک، پەیامێک.

کەواتە: هەر ئینسانێ دەشێ خاوەن پەیام و ئامانجی پاک و بەرزی خۆی بێ.

ئەسڵی مەبەستیش هۆشیاربوونەوە و بێدارییە[٨]. واتە: بە ئاگاهاتن و ناسینەوەی توانای بێ سنووری گەردوونە، کە هەمیشە و لە هەموو جێگەیەکدا، هەیە و بەشێکی لە وجوودی مرۆڤدا دانراوە.

جەختی بابا تاهیر هەمەدانی، لە پێناو بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتنی وانەکان، نموونەیە لە وزەی ئەندازە بەدەری دەروونی مرۆڤ.

ـ لە سەرگوزەشتەی ژیانی بابا تاهیردا[٩] هاتووە سەرەتا دارفرۆشێک بووە، پاشان چووەتە حوجرەی فەقێ بۆ خوێندن، هیچ لە دەرسەکان تێ نەگەیشتووە. لە فەقێیەک دەپرسێ ئێوە چۆن تێدەگەن؟ فەقێکە بە گاڵتەکردنەوە دەڵێت: ئێمە هەموو شەوێ چل جار خۆمان دەخەینە نێو ئاوی حەوزی مزگەوتەکەوە تا هۆشمان دەکرێتەوە.

شەو دادێ بابا تاهیریش دەچێت چل جار خۆی دەخاتە حەوزی ئاوەکەوە. لەو کاتەدا باباتاهیر هەست دەکات لە ئاسمانەوە ڕووناکییەک دەچێتە دەمییەوە. بۆ سبەینێ باباتاهیر کە دەچێت بۆ حوجرەی خوێندن لە هەموو مەلا و فەقێکان زیرەکتر دەبێت.

لێی دەپرسن چۆن وا هۆشت ڕوون بووەوە؟ ئەویش دەڵێت: "بەڵێ! بە نەزانی نووستم، بە زانایی هەستام[١٠].

وتەی دوایی، پاش چەندین سەدە، لە زاری شاعیرێکی کوردی سۆفیگەری تر بەشێوەیەکی تر ڕەنگ دەداتەوە. ئەو شاعیرە لە پڕدا فێری زمانی عەرەبی دەبێت، تەنانەت شیعری فەلسەفی و سۆفیگەریشی پێ دەڵێتەوە.

ئەو، لە وەڵامی کەسانێ کە چۆن زمانی عەرەبی فێر بووە لە کاتێکدا

پێشووتر نەیدەزانی، دەڵێت: "ئێوارە بە کوردی نووستم، بەیانێکەی بە عەرەبی هەستام". واتە: ئێوارە تەنیا زمانی کوردیم دەزانی، بەڵام بەیانی فێری عەرەبیش بووبووم.

داستانەکەی باباتاهیر سەبارەت بە چل جار خۆخستنە ناو ئاوی حەوزەوە، ئەگەر ئەفسانەش بێت، دیسان ئاماژەی هەوڵ و ماندووبوون و زەحمەتکێشانە لە پێناو فێربوون و بەهۆشهاتن و بێداربوونەوە. باباتاهیر گوشاری سەختی بەسەر خۆیا هێنا تا لە سستی و لاوازیی دەروون و ناهۆشیاری رزگاری ببێ. سەرەنجام بە زانایی لەخەو هەستا لەکاتێکدا ئێوارە هیچی نەدەزانی.

چ فێربوونی کوتوپڕی دەرسی حوجرە، یا زمان، یا هەر زانستێک، بە ئاسانی نایەتە دەس. ئەمە وەکو یاسایەکی دەروونی _گەردوونییە، دەڵێت: "لە تۆ رەنج، لە من گەنج". واتە: رەنج بکێشە، سەرەنجام بەگەنجینەکە دەگەیت.

ئەو گەنجینەیە لە ناخی دەروون و هزر و هەستی ئینساندا دانراوە، "کوڕێکم دەوێ بیدۆزێتەوە" – ئەگەر بە زمانی سادەی رۆژانە بدوێم.

**پیری سوهرەوەردی و زانایانی تر:**

هیچ قاعیدەیەک نییە بۆ چۆنیەتی دەسپێکی کۆشش بۆ بێداری و خۆ ئاگایی و هۆشیاری. هەرکەسە و رێگەی خۆی دەگرێتەبەر. کەسانێک هەن، وەک باباتاهیر، کە گاڵتەی فەقێیەک دەیخاتە سەر رێگەی بێداری. لە حاڵەتی نیچەدا دەریاچە و تاوێرێکی گەورە، لە کاتی گەشتدا، دەیهێنێتە ئاگا.

کەسانێ هەنە، وەک مەحوی، بەشوێن (پیر)ی رابەردا دەگەڕێن تا دەسیان بگرێت و، پلە پلە، بەرەو ئاسۆی رووناکی و عەشق بیانبات.

دەرکەوتووە، زۆربەی عاشقان و سۆفییانی مەزن، پیر و رابەری رێنوێنییان هەبووە. ئەوەش هەندێ جار بە رێککەوت پەیدا دەبن.

جەلالەدینی مەولەوی روومی، لەپڕدا، شەمسی تەبرێزیی بە پیری رێبەری خۆی وەرگرت. شەمس لە ناکاو لە پێش مەولەوی "سەوز دەبێ" و بە پرسیارێک دەیخاتە گێژاوی رامانی قووڵ و بیرکردنەوەو، ئاگری عەشق لە

هەست و نەستی مەولەوی رووممی بەردەدات.

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزی هەمیشە چاوی لە لوتف و دەسگیریی پیرانی خۆی بووە.

سوقراتی فەیلەسووف لە پەرستگای ناو ئەشکەوتێکی یۆنانەوە ئەو سرووشەی بەرگوێ دەکەوێ کە "خۆت بناسە!". ئەو وشە جوانە ئیتر بوو بە سەرەتای رێگەی ماریفەت (معرفە)ی گشت سۆفیگەر و فەیلەسووفانی شەیدای عیشق، کە ئەگەر دەتانەوێ گەردوون بناسن، ئەوە خۆتان بناسن، ئەگەر دەتانەوێ خوای پەروەردگار بناسن، ئەوە خۆتان بناسن.

کەواتە: دەسپێک و بەرایی: ماریفەتە[١١] (ناسینە)، کە بێداری دەروازەکەیەتی.

**پیرانی سوهرەوەردی:**

سوهرەوەردی (١١٥٣-١١٩١)[١٢]، زانا و سۆفیگەری بەناوبانگ، پێشخەری فەلسەفەی تیشکهاوێشتن (ئیشراق= پەرتەو)، کە لە شاری حەڵەب، بەناهەق کوژرا، سەرچاوەی ئیلهامی (واتە پیرو رابەری)، یەکەم، ژیان و بەسەرهاتی مەنسووری هەلاج بووە، ئەمجا غەزالی. جگە لەوەش پشت بە گشت فەلسەفەکانی پێش خۆی بەستووە وەک فیساغۆرسیزم و ئەفلاتۆنیزم و زەردەشتی و هرمسیە[١٣]. دوای هەمووشی لە رێگەی هزر و هەستی سۆفیزمەوە بەو ئاستە بەرزە گەیشتووە. خۆی نایشارێتەوە کە کتێبی "حیکمەتی ئیشراقی"، لە ماوەی چەند مانگی ساڵی ١١٨٦، لە ئەنجامی دابەزینی ئیلهامێک نووسیوە، کە لە رێگەی رۆحی پیرۆزەوە بۆی دابەزیبوو، وەکو دەنووسێت.

کەواتە، هەندێ جار، گەنجینەی ماریفەتی پێشوو دەبێ بە پیرو رێبەر و سەرچاوەی پێگەیشتن.

**فاتیمە قورتبی، پیری ڕۆحیی ئیبنو عەرەبی:**

سۆفیگەری مەزن، ئیبنو عەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠) دەڵێت کە سرووشی پەروەردگاری پێ گەیشتووە و، لەبەر تیشکی ئەو ئیلهامانە فەلسەفەکەی داناوە و کتێبەکانی، لە ماوەیەکی کورتدا، نووسیوە. لە ژیاننامەیدا هاتووە کە نهێنی خواوەندیی لە سەردەستی خدری زیندە (د.خ) وەرگرتووە.

ئیبنو عەرەبی لە باشووری ئەسپانیا (ئەندەلووسی جاران) لە دایک بووە و زۆربەی ژیانی لەو وڵاتە بەسەربردووە.

بەخۆی نایشارێتەوە کە لەسەردەمی لاوێتیدا، شەیدای ناسینی ماریفەت و سۆفیگەری دەبێ، چاوی دەکەوێ بە دوو ژنی بە پلەی (وەلی): یاسەمین مەرشنیە و، فاتیمە قورتبی، کە ڕێنومایی دەکەن و کاریگەری ڕۆحی لەسەر بەجێ دەهێڵن، بەتایبەتی فاتیمە، کە وەک ئیبنو عەرەبی دەڵێت پیرەژنێکی بەتەمەن بووە، بەڵام سیمای جوان و ڕووناکیی ڕۆحیی پاکی پێوە دیاربووە بە کیژی شازدە ساڵە دەچوو.

لە فاتیمەی پاکڕەوانی سۆفیگەری بەرزەوە زۆر شت فێر دەبێ. ئیتر دەکەوێتە دیتنی پیاوچاکان و زانایان، تا بەوە دەگات کە حەقیقەت لە دوو ڕێگەوە بەدەست دێ:

یەک: ڕێگەی عەقڵ و ئەزموونگەری.

دوو: دیتن (بینین)، شهود، یا سرووش.

ئیبنو عەرەبی لایەنگری ئەوە بوو کە ماریفەت (ناسین)، لە بنەڕەتدا، "دیتنە/ بینینە"، کرانەوەی چاوی دڵ و دەروونە، واتە: بە ئاشکرا ڕووبوونەوەی حەقیقەتی رووتی گەردوونە.

بەواتەیەکی تر، ماریفەتی سۆفیگەری بێداریی ئەندێشە و دەروونە، هۆشیاربوونەوە و بەئاگاهاتن و. هەروەکو (ئۆشۆ) گوتوویەتی کە ئامانجی ژیان و بوون بە ئاگاهاتنە، واتە: بێدارییە.

عومەری خەیام، بە وەرگێڕانی ئەحمەد شاڵی بۆ کوردی، عەشق بە هەمیشە

بێداربوون و نەخەوتن دەزانێت، دەڵێ:

عەشقێ کە پاک بێ وشک و بێ تامە
هەروەک خۆڵەمێش بێ ترس و سامە
عـەشق ئـەوەیە مـانگ و ڕۆژ و سـاڵ
بێ خـەو بێ خـواردن بـە بێ ئارامـە

بابا تاهیر هەمەدانی کە دەیان ساڵ بەر لە خەیام ژیاوە، ئەوەندە بێدار دڵ بووە، چاوی لە هەرکوێ بڕیبێ هەر (ئەو)ی دیتووە، واتە پەروەردگار.

ئەوەتا دەڵێت:

رووبکەمـە سـەحـرا وێنەت ئەبینم
بچـمـە ناو دەریا شـێـوەت ئەبینم
روو لە هەرکـوێ کـەم چۆڵ و بیـابان
شێوەی بێ وێنە و هاوتات ئەبینم(١٤)

باباتاهیر دەیەوێ هەموو کات دڵ بێدار بمێنێ و سەیری لالە و گوڵان بکات. دەڵێ:

دەس بە بادە بەچاو سەیری گوڵان کەم
تەمـاشـای سـەوزە و ئاوی ڕەوان کـەم
دۆس جـامێ بنۆشم شـادیم تاوێ
بەسـەرخۆش سـەیری لالەی جوان کـەم

خەیام دیسان لە بێدارێ دەدوێ، لە خەبەرداریێ تەواو لە دنیا تێبگا. خەیام، لە وەرگێڕانی شێخ سەلام بۆ سۆرانی، دەڵێ:

دووکـەس لەم دنیـا ئیـشـیـان تەواوە،
چەرخ وەک خـەڕەک لایان سـوواوە:
یـەک: خـەبەرداریێ تـەواو تـێ بگـا
دوو: بێ خـەبەرێ لـەم بـەند و باوە(١٥)

بودیدارما (١٦) (٤٤٠-٥٢٨ پێش زاین)، ڕەبەنێکی هیندی بوو چووە چین و

لەوێ پەیامەکەی گەیاند. دنیا بینی سۆفیگەرانەی خۆی لەسەر بێداری دامەزراند، تەنانەت برژانگی چاوی خۆی قیچی کرد تا نەتوانێ بنوێ، تا هەمیشە بێدار بمێنێ. لە ڕێنوێنییەکانی دەربارەی بێداری دەڵێت:

ئەسڵی ڕێگە، گۆشەگیرییە.

... گۆشەگیری (کنارەگیری)، ڕۆشنبینییە، چونکە رواڵەتەکان رەت دەکاتەوە.

بودایی بوون یانی ئاگایی بوون.

بودیدارما، دەربارەی ڕێگەی ڕۆشنبینی دەڵێت:

ئەساسیترین رەوشێ، کە گشت رەوشەکانی تر دەگرێتە خۆ، "تەماشاکردنی ئەندێشەیە". دەڵێت:

- ئەندێشە ریشەیەکە هەموو شتەکان لە ئەوەوە دەڕوێن.

- ئەگەر بتوانی ئەندێشە بدۆزیتەوە، ئەوە هەموو شتەکانی ترت دۆزیوەتەوە و دەرک کردووە.

بودیدارما لەسەر نییەت (نیاز)، بیرو ئەندێشەی دەروونی مرۆڤ چەق دەبەستێ. هەروەک زەردەشتیش لە (بیر/ ئەندێشەی) چاکەوە دەست پێ دەکات.

ڕێگەی (زەن)، یا ڕێبازی سۆفیگەرییانەی بودیدارما، لە "تەماشاکردنی ئەندێشەوە" بە پاکتاوی دەروونی دەگات. ئەو دەڵێت: هەمیشە ئاگات لە نیاز و نییەتی دەروونیت بێت، ئاگەدار بە لەهەر چی بە ئەندێشە و خەیاڵ و هەست و هزردا تێدەپەڕێ. کەواتە: وشیاربوون لەوەوە دێ کە هەمیشە کرداری ئەندێشەی رۆژانەت بخەیتە بەر چاودێری خۆت و بەقووڵایی "لەحزە"دا بچۆرە خوارێ. واتە: هەمیشە لەخۆت بپرسەوە.

ئامانجی "تەماشاکردن ئەندێشە" هەردەم قووڵبوونەوەیە لەجیاتی چاودێری کاتی. واتە: خۆ _ چاودێری و لەخۆپرسینەوە، ڕێبازی زەنی بودیدارمایە.

زەن (ZEN) تەریقەت، یا ڕێگەیەکی بۆدابیزمە.

ئەمجا دەڵێ:

ئەوانەی کە بە تێگەیشتنی ئەندێشە دەگەن، بە کەمترین کۆشش رۆشنبینی بەدەس دێنن. ئەوانەی کە بە تێگەیشتنی ئەندێشە ناگەن، ئەوە بە زەحمەتی زیاد، ئەزموون و مەشقی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

دەڵێت:

هەموو شتێک،

چ چاک، چ خراپ،

لە ئەندێشەوە دێت.

پەیداکردنی شتگەلێک لە ئەودیوی ئەندێشە، کاری نەکردەنییە.

ئەو، هەروەها، "تەماشاکردنی ئەندێشە" بە "ئاگایی" ناو دەبات. ئاگایی، لێرەدا هەمان مانای بێداری و وشیاری و رۆشنبینی دەدات.

ئەگەر ئەم بیر و بۆچوونانە چڕ بکەینەوە تێ دەگەین کە مەبەستی بودیدارما لە "تەماشای ئەندێشە" و، خۆ- چاودێری، ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئاستی "نەبیرکردنەوە" بگات. واتە: لە هیچ نەفکرێ و، هیچ ئەندێشە و بیرێکی خراپ و ناپاک بە زەین و هەست و هۆشیدا نەیەت. مرۆڤ لەم دۆخەدا ئیتر دەبێ بە قووڵی، چاودێری بیر و گوتار و کرداری خۆی بکات.

زەردەشت دەڵێ: "بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک".

هەموو شتێکیش لە بیر و ئەندێشەوە سەرهەڵدەدات. یا بە واتەیەکی تر ئەوە نییەت و نیازی دەروونی مرۆڤە کە دەیخاتە سەر ئەم رێگەیە یا ئەوی تر، ئەم وتەیەی بە زمانا دێنێ، یا ئەو کردارەی پێ دەکات.

کەواتە: بێداربوونی هەمیشەیی، چاودێری ئەندێشە و نیازی دەروونییە. هەر شتێکی خراپ کەوتە سەر شریتی ئەندێشە دەبێ یەکسەر رابگیرێت و بسڕدرێتەوە، چونکە ئەگەر بمینێ ریشە دادەکوتێت و ئەوەی لێ شین دەبێ کە رەنگە خراپ بێ و نابێ تووشی بێت.

هەر بۆیەش بودیدارما ئەندێشەی بە "ریشە"ی هەموو شتێکی چاک و خراپ

داناوە.

ئەگەر زیاتری بەشوێنا بڕۆین، لە قوولایی ئەزموون و دنیا بینییەوە، ئاینەکان و فەلسەفەکان بەیەک دەگەن، وەکو باباتاهیری هەمەدانی (یەکێتی ئاین و دینەکان) بەم شیعرە چڕ و سادەیە دەردەبڕێت:

کە من دووربم لە تۆ، زەننار دەبەستم
ئەگەر من پێ کەنم جووم(۱۷)، بت پەرستم
لە پاش گوفت و بەڵێنت ئەی دڵارام
بەڵێن و گوفتی دی نابێ مەبەستم

(وەرگێڕانی کاروان عوسمان عەلی ـسەرچاوەی پێشوو).

– زەننار بەستن، واتە لەسەر ئاینی مەسیحی عیبادەت دەکات.

– جوو = یەهوودی.

– بت پەرست = واتە: چەند خوایی.

کەواتە: بابا تاهیر هەمیشە بێدارە و لە ستایشی خوایە، جا بەهەر ڕێبازێک بێ. ئەمەیان نەبوو، ئەوە ئەوی تر. ئەم گوتارە، بە ڕواڵەت، کوفر و لادانە لە یەکتا پەرستی. بەڵام لە ناوەڕۆکی قووڵدا بەرەو یەکبوونی وجوود و یەکێتی ئاینەکان دەڕوات.

هەروەکو مەحوی بە رواڵەت پەسنی مەی و مەیخانە دەدات، بەڵام جەوهەری عەشقی خودایی پیشان دەدا، کە دەڵێ:

لە مەیخانە، خودا، ئەگەر ئێمە دەرچین
بە کێ بەین ئیلتیجا؟ بۆ کێهە دەرچین؟

لە شیعری باباتاهیردا نموونەی روونتری فەلسەفەی ئەو، سەبارەت بە یەکبوونی وجوود و یەکێتی ئاینەکان دەبینین، کە دەڵێ:

کەنشت و کەعبە و بتخانە و دیر
سرای خالی أز دلبەر نزونم

واتە:

کلیسە و کەعبە و بوتخانە و دێر
لە بوونی یار (= خوا) خاڵی نازانم.

ئەو، خۆشەویستی خۆی (پەروەردگار) لە هەموو جێگەیەک دەبینێ، چ پەرستگای مەسیحی بێت، یا هی موسڵمان، یا بت پەرست، یا دێری رەبەنی بەرهەمی (هیندۆسی) و ئاینەکانی تر.

باباتاهیر هەموو کات بێدارە و یاری میهرەبانی لە هەر جێگەیەک بێ، دەیدۆزێتەوە.

رەنگە ئەم چوارینەیەی، بەشێوەی جوانتر، پلەی بێداری بابا دەرببڕێت:

بێتو گەر سەرم لەسەر سەرین بێ
سەری وام ناوێ با بۆ سەربڕین بێ
ئەگەر وشک کا فرمێسکی چاوم
یاخوا ئەو چاوە کوێر و نەبین بێ

(سەرچاوەی ژمارە ٦)

مەحوی دەڵێت:

سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆ چییە!
دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆ چییە!

......

ئەوەیە بێداری.

لە کۆتاییدا، بۆ نزیکخستنەوەی مانای (بێداری) کە پلە و حاڵەتێکی عیرفانی و سۆفیگەرانەیە و، بۆ ئەوەی بچمە سەر زمان و رامانی سەردەم، لێرەدا فەرهەنگی زانست و تەکنەلۆجیای تازە بە قەرز وەردەگرم و ئێژم کە رەنگە بتوانین زانست و هونەری (کەمپیوتەر و ئینتەرنێت) وەکو وێکچوونی زاهیری بێداری، بهێنینەوە. چونکە ئەو داهێنان و دۆزینەوە تازانە هەمیشە ئاگادار و هۆشیارن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) بێداری: بە ئاگا. لە دڵەوە بە ئاگا. دەشبێ ئەم وشانەی لێ دەربکەین: بێداردڵ، یا دڵبێدار. رۆشندڵ، رۆشنبین... ئەگەر دڵ و هۆش بێدار و وشیار بن ئەوە سرووشەکان زووتر و روونتر وەردەگرن.

(٢) فریدریک نیچە: ئەوەیە مرۆڤ، وەرگێڕی بۆ کوردی رێبین رەسول ئیسماعیل، خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، هەولێر، ٢٠٠٩ بۆ رووداني سرووشەکەی نیچە و دابەزینی زەردەشت و ئیلهامدەری کتێبی (زەردەشت، ئاوەهای گوت)، لەم سەرچاوە کەڵکم وەرگرتووە.

(٣) پێوار: غەیب. نادیار.

(٤) نیچە لێرەدا ئیجگار پەسن و ستایشی زەردەشت دەکا و بە مەزنترین عەقڵ و هۆشی مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دەدا.

(٥) ئۆشۆ: نازناوی سۆفیگەری فەیلەسووفی هیندی (راجنیشە). ئۆشۆ بە دوو مانا دێ. یەک: ئۆشۆ بە خۆی گوتوویەتی کە ئەم ناوەی لە رۆمانی (ئەزمووني زەریا)ی ولیەم جیمز وەرگرتووە، کە باس لە ئەزمووني دەریا دەکات. بڕوانە کتێبی (ئۆشۆ، ئاوازی بێدەنگی)، فەردین دارا لە فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەری گێڕاوە، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و پەخشی رێنما، چاپی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨ دوو: واژەی ئۆشۆ بەمانای مرۆڤی پیرۆز کە ئاسمان گوڵی بەسەرا دەبارێنێ. واژەکە سەنسکریتی هیندییە. لە فەرهەنگی زەردەشتیدا واژەی (ئەشۆ) بۆ مرۆڤی موبارەک و پیرۆز هاتووە، کە نزیکە لە مانا هیندییەکەوە. بۆ مانای دووەمی ئۆشۆ: بڕوانە کتێبی: چاودێری و هونەری خۆشی و شادمانی، نووسینی ئۆشۆ، فرامەرز جەواهیری نیا لە ئینگلیزییەوە بۆ زمانی فارسی وەری گێڕاوە، بڵاوکراوەی فیردەوس، چاپخانەی رامین، تاران، ١٣٨٠ی هەتاوی.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو (بە فارسی).

(٧) ئەشۆ: وشەیەکی ئاڤێستاییە، مانای مرۆڤی پیرۆز و راستگۆ و راستکردار دەدات. زەردەشتییان تا ئیمرۆ لەگەڵ ناوی زەردەشت دەیهێننەوە، کە بە پیرۆزی دەزانن. دەڵێن: ئەشۆ زەردەشت.

(٨) کاروان عوسمان عەلی، چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی، پێداچوونەوەی ساڵح هەلاج و ئەحمەد محەمەد قادر، سەنتەری مرواری بۆ گەشەپێدانی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی لە خانەقین/ ٢٠٠٩ز.

(٩) سەرچاوەی پێشوو.

(١٠) ماریفەت: ناسین، معرفە. چاکترە وشەی ماریفەت بەرامبەر بە ناسین بەکاربهێنین، کە سەدان ساڵە کورد زاراوەی ماریفەتۆ شالیارێ (ماریفەتی پیر شالیار) دەزانێ و دەناسێ. وشەی ماریفەت رەگەزێکی کولتووری کوردییە.

(١١) بۆ زانیارییەکان دەربارەی سوهرەوەردی و ئیبنو عەرەبی لە کتێبی عەرەبی سەید حوسێن نەسر (ئیرانی) مامۆستای فەلسەفە بووە بەناوی (سێ دانای موسڵمانان: ئیبنو سینا و، سوهرەوەردی و، ئیبنو عەرەبی، کەڵکم وەرگرتووە. ئەم کتێبە بە ئینگلیزی دانراوە، سەلاح عەسکەری بۆ زمانی عەرەبی وەری گێڕاوە، چاپی یەکەم، دەزگای نەهار بۆ بڵاوکردنەوە، بەیرووت، ١٩٨٦ی ز.

(١٢) چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕانی ئەحمەد شاڵی، سلێمانی، ١٩٩٩

(١٣) کۆنترین رێبازی عیرفانی میسرییە، بۆ (هرمس) یا (ئیدریس پەیامبەر) دەیگەڕێنێتەوە.

(١٤) سەرچاوەی ژمارە (٨).

(١٥) روباعیاتی خەیام، شێخ سەلام کردوویەتی بە کوردی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٨٠ز.

(١٦) بودیدارما: وەرگێڕانی نامدار نادری بۆ فارسی، بڵاوکراوەی بەهجەت، تاران ١٣٨٢ هەتاوی.

(١٧) ئەم بەیتە بە هەڵە هاتووە. یا هەڵەی چاپییە، یا وەرگێڕ بە دروستی روونی نەکردووتەوە. بەلای منەوە دەبێ "پێ نەگەم/... نەک پێ کەنم" کە مانای نییە. دیارە مەبەستی تاهیر ئەوەیە کە ئەگەر بەتۆ رانەگەم ئەوە لە رێبازی تروە دێم کە هەمان شتە.

دەفتەری یەکەم:

# گەر تۆ بێ خەتای ببە بە فریشتە

# گەرتۆ بێ خەتای، ببە بە فریشتە

بابا تایەری هەمەدانی دووربین و رۆشنبین بووە. لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە. لە بیرو هزری فەلسەفیدا لە سەردەمی خۆی پێشکەوتووتر بووە، بە ئەمرۆ گەیشتووە و، بە سبەینێش دەگات.

شاعیرێکی بەرز، وەکو ئەو، دەبێ لە کەش و هەوایەکی پەروەردەیی وەها ژیابێت، کە کولتوورێکی دەوڵەمەند و بەرز لە ئارادا بووبێت!

کەوابێ: بابا تایەر لە چ کانیاوێکی رۆشنبیرییەوە ئاوی خواردۆتەوە؟

کولتوورێکی ئاوەها دەبێ لەوەو پێش هەبووبێت. بە رۆژێک و دوو رۆژ پەیدا نابێت.

وەڵامی ئەو پرسیارە یەکلا نەکراوەتەوە، چونکە بایەخی پێ نەدراوە و، زانایانی کورد کەمتر لەو مەسەلانە ورد بوونەتەوە. د. مارف خەزنەدار نەبێت کە لە بەرگی یەکەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، لایەنێکی گرینگی کولتوورەکەی بابا تایەری دەرخستووە.

سەردەمی باباتایەر بەدوای قۆناغێکی گرینگی کۆمەڵگەی کوردەواریدا دێ، کە ناوی (رابوون و بە هۆشهاتنەوە، یا چاوکرانەوە و... جۆرە راپەڕینێکی رۆحیی کولتووری) لێ دەنێم.

لەو سەردەمەدا میللەتانی (غەیری عەرەب) کە ژێر دەستی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری جیاواز کەوتبوون، بە تایبەتی میللەتی کورد و میللەتی فارس بەخۆیان هاتنەوە و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆیان و زیندووکردنەوەی ئەفسانە و کەلەپووری میللی هەرە کۆنیان، تەنانەت هەندێ داوونەرێتی ئاینیی بەر لە ئیسلامیش.

ئەو بزاڤە رووناکبیرییە بەر لە بابا تایەر دەستی پێ کردبوو.

واتە: سەردەمی بابا تایەر، سەردەمی (یاخیبوون) بووە، سەردەمی گومان و وروژاندنی پرسیار دەربارەی هەموو شتێکی بوون و ژیان و گەردوون و.. بارودۆخی کۆمەڵگە. بابا تایەر لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

من ئەو رەندەم، عوسیانە پیشەم
بە دەستێ جام و بە دەستێ شیشە
گەر تۆ بێ خەتای، ببە بە فریشتە
من لە حەوا و ئادەمە ریشەم

ببینن لەم چوارینەدا چەند نوکتە و تێبینی ورد هاتووە، جارێ مانای هەندێ واژە:

– رەند: مێرخاس، جوامێر، بێ پەروا و بێ باک. (رەند: رند)

– عوسیان: یاخیبوون. واژەکە لە (عصیان)ی عەرەبییەوە هاتووە.

– ریشە: رەگەز و رەچەڵەک.

– شیشە: سیخی کەباب، واتە: بە دەستێ پیاڵەی شەڕاب و بەدەستێ شیشەی گۆشتە.

–خەتا: خەتای دێرینەی ئادەم و حەوا.

مانای چوارینەکە بە گشتی ئەوەیە:

باباتایەر خۆی بە رەندێکی چاونەترس دەزانێت، یاخیبوونی کردووە بە پیشەی خۆی، واتە: هەمیشە یاخی بووە. لە چی؟!

ئەوەتا بە گژ سەردەمی خۆیدا دەچێت و بە جامی مەییەوە رووبەڕووی دەبێتەوە، کە دیارە خەڵکانێک هەبوونە ئەم (پیشە)یان بە (خەتا) زانیوە، هەر بۆیەش وەڵام دەداتەوە:

هەر کەس خۆی بە (بێ خەتا) دەزانێت دەبا بۆ خۆی ببێت بە (فریشتە)، ئەمما ئەو (بابا تایەر) خۆی بە فریشتە نازانێت، بەڵکو لە رەگەزی ئادەم و حەوایە، ئەگەر خەتای هەبووبێت ئەوا لە ئەوانەوە بۆی ماوەتەوە.

لێرەدا ئاماژەیە بۆ قسەیەکی مەسیح (د.خ)، کە وەختێک ژنێکیان هێناوە

بەردبارانی بکەن گوایە خەتای کردووە، مەسیح دەڵێت: راوەستن! هەرکەس (خەتای) نەکردووە، با ئەو بەرد بهاوێژێت.

خەڵک هەموو بێدەنگ دەبن.

کەس بەرد هەڵناگرێت تا لە ژنەکە بگرێت.

دەردەکەوێ هەموو خەتابارن!

بابا تایەریش دەڵێت: تانە و توانج لە من و لە هیچ کەس مەگرن، من بە خۆم دەزانم کە نەوەی ئەو خەتابارانەم کە ئادەم و حەوان، ئێوەش هەروەها.

لەسەرێکی تروە باباتایەر، کە یاخیبوون (عوسیان)ی کردووە بە پیشە، مەبەستی ئاماژەیە بە یاخیبوونی ئیبلیس کە کڕنۆشی بۆ پەیکەری قوڕینی ئادەم نەکرد، هەرچەندە پەروەردگار فەرمانی دابوو بە هەموو فریشتەکانی.

بەڵام ئیبلیس (شەیتان) کە ئەویش فریشتە بوو، رووی لە خواوەند کرد و گوتی:

«من لە ئاگر و رووناکیم، ئادەم لە گڵ و خاک و قوڕە، کڕنۆشی بۆ نابەم...»

بابا تایەر ئامادە نەبووە ملکەچی هیچ دابونەرێت و بۆچوونی سەردەمی خۆی ببێت بەڵکو یاخی بووە. ئەگەر خەڵک بە (خەتا)شی بزانن.

دەڵێت بە رەخنەگران:

بڕۆن، ئێوە (فریشتە) بمێنن.. ئەگەر فریشتەن!

من یاخیبوونم بەسە، و ناترسم ئەگەر بە (خەتابارم) بزانن!

بابا تایەر باکی بە کەس نییە و، داوای هیچ لە کەس ناکات، چونکە خۆشی نازانێت بۆچی بێ قەرار و سەرگەردانە. دەڵێت:

ئەمن نازانم بۆ سەرگەردانم
گەهێ لە گریان گەهـ لە نالانم
هەموو نەخۆشێک، دەرمانی هەیە
نازانم کە من بۆ بێ دەرمانم؟

تێبینی: چوارینەکانی بە سۆرانی لە وەرگێڕانی مامۆستا ئەحمەد دڵزارە.

# ئەم هاتنە لە چی؟ ئەو چوونەوە لە چی؟!

١

چوونەوە، بەرەو کوێ؟

مردن چوونەوەیە بۆ سەرچاوە، وەکو قەترەی ئاوی باران بەرەو دەریاکان دەچێتەوە. (ئێمە لەوێوە هاتووین و بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە).

لە بابەتی پێشوودا گوتم: ئەم دیو و، ئەوێ دیوی پەردەکان، یەکە، ئەوێ لە (چینا)[١] هەیە لە (چانا)[٢] ش هەیە. لێرەو لەوێ هەمان جیهانە.

٢

بابا تایەری هەمەدانی (٣٩٠-٤٥٠ی کۆچی)، کە بەشێوەزاری لوڕی چوارینەی فەلسەفییانەی جوانی داناوەو، دڵزار کردوویەتی بەشێوەزاری سۆرانی، مەوشێ[٣]:

ئەمن ئەو بازە، سپیەم سنگ هەسان
لەوەڕگاهمە، کەلاوەی کەژان
بەهەسان هەموو، تیغێ تیژدەکەن
ئەو تیغەم کە خوا، کردی بە هەسان

واتە: خۆی بە (بازی سپی) دادەنێ، کە هێمایەکی کولتووری زەردەشتییە. ئەمجا خۆی بە (هەسان) و (تیغ)یش دادەنێ.. هەسانەکەش هەمان تیغەکەیە. بابا تایەر، لە چرکەساتێکدا دەبێ بە هەسانی تیغ تیژکەر، و دەبێ بەتیغ و بازی سپی وەکو بڵێی، ئەو پێمان دەسەلمێنێ کە گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، یاسای هەمیشەیی گەردوونە. هەموو شتێک زووگوزەرو کاتییە.

هەر ئەو دبێژێ:

هەلاڵەی کۆهساران هەفتەیەکە[٤]
وەنەوشەی جۆکەناران هەفتەیەکە
کە جارچی شار بەشار بانگ ڕادەهێڵی
وەفایی گوڵعوزاران هەفتەیەکە

٣

بابا تایەر (باوە تایەر)(٥) بەر لە زۆربەی شاعیرو فەیلەسووفان بەڕووی گەردووندا یاخی بووە و، بە هۆشیاری گەش و گیانی رەندییەوە لە جیهانی روانیوە. دەڵێت:

من ئەو رەندەم کەوا ناومە قەڵەندەر
نە خانم هەس، نە مانم هەس، نە لەنگەر
کە رۆژ داهات لە دنیادا دەخۆم خول (واتە: دەگەڕێم)
کە شەو داهات بەسەر خشتێ دەکەم سەر

لە دنیابینیی باوە تایەردا، بێداری و خەو، دوو ڕووی یەک راستین.

ئەو خۆی لە ژیان و بوونیش رەهاو ئازاد کردووە، بێ پەروا و بێ باک و چاونەترسە، تەنانەت روو لە دنیا دەکات و فریاد دەکێشێت:

ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون
دەپرسم لێی کەوا ئەم چونە ئەوچون
یەکێ پێت داوە سەد جۆر ناز و نیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەی خوون!

وەختانێکیش ئەو، دەگەڕێتەوە دۆخی (بازی سپی)، خۆی ئازادو رەها دەبینێت:

ئەمن ئەو سپییە بازەم هەمەدانی
کە هێلانەم لە کێوە لە نیهانی

بەباڵی خـۆم ئیـدی دەفـڕم کـەژاوکـەژ
بەچنگی خـۆم دەکـەم نێـچـیـرەوانی

٤

گـــەڕانـەوەی بابا تایـەر بۆ دۆخ و قـــاڵبی بـازی ســـپی وەبیـــرهێنانـەوەی کولتووری کۆنی کوردی زەردەشتییە کە لەم چوارینەیەدا ئاشکراتر دەدوێت: (لێرەدا من بۆ سۆرانی وەرمگێڕاوە ئەویش بەشێوەی پەخشان):

من ئەو دەریایەم کە لە پیاڵەیەکدا هاتووم
من ئەو نوقتەیەم کە لەسەر پیت دانراوم
لە هەر هەزار ساڵ (ئەلف قەدێک) دەردەکەوێ
من ئەو ئەلف ئەندامەم کە لە (هەزارەدا) هاتوومەتە جیهانەوە.

لێرەدا، ئەز شیـعرەکـەم بەشێـوەی پەخشـان هێنایەوە، چونکە مـەبەسـتم ناوەرۆکی چوارینەکەیە، کە ئاماژەیە بۆ پێشبینیی زەردەشت کە دوای خۆی لە سێ هەزار ساڵدا، هەر هەزارەیەک (ئەلف قەد)ێک، واتە: مرۆڤێکی باڵاڕاست وەکو پیتی (ئەلف) دێتە دونیاوە، کە لە رەگەز و پشتی زەردەشتە. لێرەدا بابا تایەر دەڵێت: دۆستان! ببینن کە (من هەمان دەریام کە لە پیاڵەدام) واتە ئەو هەمان ئاوە، هەمان رەگەزە، هەمان شتە، بەڵام قاڵبەکەی گۆڕاوە. (چانا) ئاو بووە لە دەریادا. (چینا) ئاوە لە ناو پیاڵەیەکدا. قـاڵبـەکـان دەگـۆڕێن بەڵام ئاوەکە هەر ئاوە... هیمای رۆحە. هەروەها دەفـەرمێ کـە ئەو، ئەو مـرۆڤـە چاوەڕوانکراوەیە کە لەسەر هەزارەدا پەیدا بووە. واتە لە نەوەی زەردەشتـە، جا چ نەوەی مەعنەوی بێ یا نەوەی ماددی بایولۆجی! رەنگە مـەبەسـتیـشی مەعنەوییەکە بووبێت.

ئەوەی کە سەرنجی راکێشام لە وەرگێڕانەکەی دڵزارو هەندێ وەرگێڕاوی تر (مامۆستا بۆرەکەیی نەبێ) ئەم چوارینەم بەرچاو نەکەوتووە نازانم بۆچی پشت گوێیان خستووە، لە کاتێکدا، بەلای منەوە، ئەم چوارینەیە کلیلی شیعرو فەلسەفەی بابا تایەرە.

پەراوێزەکان:

١- چینا (بەشێوەی کۆنی گۆران) واتە: لێرە

٢- چانا (بەهەمان شێوە): لەوێ.

٣- مەوشی (بەشێوەی لوڕی): دەڵێت بەشێوەی گۆرانی ماچۆ: مەواچۆ. بەلوڕی و کەلهوڕی: مەوشم: دەڵێم مەوشی: دەڵێت.

٤- نازانم بۆچی مامۆستا دڵزار لە جیاتی (هەفتە) نووسیویەتی (حەفتە)، لەکاتێکدا لەشێوەی کۆنی گۆران/ هەورامانی هەمیشە (هەفتە) هاتووە: هەفت، هەفتە، هەفتەوانە، هەفتەن. بێگومان لە فارسیشدا (هەفت) بەکاردێن. ئەو وێکچوونەی شێوە زاری گۆران و فارسی بەڵگەی راستییەکی مێژوویی روونە، کە زمانی کوردی و فارسی دوو لقی درەختێکی دێرینی زمانن.

(٥) باوە تایەر: واژەی (بابا) لە کوردی کۆندا هەمان واژەی (باوە) بووە، کە ناونیشانی گەورەیی مرۆڤێکە، هەروەها پلەیەکی بەرزی ئاینی بووە، هەر لەبەر ئەوەش بە باپیرە دەڵێن (بابا) ئێستاش لە دەیان شوێنی کوردستاندا نەزرگەو مەزارگەی جۆربەجۆر هەیە بەناوی (باوە) لە شاری دەرسیمیش بنەماڵەی (بابە/بابا/باوە) هەیە پێیان دەڵێن: (بەبەلەر) کە شێوەی زمانی تورکی وەرگرتووە، بەڵام لە گەوهەردا باباکانی دەرسیم لە هەمان رەچەڵەکی باوەکانی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستانن. لە شاری دەرسیم چەمێک هەیە بەناوی چەمی مەنزورو زیارەتگایەکیش هەیە بەناوی (مەنزور بابا) کە بە مانای... (چەمی مەنزوور باوە مەنزوور)ە، هەمووساڵێک سەری لێ دەدەن و ئاهەنگ و جەژن و قوربانیی پێشکەش دەکەن.

(بابا گوڕ گوڕ)یش لە هەمان ریشەوە هاتووە، هەربۆیەش زیارەتگایە واتە: واژەی (بابا گوڕگوڕ) کە کوردییەکی رەسەنی هەرە کۆنە نیشانەی کولتووریی کوردبوونی کەرکووکە. دەرکەوتووە کە (بابا گوڕ گوڕ) نازناوی پیاوچاکێکی کوردی پەیڕەوی رێبازی بەکتاشییە، کە روویەکی تری رێبازی یارستانە. باسی (بابا گوڕ گوڕ) لە کتێبێکی مێژوویی گرینگی د. عیماد عبدالسلام هاتووە، کە ئێستا بەزمانی عەرەبی لە ژێر چاپدایە.

ئەگەر زیاتریش بەشوێنیا بچین ئەوا رەنگە ناوی (بابا/ پاپا)ی فاتیکانی

مەسیحی لە هەمان ریشەی کۆنی کوردییەوە هاتبێ. چونکە بابای مەسیحیش بە مانای پلەی مەزنی ئاینی هاتووە وەکو (بابا) لە کولتووری کوردیدا وشەی (پیریش) رەنگە لە فەڕەنسی و ئینگلیزی کرابێت بە (بیر) کە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکاو فەڕەنسایە.

# ڕەنگی دڵ

١

جیهانبینی باباتایەری هەمەدانی لە هزر و فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، بەر لە هەزار ساڵ ئەو دید و بۆچوونانەی دەربڕیوە، لێ نازانین بەر لە ئەو کێی تر بەو شێوەیە بیری کردووەتەوە.

ئەوەی کە روون و دیارە مۆرکی (دڵپەروەری) و سۆفیگەریی پاک و قووڵی، پێوەی دیارە.

کێن ئەو مامۆستا و قوتابخانە، یا ئەو سەرچاوانەی، کە باباتەیەر لە بەردەستیان فێربووە؟

وەڵامی ئەوەیان دیار نییە، مەگەر بە گریمانە بۆی بچین کە بەر لە باباتایەر گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و پڕشنگداری کولتووری کوردی هەبووە، ئەمیش هاتووە بە چاوی دڵ خوێندوویەتیەوە و بەو پلە بەرزەی رۆشنبینی گەیشتووە.

لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەم  بە یەک دوو چوارینەی شاعیر کرد، کە دەری دەخات باباتایەر خۆی لە کەلەپووری فەرهەنگی زەردەشت نزیک دەزانێت، ئەمەیان رەنگە سەرچاوەیەکی سەرەکی بووبێت.

سۆفیگەرییەکەی، وا پێ دەچێت، لە زەردەشتییەوە هاتووە، چونکە قوتابخانەی سۆفیگەری و دڵپەروەریی ئاینی زەردەشت، وەکو لە پەڕاوی ئاوێستا دیارە، کۆن و دەوڵەمەندە، بە پلەی فەلسەفەی سۆفیگەرانەی براهمایی (هیندۆس)ی دەگات، کە چەند سەدە دواتر ئاینی بۆدایی لێ جیابووەوە.

دەزانم کە ئەم بابەتە، بە ئاسانی، بە وتارێکی کورت، ساغ ناکرێتەوە، بەڵام خوێنەر و مامۆستا و رووناکبیران دەبێ راستییەکی مێژوویی بزانن، کە

پەڕاوی (ئـاوێسـتـا)ی زەردەشـتی و پەڕاوی (ڕێگ ڤـیـدا)ی هیندۆس لـە یەک سـەدە و یەک سـەردەمـدا پەیدابوونە (٦-٧ سـەدە پ.ز)، کـە هـەردووکـیـان بە کۆنترین پەڕاوی ئاینی و فەلسەفی دەناسرێن.

(ڕێگ ڤیدا) واتای (دەفتەری دانایی و حیکمەت) دەدات، کە نزیکە لە مانای ئاویستاوە، دەگـەڕێمـەوە سـەر ناوونیـشـانی ئەم وتارە، کـە چوارینـەیەکی باباتـایەر دێنمـەوە بە هەر دوو شـێـوەزار: شـێـوەزاری خـۆی و شـێـوەزاری سۆرانی کە لە لایەنی دڵزاری شاعیرەوە وەرگێڕدراوە.

جـارێ با بڵـێین کـە شـێـوەزاری باباتایـەر کۆنـتـرین شـێـوەزاری تێکەڵاوی کوردی و پالەوی (پەهلەوی)یە، تا ئەو وەختـە (واتە هـەزار سـاڵ پێش) خـەڵکی کورد و خـەڵکی فـارس لەو شێـوە لێکدراوە تێ دەگەیشتن، ئەوەش بەو مـانایەیە کە سـەدان سـاڵ بـەر لە باباتایەر هەردوو زمـانـی کوردی و فـارسی وردە وردە لێک جـیـا دەبوونەوە، کـە یەک درەخـتی زمـانەوانیـیـان هـەبووە، وەخـتـێک بە زەمـانی باباتایەر گـەیشـتووە ئیتر شێوەزاری لوڕی کوردی بە ئاشکرا خـۆی داسـەپاندووە، ئا ئەم تێکەڵاوبوونی کـوردی و فـارسیـیـەیە، کە هـەندێ زانای ئێـرانـی شـیـعـری باباتایـەریان بە ئەدەبیـاتی فـارسی لە قـەڵـەم داوە. هەندێ نووسەری کوردیش بە ئەدەبی کوردیی نازانن!

ئێستاش ئەم چوارینەیە بە شێوەزاری ئەسڵیی خودی باباتایەر:

مـەگـەر شـێـر و پڵـنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ
بەمـو دایم بـە جـەنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ
ئەگـەر دەسـتم رەسـەد خـونت بڕیجـەم
بـوینـم تـا چ رەنـگـی ئـەی دڵ، ئـەی دڵ

واتەی چەند وشەی ئەم بەیتانە:

-بەمو: بە من، لەگەڵی
- رەسەد: برەسەد (فارسییە).
-بڕیجەم: بڕێژم (فارسی دەڵێ: بڕیزەم)

–بوینم: ببینم (ئێستاش لورِ و فەیلی وەها دبێژن، یا دەڵێن: بوینەم).
چوارینەکە بە شێوەزاری سۆرانی (دڵزار):

مـەگـەر شـێر و پڵنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ
لەگـەڵ مندا لە جـەنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ
ئەگــەر دەســـتم بگات خـــوێنت دەرِێژم
ببـــینم تا چ رەنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ

لێرەدا مەبەستی باباتایەر گەیشتنە بە قووڵایی حەقیقەت، دەیەوێ بزانێت سەرچاوەی بیر و رامان و دنیا بینینی لە چ رەنگێکە و لە کوێوە دێ.
لە چوارینەیەکی تردا، دیسان باباتایەر بە شێوەزاری کۆنی خۆی:

خـــودایە، داد ئەزین دڵ، داد ئەزین دڵ
کە یەک دەم مو نەگەشتەم شاد، ئەی دڵ
چوفـــەردا دادخـــواهن، داد خـــواهەند
بگۆیەم ســـــەد هەزاران داد، ئەی دڵ

واتەی چەند وشە:
– ئەزین: ئەز ئین: لەم، لە ئەمە.
– مو: من.
– نەگەشتەم، نەبووم
– فەردا: سبەینێ.
– داخواهن: دادخوازان، خاوەن هەقەکان
– بگۆیەم: بڵێم، ببێژم.
– داد: هەمان فریاد و دادی سۆرانییە.
چوارینەکەی دڵزار دەڵێت:

خـــــودایە، داد لە دەس دڵ، داد لە دەس دڵ
کـــەوا یەک دەم نەبووم مـن شـــاد لە دەس دڵ

بـەیانـی دادخـــــوازان داد ئـەخـــــوازن

دبێـــــژم ســــــەد هـەزاران داد لـە دەس دڵ

دیارە باباتایەر، وەکو چەمکی زەردەشتی دەربارەی خەتاو گوناه، تەنانەت بیر و خەیاڵ بۆچوونیش ئەگەر خراپ بێت، بە خەتا دەزانێت هەر بۆیەش دەترسێت دادخوازان بێن داوای هەقی خۆیان بکەنەوە بەرامبەر ستەمی (بیری خراپ) و (لێکدانەوەی خراپی دەروونی). زەردەشت یەکەم ڕێنومایی ئەوەیە: (بیری چاک) ئینجا (وتەی چاک) و (کرداری چاک) باباتایەر گلەوگازندەی تەنیا لە دڵ و بیری خۆیەتی، (ئەدونیس)ی ڕووناکبیری عەلەوی سووری، کە لە مەغزای ئاینی باباتایەرەوە نزیکە دەڵێت: (ڕووناکبیری گەورە ئەو کەسەیە کە ڕەخنە لە کەس نەگرێت، تەنیا لە خۆی نەبێت..)

٢

باباتایەر، لە جیاتی ڕۆشنایی چاو ڕۆشنبینی دڵی دەوێ، دەڵێ ئەگەر ئادەمیزاد لە هەستی ماددی (دنیایی) ڕزگاری ببێت، ئیتر تەنیا بە چاوی دڵ دەبینێت.

چوارینەیەکی تر بە شێوەزاری باباتایەر (لوڕی کوردی) دبێژێت:

ز دەسـتی دیدە و دڵ هەردوو فـریاد

هەر ئان چە دیدە بینەد دڵ کونەد یاد

بسازەم خەنجەری تیشەش ز پولاد

زەنەم بەر دیدە تا دڵ گەردەد ئازاد

مانای چەند وشە:

ز دەستی: لە دەستی

دیدە: چاو

ئان: وەخت، کات

بینەد: ببینێ

کونەد: بکات

بسازەم: دروست بکەم، بڕوانە وشەی: پیشەسازی

تیشەش: دەمی نوکی (دەمی چەقۆ، خەنجەر...)

زەنەم: لێبدەم

گەردەد: ببێ

بۆ ئاگاداری، زۆربەی وشە فارسییەکانیش بە هەمان بێژە و مانا، ئێستاش لە ناو زار و ئاخاوتنی لوڕ و فەیلی و کەلهوڕ باون و بەکاردێن.

ئێستاش چوارینەکەی دڵزار:

لە دەس چاو و لەدەس دڵ هەردوو فریاد
کە چاو هەرچی ببینێ دڵ دەکا یاد
دەکەم من خەنجەرێ نووکی لە پۆڵاد
ئیتر دەیدەم لە چاو تا دڵ بێ ئازاد

باباتایەر، لە نێوان ململانێی هەست و ئارەزووی دەرەوەی دنیایی لە سەرێک و، ئازادی و رۆشنبینی دەروونی دڵ لە سەرێکی ترەوە، دێت رۆشنبینی دەروونی هەڵدەبژێرێت، کە ئامانجی هەر دڵپەروەری و سۆفیگەری و، گەیشتن بە پلەی دانایی ژیر و تیژ هۆش بووە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ململانێ توندە دەبینین. (بودا) شازادە بوو، زۆر دەوڵەمەند و هەموو خۆشییەکانی دنیای لەبەردەست بوو، شەوێکیان، لە پڕدا ماڵ و سامان و خێزانە جوانەکەی و تەختی پاشایەتی بەجێ دەهێڵێت، روو دەکاتە دەشت و دارستان و شارو دێهاتەکان، بە شوێن (رەهایی، رزگاری دەروونی و رۆشنبینی دڵدا) دەگەڕێت. هەرچی دەکات نایدۆزێتەوە، ئۆقرە ناگرێت، چونکە هێشتا دیلی هەستەوەرەکانیەتی، تا رۆژێکیان چاوی بە دار هەنجیرێک دەکەوێ، بڕیار دەدات لە ژێر درەختەکە دابنیشێت و هەڵنەستێت تا بە ئاگایی و رۆشنایی دڵ و دەروون دەگات. ئەوە بوو دوای ماوەیەک بەو شێوەیە، بێدەنگ دادەنیشێت بەقووڵی ڕادەمێنێت، تا بە رەهایی و رزگاری هەتاهەتایی دەگات، یا بە قسەی خۆی، بە (نیرڤانا) دەگات و، دەبینێت کە راستییەکە لە لای

خودی خۆیەتی، ئەویش ئازادبوونە لە رەنج (دەرد و ئازار).. کە لە فەلسەفەی بوودادا، ئەو رەنجە لە زنجیرەی سووڕانی چەرخی مردن و ژیانەوەدا دێ. واتە؛ بۆ ڕزگاری هەتا هەتایی دەبێت ئیدی نەگەڕێتەوە، هەر وەکو بڵێی بوداش خەنجەری لە چاو و دیدی دنیایی خۆی دابێت تا دیدی دەروونی بۆ بکرێتەوە.

بودا بەر لە باباتایەر هاتووە. لێ گەوهەری فەلسەفەی بودایی لە کولتووری زەردەشتی و شیعری خانی و مەلای جزیری و شاعیرانی کلاسیکیی کوردەوە دوور نییە. یا دروستترە بڵێین کە شیعری کلاسیکی کوردی لە بودایی و زەردەشتییەوە دوور نییە.

خودی وشەی (بودا) بە مانای بێدار بوو و بەئاگاهاتنەوەو رابوونی دەروونی (رۆشنبوونەوە)یە.

باباتایەر لە چوارینەیەکی تردا، بە شێوازی خۆی دەڵێت:

دڵی دیرەم فریداری محبەت
کیز ئو گەر مەست بازاڕی محبەت
لیباسێ یافتەم بەر قامەتی دڵ
ز پودی محنەت و تاری محبەت

– کیز ئو: ک ز ئو: کە لە ئەو

دڵزار بەم شێوەیە دەیڵێت:

دڵێکم هەس کریداری موحبەت
لە لایا گەرمە بازاڕی موحبەت
کراسێکم بە بالآیا بڕیوە
لە پۆیی مەینەت و تاری موحبەت

ئاماژەی باباتایەر بۆ ئاینی میهرەبانی (موحبەتە)، کە بەر لە زەردەشتیش هەبووە و بە ئاینی (میترایی) ناسراو بووە، دواجار بووە بە ڕێبازی زەردەشتی.

هەمان رچکەی هزر و فەلسەفەی میهرەبانی هاتووەتە ناو ئاینی بودایی و

مەسیحییەت و ڕێبازی ئیبنو عەرەبی سۆفیگەری گەورەی سەردەمی خۆی و..

ئێستاش، بە شێوەیەک لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا، خۆی دەنوێنێت.

بناغە و گەوهەری ئەو جاڕنامەیە و یەکەم ماددەی: ڕێزنان لە مافی ژیانە، ماددەکانی تریش لەسەر ئەوەن کە مرۆڤگەل دەبێ بە میهرەبانی و محبەت لەگەڵ یەکدی ڕەفتار بکەن، کەس مافی ئەوی تر پێشێل نەکات.

بە پێی زنجیرەی مێژوو، ئاینی میهرەبانی (میترایی)[1] کۆنترین باوەڕی خواپەرستی و مرۆڤدۆستییە.

لەم چوارینەیەدا (بەشێوەزاری دڵزار) بابەتایەر دەبێژێت:

بە خەنجەر گەر دەرێنن دیدەکانم
بە ئاگر گەر بسووتێنن سوقانم
ئەگەر نەی ئاژنیش کەن ناخوونانم
نکوڵ ناکەم لە یاری میهرەبانم

لێرەدا.. (یاری میهرەبان) دوو مانای هەیە، یەک: هەر یارێکە، دوو: یاری میهرەبانییە کە ئاماژە بۆ ئاینی میهرە، (یار)، هەروەها، لە شێوەزاری گۆرانی هەرەکۆن مانای (خوا) دەدات.

باباتایەر پەیڕەوی ئاینی (یار) بووە، لە سەردەمی ئەو (بەر لە هەزار ساڵ) پەیڕەوانی یار و یارستان تووشی گرتن و ئەشکەنجەی دڕندانە بوونە و، ئەو شێوە ئازار و ئەشکەنجانە دەرهەقیان بەکارهاتووە.

کەواتە، چەند بە ناخی شیعر و هزری باباتایەردا قووڵ ببینەوە، مانا و هێما و ئاماژەی زیاتر و وردترمان بۆ دەردەکەوێت.

دەبێ چەندین جاری تر بگەڕێمەوە سەر چوارینەکانی تا لێی تێبگەم، بەڵام بە ئاسانی پێی ناگەم.

پەراوێز:

(١) میترا، بەپێی بۆچوونی مێژوویی و شوێنەوارناسی لە ناوچەی ئێستای کرماشانەوە پەیدابووەو، بەرۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەردەمی خۆیدا بڵاوبووەتەوە.

# ئەگەر تۆ دەرم بکەی ڕوو لە کێ بکەم؟

١

شیعری باباتاهیری هەمەدانی بەسەرەتای ئەدەبیاتی نووسراوی کورد دەژمێردرێ، کە بۆ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

د. مارف خەزنەدار هەقی خۆی پێ داوەو بەشێکی کتێبی بەنرخی مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی یەکەمی) بۆ ئەو شاعیرە بەرزە تەرخان کردووە. باباتاهیر ساڵی ٩٣٧ز لە دایک بووە و ساڵی ١٠١٠ز لە هەمەدان چاوی لێکناوەو، ئارامگاکەی قیبلەی عاشقانی شیعرو فەلسەفەو هزری ناسکی ئەون.

٢

مامۆستا فەهمی کاکەیی لە وڵاتی سویدەوە نامەی بۆ ناردبووم تا ساڵی ٢٠١٠ یادی باباتاهیر بکەینەوە کە دەبێتە هەزارەی کۆچکردنی، بەڵام لەجیاتی کۆچکردن ناوی دەنێین هەزارەی ئەدەبیاتی کورد.

ئەویش لەگەڵیا کۆکم و، باشترە سەرەتای ٢٠١٠ ئەو یادە بە شکۆداریی شایستە بکەینەوەو بیرمەندو شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردی کۆبکەینەوە تا لە گردبوونەوەیەکی شیاودا یادی شاعیر رابگرین و چەندین تیپی موزیکی میللی و کلاسیکی رەسەنی لوڕستان و کرماشان و هەورامان و جزیرە و هەرێمەکانی تر بانگ بکەین.

پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار(٢) لە سەرچاوەی ناوبراودا دەنووسێت:

«سەر دەستەی شاعیرانی کورد باباتاهیری هەمەدانی لەگەڵ نموونەی داهێنانی بەرز دوو بەیتەکانی لاپەڕەی زێڕینیان لە مێژووی ئەدەبی کوردی

کلاسیکیدا بۆ خۆیان تەرخان کردووە. باباتاهیر بەکوردی ژیاوەو بە کوردی بیری کردووەتەوە، باوەڕی بە ئاینی (یارسان) بووە، زمانی کوردی زمانی لاهووتی و پیرۆزی ئەو ئاینە بووە، سرووده‌کانی باباتاهیر بە شێوە و رووخسار بە زمانی کوردین، بەڵام بە ناوەڕۆک رەنگدانەوەی هەست و نەستی هەموو مرۆڤایەتین و لە قالبی سۆفیزمی کۆزمۆسیدا خۆیان دەنوێنن».

ئەمەش دوو بەیتەیەک بەزاری باباتاهیر:

خـوداوەندا کـە بووشم باکـە بووشم
مـوژە بەو ئەشکی خوونین تاکە بووشم
هەمـە کـە ز دەر برانون سـووتە ئایەم
تو کـەم ئەز دەربرانی واکـە بووشم(۳)

د. خەزنەدار بەم شێوەیە ، بەزاری سۆرانی ، وەری دەگێڕێت:

(ئەی خـودا من کـێم ؟ لەگـەڵ کـێم ؟
تاکەی مـوژەم پڕ ئەشکی خـوێنین بێ
کـە من دەردەکـەن، روو لە تۆ دەکـەم
ئەگەر تۆ دەرم بکەی روو لە کێ دەکەم؟

٤

ئێستا لێرەدا دوو بەیتەکەی سەرەوەی باباتاهیر، بەشێوەیەکی کراوەتر، شێوەزاری خۆی، بە شیکارییەکی سادە، تا دەربکەوێ شێوەزاریی لوڕیی باباتاهیر چەند نزیکە لە کوردیی ئەمڕۆی کەلهوڕی و گۆران و سۆرانی:

١- خواوەندا، بەخۆم بڵێم کێم، بەخۆم بڵێم لەگەڵ کێم؟

- بووشم: بڵێم مەبەستی ئەوەی ناوی خۆشی نازانێ، بەواتایەکی تر دەڵێ:

کێ بڵێم بەخۆم ؟ یا بڵێم من کێم ؟

٢- باکە = با : لەگەڵ ، کە : کێ .

٣- مووژە: برژانگی چاو ، مژگان .

٤- ئەشک: فرمێسک .

٥- هەمە: هەموو

٦- ز: ژ ، لە ... ز ئەو : لە ئەو

٧- کە ز(دەر) = کە لە (دەرگە) برانون ، برِان = دەرپەڕێنن.

٨- سوو: لا ، لایەن ، بەرەولا .

٩- ئایەم = دێم ، لە هەندێ شێوەزاری هەورامانی و ماچۆ ئێستاش دەڵێن:
ئامایە : هاتن ، ئامایمی : هاتین . مەیۆم : دێم ، ئامام : هاتم .

١٠- واکە : بەرەو کوێ ، وا : بەرەو . بەزاری ماچۆ : وەرەو.

لەگەڵ داوای لێبوورن لە مامۆستا د. مارف خەزنەدار ، لەم شیکردنەوە سادەی ماناکاندا ویستم دەوڵەمەندی و رەسەنایەتی زمانی باباتاهیر پێشان بدەم کە لەڕەگ و ریشەوە کوردییە هەروەکو مامۆستا دەڵێت.

.......................................................

(١) و (٢) چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ٢٠٠١

(٣) - ل ٢٢٠ ، هەمان سەرچاوە.

# ١+١= ؟ "نازانم"

١

رەنگە قوتابییەکی سەرەتایی، گورج وەڵام بداتەوە کە ١+١=٢ خۆمان وامان فێرکردوون. بە بێ بیرکردنەوە، وەڵام دەدەنەوە.

- کام (١) + کام (١) ؟

- چ (١) + چ (١) یەک = ٢ ؟

رەنگە درەختێک و درەختێکی تر ببن بە (٢) درەخت، بەڵام ئایا هەردووکیان بە دروستی وەکو یەکن؟ هەمان لق و پۆپ و هەمان ژمارە گەڵاو هەمان ریشەو هەمان لانەی تەیرو تواریان بەسەرەوەیە؟

زۆر زەحمەتە، بەڵکو ئەبەد ناتوانین دوو درەختی یەک جۆر ( هەنار، هەرمێ، هەنجیر، کالپتۆس. چنار، و هیتر) بە تەواوەتی وەکو یەک ببینین.

روانگەی جیهانبینی زانستیی نوێ وەها دەڵێت: کە قەت دوو شت نابینین لە یەک بچن... نە دوو ئادەمیزاد، نە دوو درەخت، نە دوو رۆژ، نە دوو کاتژمێر، نە دوو پاساری، نە دوو ئەسپ... هتد لەوەش بەولاوە، دەبینین کە لێکدانەوەی وەڵامی پرسیارێکی تر، هێشتا ئاڵۆزترە.

بۆ نموونە: ئەگەر بپرسین:

١ هەنار +١ هەنجیر = ؟

ئەگەر بڵێین دوو، ئەوا پرسیارێکی تر دێتە پێش، کە:

١ هەنار + ١ هەنجیر = ٢ چی ؟ دوو هەنارە ، دوو هەنجیر ، نە دوو شتی وەک یەکە.

- هەروەکو ئەوەی بپرسین:

١ ئەسپ + ١ گوڵ = ؟

کەواتە ١ + ١ لە هیچ حاڵەتێکدا نابن بە (٢) ... بەڵکو دەبن بە شتێکی تر... کە لە واقیعدا چەندین شتە، ئێمە لە زەیندا بە دووی دەزانین.

یەک تەنیا ژمارەیەکی رووتە، ئەگەر هەموو ژمارەکان بە رووتی وەربگرین، خۆ وەڵام ئاسانە:

١ + ١ = ٢

– بەڵام لە واقیعی گەردوون و ژیاندا هیچ ژمارەیەکی رووت نییە، بەڵکو هەر شتێک شێوەو سیماو ناوەڕۆکی خۆی، ئامانج و رێڕەوی خۆی هەیە، تەمەن و خودی خۆی هەیە....

هەربۆیەش دوو شت نییە، یەک ئامانج ، یەک سەرەنجام بن، کەواتە: ئەو جۆرە لێکدانەوەی ئەو وتارەمان، بە چیمان دەگەینێت؟ مەگەر نامانگەینێت بە تێکدان و شکانی لوجیک (مەنتیق)ی بیرکردنەوەمان... کە هەزاران ساڵە، تا ئێستا بە (دڵنیاییەوە) پشتمان پێ بەستووە و، دڵمان پێ خۆشە؟!

پرسیارەکان بە لێواری (گومان) و سەرگێژی دەمگەیەنێت... نەخاسمە لە کاتێکدا دەبینم کە جیهانێکی وەها ناهەموار نارێکوپێک و وێکنەچوو، جیهانێکی پڕ لە ئاژاوەو لە گێرە شێوێنی و نایەکسانی ، چۆن توانیویەتی لە سیستەمێکی بە دیسپلین و ، بەپێی یاسای فیزیکی توکمەو سفت ، رێڕەوی خۆی ببڕێت؟

ئایا لەم (گومانەوە) بە تیۆری گێرەشێوێنیی و ئاژاوە گێڕی ناگەین؟ ئەم تیۆرە زانستییە لە لایەنی زانای ئەمەریکی ئیدوارد لورێنزەوە (١٩١٧–٢٠٠٨) دانراوەو کاریگەریی زیادی بەسەر زانستەکانەوە هەبووە ئەم زانایە دوو تیوریی داناوە.

یەک : تیۆریی (گێرەشێوێنی) و ئاژاوەگێڕی شتەکان و پرۆسەکانی سەرانسەری گەردوون

دوو: تیۆریی (شوێنەواری پەپوولە). لەمی دووەمدا دەڵێت:

باڵ بەیەکادانی پەپوولەیەک لەو سەری هەسارەی زەوی، رەنگە ببێت بە گەرداوێکی وێرانکەر لەو سەری زەویدا. نموونەیەکی گێڕاوەتەوە، دەڵێت: کە پەپوولەیەک لە بەرازیل باڵ بەیەکا بدا. رەنگە هەوا ببزوێنێ و لە ئاکامدا، بزاڤەکە ببێ بە گەردەلوول لە تکساس. شیکردنەوەی تیۆری شوێنەواری پەپوولە، لە رووی فیزیکەوە، زەحمەت نییە، کە هەموو کردەوەیەک لە جیهاندا دەرئەنجامی کار و کاردانەوەیە، جا رەنگە کردارێکی زۆر بچووک وردە وردە، کاردانەوە دوای کاردانەوە، ببێ بە رووداوێکی زۆر گەورە، جیاواز لە یەکەمین کردار، وەکو ئەو تۆپەڵە بچووکە بەفرەی لە لووتکە چیایەکی پڕ لە بەفر لێژی بکەیتەوە، وردە وردە گەورە و گەورەتری لێ دێ تا لە قەد پاڵی خوارەوەی چیاکە دەبێ بە هەرەسێکی مەزن، هەزاران درەخت و بەردو رێگاو خانووبەرەو، گیانلەبەر بە ئادەمیزادیشەوە، لەگەڵ خۆی لوول دەدات.

کەواتە یەک تۆپەڵە بەفرو یەک تۆپەڵەی تر نابن بە دوو تۆپەڵە. چونکە رەنگە یەکێکیان لە جێگەی رادەوەستێتەوە و زیاد ناڕواو دەتوێتەوە، لێ ئەوی تر رەنگە ببێ بەو هەرەسە تۆقێنەرە، لەچیاکان گوێم لە هاژەو گرمەی مەزنی هەرەسهێنان بووە، وەکو بڵێی بۆمبێکی ئەتۆمییە.

مرۆڤ، ئەگەر هەموو زانیارییەکانی بهاوێژێ و بە مێشکی کراوە تێبگات کە ١+١=؟ نازانم، ئەوا لە زانین و تێگەیشتن نزیک دەبێتەوە.

٢

کە دبێژم: نازانم، واتە: ئەوەتا هەوڵ دەدەم بزانم

لۆژیکی زانستیی ئێستامان ئەوەیە کە هیچ شتێک بەدروستی نازانین هەربۆیەش دەبێ وریای ئاخاوتن ببین و هەمیشە (ئەگەر) و (ئامرازی ئەگەر) بخەینە ناو دەربڕین: وەکو: «لەوەیە، رەنگە، دوور نییە، ئەگەر وەهابێ.. گریمان، بابزانین، بابیبنم..» تازە، فیزیا زانان دبێژن کە گەردوون گردو خڕیی نییە، بگرە راستەواییە، وەکو دەشتێکی پان و بەرینی بێ سنوورە، نازانرێ ئەم سەرو ئەو سەری لەکوێیە.

واتە: ئەگەر هەسارەکان خڕو گردبن، لێ گەردوون بەگشتی وەهانییە. (١)

وەختانێکیش لۆژیکی (١+١=٢) کەوتە ژێر گومانەوەو، بیرۆکەی (١+٢=؟ نازانم) جێگەی گرتەوە، ئەوا سەرتاپای جیهان، لە زەیندا، پڕ دەبێت لە ملیۆنان پڕۆسە و کرداری (گێرە شێوین).

لەم بوارەشدا.. فیزیا زانان دەڵێن کە گەردوون لەسەر یاسای ئاژاوە گێڕی دروست بووە، ئەوە بەو مانایە نییە کە تەنیا ئاژاوەگێڕی هەیە و هیچی تر. بەڵکو یاسا هەیە، یاسایەکی نادیار، کە ئەو هەموو شتە گێرە شێوێنانە لە سیستەمێکدا ڕێک دەخات.

واتە: لەو کاتەی دەڵێن یاسایەک بۆ جموجۆڵی هەموو شتەکان دیار نییە، دەبینین.. نەخێرا یاسای گشتی هەیە، هێشتا نەدۆزراوەتەوە.

لەم گەردوونەدا، کە گوایە پڕە لە ئاژاوەگێڕی جموجۆڵی شتەکان، هیچ شتێک وەکو ئەوی تر نییە، هەر شتێک ڕێگەی تایبەتمەندی خۆی دەبڕێ کە هەرچەندە لەگەڵ هەزاران و ملیۆنان ڕێگەی تر یەکتر دەبڕن، بەڵام بەدەگمەن لە یەک دەدەن یا ڕێگەی یەکتری دەبڕن.

وەرن، بیر لە هامشۆی هەمیشەیی ڕۆژانەی هەزاران فڕۆکە بکەینەوە، کە لە هەمانکاتدا بە ئاسمانا دەفڕن، بەڵکو خێراش دەڕۆن، بەڵام بەدەگمەن لە یەک دەدەن. خۆ ئەگەر نەخشەی ڕۆژێکی هاتوچۆیان لەسەر کاغەز بکێشین چ ئاژاوەیەک دەبینین هەروەکو نەخشەی سریالیی منداڵێک دێنە بەرچاو کە بە ئارەزووی خۆی خەت دەکێشێ. لێ، ئەو فڕۆکانە ڕۆژانە لە سەدان فڕۆکەخانەی گشت قارەکانەوە هەڵدەفڕن یاسایەک هەیە دابەزین و نیشتنەوەیان بەدروستی ڕێک دەخات، ئەویش سەنتەری کۆنترۆڵی زەمینی و هەسارە دەسکردەکانە ئەم کۆنترۆڵە وەکو ئەو یاسا گشتییەیە کە جموجۆڵی ملیۆنان شتی گەردوون ڕێک دەخات.

ئەگەر هەموو شتێک، هەمیشە (ئازادانە) بجووڵێتەوە ئەوا دەبێ ڕۆژانە لێکدادانی هەسارەو بەردەکانی ئەم کاکێشانە ببینین.

دەزانن کە وەختانێک بەردێکی ئاسمانی گەورە خۆی بە هەسارەکەمانەوە

دەکێشێ چ کارەساتگەلێک روو دەدەن؟! دەڵێن بەر لەملیۆنان ساڵ، کەوتنی بەردێکی وەها بووەتە هۆی لەناوچوونی جۆرێک جانەوەرو پەیدابوونی چاخی سەهۆڵبەندان، تەنانەت کۆمەڵگەی بەشەریش، بەشێوەیەک، گیرۆدەی هەمان ئاژاوەو گێرەشێوێنییە، ئەگەر زیاتری تێکبدەی ئەوا زۆر شت هەتاهەتایە دەگۆڕێت.

وەکو کێشانی بەردی نیازک بە هەسارەی زەویدا. بەزەیی و پێکەنینم دێ بەو گرووپ و کەسانە کە مێشک و دڵ و دەروونیان بەوەوە ماندوو دەکەن چۆن زیاتر تێکبدەین، بڕووخێنن و وێران بکەن.

ئەو دیاردە، هەروەهاش، لە بواری هەندێ رەخنەی رۆژنامەنووسی ئاخافتنیشدا، دەردەکەوێ. ئەوانەی، وەها دەزانن لە خەڵکانی تر (ئازاترن) و باشتری دەڕووخێنن، نازانن کە هیچ ناکەن، خۆ ماندووکردن نەبێت، مرۆڤ بۆی هەیە لەو کەسانە بپرسێت.

– ئەوە بەچییەوە تەمەنی خۆتان بەفیرۆ دەدەن؟ چما.. چی ماوە تا ئێوە بیڕووخێنن؟! خۆ هەرچی بکەن ئەوەندەی ئەردهەژینێک، یا بەردێکی بچووکی ئاسمانیتان پێ ناکرێت، کە هات، ئیتر بوون و ژینگەو جیهانەکەتان تێکوپێک دەدات؟! تۆ مێشکی خۆت دەگوشی، تا وشەیەکی زەقتر، وتارێکی ناشیرینتر، سووکایەتییەکی درێوتر، بوورووژێنیت بەڵام ئەنجامی چییە؟!.. هاکا باهۆزی وەرچەرخانێکی توندی کۆمەڵایەتی هەڵی کرد و هەموو بازییەکەی گۆڕی، وەکو کێشانی بەردێکی ئاسمانی بە هەسارەکەماندا؟

ئیدی دەتەوێ چی بڕووخێنی؟

چما، چی ماوە نەڕووخابێت، تا تۆ بیڕووخێنێ؟

بەر لە تۆ هەزاران جار، هەموو شت تێکوپێک دراوە...

ئەو تیۆرییەش کەوتووەتە ژێر گومانەوە، کە گوایە گەردوون بە ئاژاوە دروست بووە... کە ئەگەر گەردوون خولقاوی تەقینەوە مەزنەکەیە (Big Bany)، ئەوا هەموو بوونەوەرەکانی کە ئەگەر گەردوون بەشێوەی سەرگەردان و سەر لێشێواو و ئاژاوە، پەرشوبڵاو بوونە. دوا ئەنجامیش، لە سەر ئەم هەسارەیە،

ئادەمزادو حەوازاد پەیدابوونە کە لە کولتووری زەردەشتیدا بەناوی (مەشی و مەشیانە) ناویان هاتووە. کەواتە: بناغەی هەبوونمان گێرەشێوێنییە. ئایا ئەوەندەی گەردوون توانای تێکدانتان هەبێت؟!

بەر لە ئێمە، بە هەزارو چەند ساڵ، بابا تایەری هەمەدانی هەستی بەناموٚیی بەرامبەر بەم گەردوونە کردووە، ئەوەتا ئەوشێ:

دبێژن پێم کە بۆچی بێ قەراری؟
مەگەر پەروەردەیی بایی بەهاری؟
لە بۆچی وێڵی کێو و دەشت و سەحرای؟
بەگیانت نیمە تاوێ ئیختیاری[١]

یا دەڵێت:

لەشێ مەینەتکەشم هەس ئەی خودایە
دڵێ حەسرەت کەشم هەس ئەی خودایە
لە تاوی مەفتەن و دادی غەریبی
لە سینە ئاتەشم هەس ئەی خودایە[٢]

بابا تایەر دەبێ بەوە گەیشتبێ کە ١+١=؟ (هیچ)، هەربۆیەش (یەکی) نەکردووە بە (دوو).. بەڵکو تەنیا گەردوون هەیەو خۆی، خۆیشی ئاگر لەسنگە!
١و٢ لەوەرگێڕانی دڵزارە.

......................................................

١- بڕوانە: ئەنیس مەنسوور، رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت ٢٠٠٨/٥/٧.

دەفتەری یەکەم:

# پەردەی چارەنووسەکان

## پشتی پەردە، پەردەیە...

کەی پەردەکان دادڕێن، لەڕووی پاکی و راستی لادەچن؟ پەردەیەک لادەدەیت، پەردەیەکی تر دەبینی لە رۆژی ئەزەل چاوم هەڵێنا پەردە بوو، روومەتی بووتی داپۆشیبووم.

پەردەکان ڕەنگاوڕەنگن.

هەر خولەکێک رەنگێک دەنوێنن.

پەردەیەک لادەدەم، ئەو دیو رۆژاوایە و دیسان پەردەی تارییە. پەردەکەی دی لادەدەم، ئەو دیو رۆژهەڵاتە، روومەتی شەفەقیش بە پەردە داپۆشراوە.

پەردەکان، چ زوو دێنەوە یەک؟

پەردەکەی نیوەڕۆ لادەدەم، لەو دیویدا بێچووە مەیموونێکی نازک دەلەرزێ دەگریێ، چاوی بڕیوەتە رێگای شیری. دەڵێم: (چ باسە؟)

دەڵێ: (دایکم نەگەڕایەوە!)[١]

دەیلاوێنم، دەڵێ: ئەوە دووڕوویی ئادەمیزادە.

ئێوە دایکی منتان بەرەو دنیای هات و نەهات ناردووە. ئەوەتا، هەر نەهاتەوە.. نەهاتەوە.

پەردەکە هاتبووە یەک.

کە پەردەم لادا.. گڕی چرایەکی گەشی نادیاربوو، شەوقی دەدایەوە، بەڵام سەرچاوەی گڕەکەی(*) دیار نەبوو، رووناکیی لە کوێوە وەرگرتووە؟

پەردەکە بە ئاستەم هاتەوە یەک.

لامدایەوە.. پەردەیەکی تر بوو.

لامدایەوە.. پەردەبوو.

لامدایەوە... هەر پەردە بوو.

پەردە دوای پەردەیە، ناهێڵی ئاسۆی زوڵاڵی هەمیشەیی ببینم.

دەنگێک لە پشت پەردەوە، نەرم و لەسەرخۆ سروود دەڵێتەوە:

– (ببە بە پەردە، تا پەردە بڕەوێتەوە.

–ببە بە ئاو تا ئاو بتناسێتەوە.

– ببە بە ئەندێشە تا ئەندێشەت پاک ببێتەوە»

– ئەتەوێ هەموو شتێک بزانی؟

ئەوا هیچ مەزانە هەرچی دەزانی لە بیرت بەرەوە. هەرچی کەوا دەزانی، دەیزانی... بیخەرە خانەی ئەندێشەی پاکەوە، کە لەوێدا هیچ نازانی.. هیچ مەزانە.، هەموو شتێکت زانیوە لەودیوی پەردەکان هیچ نییە[٤] پەردەیەک ماوە، شینی کاڵی ئاسمانی، زوڵاڵ، ئەو دیوی دیارە، لەوێدا هەموو نادیارییەک دیارە، هەر دیارییەکیش نادیارە.

بەردەبازێکە، بەودیوا دەڕۆی پەڕەی پەردەکەت لە قاچ دەئاڵێ.. رایکێشە، پەردەکە هەڵدەدرێتەوە.

ئەو رۆژە سەرم بەو دیوا کرد.

گرێکی نادیار دەگرێ،

بێچووە مەیموونێک دەگرێ.

پەردەم لادایەوە، پەپوولەیەک بوو، هەڵفڕێ بەرەوکوێ هەڵدەفڕێ؟!

نە پەردە ما، نە پەپوولە، نە ئاسمان، نە ڕێگەی شیری ئەستێرەیەک بوو دادەچۆڕا، بەرەو ئاسۆی بێپەردە دەچوو.

بێچووە مەیموونەکە، یەکەم جارە کە پێدەکەنێ و دەڵێ:

– ئەوە دایکمە ئاوا بوو، دەس دەبا لەو دیوەوە پەردەکە هەڵدەداتەوە. ئەو دەیزانی. پەردەکە لێرە نییە لەوێیە ئەودیوو ئەمدیو یەکە ئەو دەیزانی.

ئادەمیزاد! خۆت پەردەکەی. خۆتی پەردەت بەسەر گێتیدا داوە، خۆت رابە، مەمێنە بفڕە، بڕۆ... ڕێگە بەردە، ئەوا پەردە نامێنێ.

کەواتە خۆتی پەردەو دیوارو تاریکی و رووناکی.

به ناهەق ئەستۆی بوونەوەرانی تر، مەگرە. ئە دیو و ئەودیوە یەک بەزمە!

........................................................

(١) و (٢): لە سەنتەری (ناسا) گەورەترین مەڵبەندی زانستیی ئەستێرە ناسی و هەڵفڕینی مرۆڤ بەرەو بۆشایی فەزایە. ناسا، لە موزەی سروشتیی شاری واشنتۆن ئەمەریکادایە.
لە سەردانێکدا چاوم بە کەپسوولە ئاسمانییەکان (قەمەرە دەستکردەکان) دەگێڕا کە پێشووتر (فەزاوان)، یان بە ئاسمانا بردووەو، نموونەی جلوبەرگ و هەندێ خۆراک و ئامرازی سەفەری ئاسمانییان لە موزەخانەکە دانرابوو.
لە کەپسوولێکدا پەیکەری دەقادەقی مەیموونێک دانرابوو، لە هەر چوار لاوە، لەناو کەپسوولە دەستکردەکەدا شەتەک درابوو، چەندین ئامرازی کارەبایی تاقیکردنەوە بە دەوری جەستەیا دانرابوو. ئامادەی هەڵفڕین بوو. بەڵام نیگاکەی منی ڕاچڵەکانی، بەشێوەیەکی سەیر تەماشای ئادەمیزادەکانی دەکرد کە قەت نیگای دەهام لە ئاژەڵ و مرۆڤدا نەدیوە. وەکو بڵێی دەیگوت: چییە؟! چیم لێ دەکەن؟! بۆ کوێ دەچم؟ دیارە، مەیموونی بێ زمان و بێ دەسەڵات بەبێ خواستی خۆی شەتەک درابوو، تا بۆ ئەزموونگەری بنێرن، ئیتر گرینگ نییە، دێتەوە یا ناگەڕێتەوە!
وام بەخەیاڵ هات، مەیموونەکە بێچووەکی نەرمونیانی هەیە چاوەڕوانە دایکی بگەڕێتەوە... دیارە نەگەڕایەوە!!
دیمەنی نیگای بەزەییانە و بێدەسەڵاتانەی ئەو مەیموونەم قەت لەبیر ناچێتەوە هەربۆیەش وا دەزانم بێچووەکەی لەو دیوی پەردەی ئەم گەردوونەدا، هێشتا چاوەڕوانە..
ئاماژەیە بەقسەی هەندێ دڵپەروەری سۆفیگەری دێوانەی عەشقی یەزدانی... کە بەوە گەیشتوونە:
(٣) ئەو پەردەیەی کە لەنێوان خۆیان و پەروەردگارا دەیبینن هەر خودی خۆیانن، ئادەمیزادەکان، ئەگەر لە نێواندا لاچوون، و نەمان، ئەوا پەردەکە بە خۆی هەڵدەکشێتەوەو نامێنێ.
(*) هیمانە بۆ گڕی ڕووناکی لە چیای توور، کە کەوتە بەر دیدی مووسا پەیامبەر (د.خ).

# پەردەی چارەنووسەکان

ئایا گـرینگه مـرۆڤ بڵێ: چیم و، ناو نیـشـانێک لـه خـۆی بنێ، ئەمـجـا بنێ، ئەمجا بنووسێ.. تا بەو ناوە بیناسن؟

چییە ئەگەر کەس نەیناسێ؟

لەمـێـژە ئارەزووم بوو کـەس نەیناسـیـبـام.. وەک جـاران لەپشت پەردەی نازناوێکەوە بەس دەنگم هاتبا، نەک ڕەنگم!

باشتر نییە ئازادانە بنووسین؟!

خـۆ نواندن بە نـاو و نیـشـانێک، هەر لە سـەرەتـاوە، خـوێنـەر بەرەو هیـمـاو ئامـاژە و مـانای ئەوتۆ دەنێـرێ.. یانـی: هـا بزانە! ئـەوە منم! مـن هـەوم! وەک دەڵێن: هەی ترحێو!!

هەوبم، هەونەبم... یانی چی؟

ئەسـاسـەن.. بوون یانی چی؟! بۆچی هەندێ کـەس، هـەند خـۆ بەسـەر خـەڵکا دادەسەپێنین؟

کـەرنـاسـینەکـەی خـولە زامـدار لە زۆربەی هـەرە زۆری دانراوەکـانی دوای ڕاپەڕین جـوانتـرە. ئێ، خـۆ جـوانـی لە هیچ دیمـەنێکدا دەرنـاکـەوێ! جـوانی سـیـحـرێکی نادیارە، هەندێ جار بەسـەر تۆپەڵە قـوڕێکەوە دادەنیشـێتـەوە.. یان بەسەر بەردەکانی ئەنوەر مەسیفییەوە.

جـوانی لەچاویشـدا دەرناکـەوێ! شـەنگ و جـوانی، ئەفسـانـەیەکی دەروونی پشتی پەردەیە.

تۆبڵێی جوانی.. تەنیا ڕاستگۆیی و ڕاستینە نەبێ؟!

پەردەی پەندار، جوانە گەرنا بۆچی کەوتووەتە ئەودیو؟ بۆ ئەوە نییـە تا خۆی

حەشـاربدا؟ تا ئێستا نازانم کێن ئەوانەی فێریان کردووم. هێشتا شـاگردێکم بەردەستی بابم، لەسـەر زەوی دادەنیشـم، تەختەیەکی بچووکی دارین و کاغەزو قـەڵەم و.. هیـچی تر. لەسەر خـۆڵ، لەپڕدا.. زەنگی پیـتی چەوتوچێڵ لەمێشکی دام ئێستـاش نازانم پیتـەکان، لەهەر زمـانێک، بۆچ هـەند چەندو چێڵ و خێڵ و خوارن.

هـەر ئەو چەند پیتەن، کە بابم بەدەستی خـۆی پەنجەکەڵەو دۆشاومژەی گرتم و قەڵـەمی تەسلیمی هەردووکیان کرد و، فەرمـووی ئاوەها جووت بکە! بـەخۆی وەرزێری خـۆمـان بوو. دوو هێستـر و سێ کەرد کەرو هەوجـاڕو عەمبـاری خەڵە (دەغڵ) و کادان و سێ سەگ، جوانترینیان بۆر بوو بەناوی (شـەپاڵ). دەڵێن لە منـاڵییـەوە هۆگرم بـووە. شـەپاڵ دەیڕوانییـە پەنجـەکانم. هـەندێ جار لەگـەڵ خـواربوونەوەی خـەت و خـاڵی سـەر کـاغەز سـەری دادەچەمـاندو بەهێـواشی دەیجـوولاند. وابزانم ئەویش فێـری شتـێک بوو بوو. کە مـەزنتر بووم، لـەگەڵ چەند بەرخ و گـیسک و شـەپاڵ دەیانناردمـە لەوەڕگا. هـەندێ جار کـێشـەی دەفتـەرو قـەڵەمم لەبیـر دەچوو، کـە کـیسـەیەکی بچـووکی خـام بـوو، دایکم دووریبـووەوە تا وەکو جـانتـا بیکەمـە ملم. هێشـتـا نەچووبوومە مـەکتـەب، ئەوە یەکـەم جـانتـام بوو. بـە بەن گوڵێکی سووری بچـووکی نـەخشـاندبوو، یەکـەم تابلۆی ژیانم بوو.

شـەپاڵ، جانتاکەی دەگرتە شـانەوەو بۆی دەهێنام دیارە حەزی دەکرد بیبەم. تا لەدەشت، کە لـەسـەر گیـای نەرم رادەکشـاین، من بنووسـم و ئەو تەمـاشـای جـوولەی قـەڵەم بکـات. ئاخـر دەبوو زیاد بنووسـم بابم هـەر دەیگوت: بـنووسن: دوو پیتی فـێر دەکردم ، دەبا سـەدان جـار بینووسـمـەوە، دەیفـەرموو: ئاوەها چاک فێردەبی بنووسە، مەترسـە: سوار تا نەگلێ نابێتە سوار چاک. دەیگوت: ئەوە لە ماموەستاکەیەوە فێری بووە.

دواتر کە مـەزنتر بـووم، و چوومـە دەبستـان، هـاوینان دەیفـەرموو: دانیشـە بنووسـە.

– بابە! چی بنووسم؟

- کتێبەکانت بنووسەوە چەندین جار چاک لە روویان بنووسەوە وەک خۆی.

ئەگەر بۆ کلاسی بەرزتر سەرکەوتبام هەمان هاوین کتێبی کۆنی لە شاگردێکی تر وەردەگرت و لەسەر تەختەمێزە بچووکەکە دایدەنا: ئەمانە بنووسە.

ساڵێکی تر ئەم کتێبە دەخوێنی! لەڕووی بنووسەوە.

واتە: دەبوو پیت بەپیت و واژە بەواژە، هەموو لاپەڕەکان، بەدەسخەت فۆتۆکەپی بکەم هەموو وەکو خۆی بنووسمەوە دوای چەند رۆژ، کە لێی دەبوومەوە، دەیفەرموو: زۆر باشە! ئافەرین! جارێکی تر بینووسەوە.

دەبوو بە سێ، چوار، دە جار، زیاتر، ئەو هەر لەسەرخۆی دەیگوت: بەس نییە! بینووسەوە دواتر کە مەزنتر بووم، یەکسەر دەیگوت: ئەمساڵ پەنجا جار کتێبەکان بنووسەوە... هی کۆن و هی تازە! هەمووشی بەسەر دەکردەوە و سەرنجی دەردەبڕی وەرس نەدەبوو چونکە بابم خۆش دەویست، نەمدەویست دڵی بشکێنم. هەروەهاش راهاتم لەسەر نووسین و نووسینەوە، ئێجگار سوودم لەم شێوازە وەردەگرت . کە سەرساڵی نوێ دەهاتەوە من بەچاکی فێر ببووبووم هەموو کات یەکەمی سنفەکەم دەردەچووم تا پێنجەمی سەرەتایی ئەو مەشقە بەردەوام بوو. هەمیشە یەکەمی کلاسەکەم و، زۆربەی جاران یەکەمی قوتابخانەکەم دەبووم. تا لە پێنجی ئامادەیی زانستی کەوتمە شەوخوێندن، چونکە ساڵی ١٩٦١ دژوار بوو بۆمن، ناچاربووم بەکرێکاری رۆژانە بیبەمە سەرو، خۆمیش بپارێزم چونکە دەزگا سیخوڕییەکانی رژێم، لەوانەش هەندێ سیخوڕی «ناسیاوم» بەشوێنمەوە بوون، هەناسەیان دەژماردم بۆنی چالاکیی نهێنی سیاسییان کردبوو، هەروەهاش بوو. کەوتبوومە کاروبارێکی ناسک و هەرە رێکخستنی حزبییەوە... «نهێنی لەناو نهێنی»دا بوو، نەدەبوو ماڵەوەو هەڤاڵانی کۆنیشم پێی بزانن وەک دەڵێن: نەدەبوو ئەم دەس بەو دەس بزانێت! هەربۆیەش خوێندنی شەوانەم هەڵبژارد چونکە جۆرە جێگە گۆڕین بوو لە ناونیشان و کات و ساتی هاتوچۆم. ئەوساڵ دەوامی تەواوم نەدەکرد، هەر بۆ ناونووسین دەچووم تا چواری ئامادەیی نمرەکانم بەرز بوون شارەزای

وانەکان بووم، وەلی، لە دواساڵ دەوامم تێکچوو، لە وانەکان دواکەوتم سەری ساڵ بەزەحمەت لە «بەکالۆریا»ی ئامادەیی پەڕیمەوە ئەویش بەنمرەی نزمەوە (بە بەراورد لەگەڵ گشت ساڵانی پێشوو کە بەدەگمەن، لە ٩٣٪ دادەبەزیم بەهەر دڵەڕاوکێیەک ئامادەییم لە ١٩٦١-١٩٦٢ تەواو کردو دواناوەندی شەوانەی (عەلی حیکمەت) بەڵگەنامەی سەرکەوتنی بۆ ناردم کە بەشەرمەوە وەرم گرت.

ئەم قوتابخانە بینایەکەی دیوار بە دیواری مەرکەزی شورتەی کەرکووک بوو، رووبەڕووی رووباری خاسەو قەڵا. چەند هاوڕێی ئەو ساڵەم هێشتا ماون، یەزدان بیانپارێزیت و بیانخاتە بەر رووناکی میهرەبانی و بەزەیی خۆی. هاوڕێیەکی خۆشەویستی ئەو سەردەمە، ساڵی ١٩٩٦ لە کابینەی سێهەمی حکوومەتی کوردستان، لەگەڵ بەندەدا، بوو بە وەزیر! هەندێ جار یادی ئەو شەوانەمان دەکردەوە کە لەبەری قۆریەی شاری کەرکووکەوە بە پێ بەرەو گەڕەکی ئیمام قاسم دەڕۆیشتین، لەوێ بەناو گۆڕستانەکانا، بەتاریکی شەو، بەرەو گەڕەکی شۆڕیجە ئاوا دەبووین. کۆمەڵێک قوتابی شەوانە بووین لە دوو قوتابخانەوە یەکمان دەگرت و رێگەی پێچاوپێچی دوورمان دەگرتەبەر تا نەکەوینە بۆسەی تیرۆریست و بکوژانی ئەو سەردەمە، کە ڕەشەکوژی هەرکەسیان بگرتبا لە تۆڵەدا «تۆڵەی کێ؟! خوا دەزانێ!» دەسدرێژیان لێ دەکرد یا بەبێدەنگ لەناویان دەبرد. ئیتر هەر کوردێک ببا.. بەدەستی پیاوان و دەزگاکانی رژێم دەکرا.

ئەم یادەوەرییە، بۆخۆم نەبێ، چ سوودی بۆ خەڵک هەیە؟! بڕوا دەکەم.. هیچ! ژیانێک و تەمەنێک بوو، بەسەرچوو!

مەرج نییە هەموو کەس بزانێ تۆ چی بوویتە ؟ چیت خواردووە؟ چیت دیوە؟ وەلی (نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە)! کورد هەموو داستانەکان ئاوەها کورت دەکاتەوە. ئەوەندەی تریش بڵێم بێهوودەیە!

لەوەندەش زیاتر دەربارەی هەرکەسێکی تر بزانم.. چ سوودی دەبێ؟!

پەردەیەکە داخراوە! جارێک بەداخراوەیی دەمێنێ!

لە لەوەڕگـای بەهاران گـیـسکێکی پۆشی بزێومـان هەبوو رکی لە جـانـتـا خـامـەییـیـەکـە دابوو، کـە قـەڵەم و دەفـتـەرو نان و خـورمـا و، هەندێ جـار هێلکەیەکی کـوڵاوم، تێ دەکـرد.. دایکم نـەیدەهێـشت تا ئێـواران. بەبێ نان و هێلکە بمێنم، تەڕەپیـازیشی دەنارد. لەبەهـاراندا نان و تەڕەپیـازم لەلا بەتام و چێژ بوو. ئەدی بۆچی (تەڕەماش) بەدناوە؟ ماشی تەڕ خۆشە.

وەلی هـەندێک بەتەوسـەوە بە قـسـەی ئەوی تر دەڵێت: تەڕەمـاش! وەکـو قسـەکەی رەت بکاتـەوە. گیسکە تووشـەکە، هـەر ئاگـام لێ نەبا، سـەری بەناو کیسـە جـانتـاکە دا دەکرد و نـانەکەی دەڕفـاند! دەکەوتمە سـەری تا لە دەمی دەمکردەوە: دەمگوت:

– ئاخـر! گـیسکی هـار! لـەو هەمـوو لەوەڕە سـەوزە خـۆشـە بۆچی تێـرنابی؟ چیت لەم پـارچە نانـە داوە؟ راسـتــە دەڵێن: بزن ئـەجـەلی هـات نـانی شــوان دەخـوات! دیارە گـیسکەش ژینەتێکی ئەو نەرێتـەی لە ملیـۆنان سـاڵی تـەمـەنی بزن لە بنارەکانی زاگرۆس و شانەدەری بۆ مابووەوە.

هـەندێ جـار (شــەپاڵ) مـرەی لێـوە دەهات، بـە ئاگـای دەهـێنامــەوە، ئاوڕم دەدایەوە دەمدی گیسکەکە، سەری چووەتە کیسـەکەوە دەرناچێت. هـەندێ جار دەمگرت بەرم نەدەدا. کیسـەکـەم خاڵی دەکرد و بە بەتاڵی دەمکردە سـەریەوەو بەرەڵام دەکـرد. بەم لاو بەولادا هـەڵبـەزی دەبوو تا لـە کـیـسـەکـە دەبێـتـەوە. لە هـەرکوێ با، شـەپاڵ کیسـەکەی بۆ دەهێنامەوە هـاودەمم بوو دەهاتە هـانامەوە.

ئەو وەخـت نەمـــدەپرسی واژەی (شــەپاڵ) یـانی چی و لە کـوێـوە هێناویـانە وەک وەرمگرتبوو.

شـەپاڵ سـەگێکی رەنگ بۆری خۆڵەمێشـین بوو، سـەری لە شێر دەچوو، کلکی ئەسـتـوورو بـەهێز بـوو ئارام و سـەلار بـوو لە خـۆڕا بـەگژ کـەسـدا نەدەچوو و بەکـەس نەدەوەڕی وەلی ئەگـەر تووڕەت کـردبا ئەوا کـەس بەرگـەی نەدەگـرت. بەهێز و هێرشبەر بوو، پیاوی گەورەی بە ئەرزا دەدا.

بە شـەوان دڕو وریاو بە ئاگابوو. لـە هـەر خشـپـەیەک رادەچەڵەکی مـاوەیەک پاسـەوانی لە بێـسـتـانی شـووتی و کـاڵەک و خـەیاری پشت مـاڵەوەی دەکـرد

چەقەڵ و ڕێوییەکانی ڕاودەنا کە بە کۆمەڵ دەهاتن... هەر کە شەپاڵ دەنگی نەبا، ئەوە دەکەوتنە شکاندن و ڕەنینەوەی شووتی و کاڵەک. لێ مەگەر شەپاڵ بەرەو ئەو پەڕی ئاوایی، بەشوێن جانەوەری تردا ڕۆیشتبێ، ئەگەر نا لەگەڵ بەرزبوونەوەی حەپەی ئەوا ڕێوی و چەقەڵەکان هەڵدەهاتن ماوەیەکیش لە بۆسەی کەفتار (کەمتیار) بوو کە فێر بووبوو تا دەری حەوشە نزیک دەبووە و، مانگە شەوان پێمان خۆش بوو لەسەر بانی خانووەوە تەماشای کەمتیار بکەین کە بەئەندازەی کەر دەبوو، ئەمجا لەبەر هێرشی شەپاڵ دەکەتە هەڵاتن!

نەمدەزانی مانای (شەپاڵ) چییە. ئەوەندە دەزانم لە هیچ ماڵ و ئاواییەکی تر لەو ئاقارەدا نەمدەبیست کەس ئەو ناوەی لە سەگی خۆی نابێ... سەردەمی پێشمەرگایەتی دوای ١٩٨٠ لەگەڵ کۆمەڵێ لاوی پێشمەرگەی بادینان کەوتم، ناو بەناو گوێم لە وشەی (شەپاڵ) دەبوو، کە لە نێو ئاخاوتنیان دەهات.

لە یەکێکیانم پرسی:

– هەڤاڵ: ناو بەناو باسی (شەپاڵ) دەکەن، مەبەستتان چییە؟

گوتی: چی نازانی؟! شەپاڵ، یانی: جوان، یا جوانی.. دبێژین: شەنگ و شەپاڵە، پێکەنیم گوتم:

– پتر لە دە ساڵ سەگێکم هەبوو بەناوی (شەپاڵ) ئێستا دەزانم مانای چییە

– سەگ!؟

– بەڵێ!

– دیارە چڤان بووییە!

– زۆر جوان، ژیر و ئارام بوو، لەگەڵمانا ژیا تا لە گوندەکەمان چووینە گوندێکی تر، شەپاڵ، چیرِ و پەککەوتە بوو، بەجێ ما دایکم نان و ئاوی لە تەنیشت بەجێ هێشت. سەری بڵند کردەوە، نووزەی لێوەهات، سەری دانەواندو چاوانی نووقاند، وەکو بڵێی دەیزانی بەجێ دەمێنێ، من نەمدەتوانی بەجێی بهێڵم، بانگیان کردم: زووکە دەڕۆین دوای چەند ڕۆژ نووزەکەی هەر لەبەر گوێم بوو، هەندێ نانم هەڵگرت گەڕامەوە حەوشە کۆنەکەی گوندی

پێشوو تا بیبینم، نەمدی.... نەمابوو، حەوشە گەڕام نەبوو، دەوروبەر گەڕام..نەبوو، لە دەراوسێیانم پرسی کەس نەیدەزانی چی بەسەرهاتووە. پیرەمێردێک دەیناسی، گوتی: لەودیوی گوند ملی ڕێگەی گرت و بەرەو هەردەکان چوو: ئێوارە بوو، بڕواناکەم گەڕابێتەوە، کزو بێدەنگ بوو. زانیم ئیتر چووە نائومێد بووە و سەری خۆی هەڵگرتووە. ئاژەڵیش هەست بە بێکەسی و چارەنووسی خۆی دەکات. ئێوارە بەرەو ماڵی نوێمان چوومەوە. دایکم زانیبووی بەشوێن شەپالا چوومە. گوتی: ها! چۆن بوو؟! خۆم پێ ڕانەگیرا! بە دەنگی خەماوی گوتم: نەمابوو! چوو.. ئیتر چوو، نایدۆزمەوە! دایکم دەیگوت: ئەو ڕۆژە زۆر خەمبار بووی، دیاربوو.

من بەخۆم نەمدەزانی چیم بەسەرهاتووە: تا یەک دوو هەفتە گێژ و کاس بووم، دنیام لەلا گۆڕابوو. نەمدەزانی کە ڕۆژێک دێ بە بێ شەپاڵ دەبم.. جیهانێکی تر بوو. جیهانی پێشووم تێکڕووخا دەمزانی ئیتر نایەتەوە.

گوتی: دیارە زیاد خۆشت دەویست.

– ئاخر، هاودەمی زارۆکیم بوو. لە کەش و هەوایەکا مەزن بووین. وەفادار بوو. ئێمەی بە جێ نەدەهێشت.. ئێمە بەجێمان هێشت! بەداخەوە.

بانگی پێشمەرگەکانی تری کرد:

– گەلۆ! وەرن! (...) چۆن باسی شەپاڵی خۆ دکەت!

هەڤاڵێک چێشتی بۆ لێنابووین، گوتی: ئەرێ! ئەز ئەڤ داستانە دزانم! ساڵی بەرێ، شەڤێک لڤێرە بووم هەمی حیکایەتی ڤەگیرا. (شەپاڵ) سەگی ڤی بوویە! هەرگیانلەبەرێک چارەنووسی هەی! زووتر ئاگاداری دەبێ. مرۆڤیش هەندێ جار بەچارەنووسی خۆی دەزانێت.

داستانی چارەنووسەکان لەپشتی پەردەی پەندارە (= خەیاڵ) بلا.. وها بمێنێت. زۆریش باش نییە دەست لە هەموو کارو هەموو ڕووداوێک بەربدەین.

مەرج نییە هەموو شتێک بزانین هیچ کەس تا ئەبەد نەماوە تا لە هەموو شتێک ئاگەداربێ. زیاد زانین بارگرانییە. کورد دەڵێ: نەزانین (ڕەحەتی سەرە) وەلی ئەم پەردەیە بەمن داناخرێت.

ئەو دیوی پەردە، پەردەیە!

هەرکەسێک دای بخات یەکێکی تر دەیکاتەوە هەموو وەکو یەکین. فێربووینە هەوڵبدەین بزانین: چی لەو دیودا هەیە! هیچ وەها لەوەی ئەودیو سەرنجڕاکێشتر نابێت گەر بمزانیبا (شەپاڵ) بەرەو چی ئاسۆیەک ملی ناوەو لە چ شەفەقێک سەری هەڵێناوە، بێگومان داستانەکەم نەدەبڕیەوە.

تا ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان بووم.. لەپڕدا پەیدا ببێتەوە.

ئەو رۆژەی کە هەڤالانی بادینیم داستانی شەپاڵیان چەندین جار پێ گێڕانمەوە، چەندین پرسیاری وردیان وروژاند، خۆیانیش کەوتنە گێڕانەوەی داستانی جۆربەجۆر، پێوەند بە سروشت و رەفتاری هەندێ ئاژەڵ و پەلەوەر و تەیروتواری هاوژینی مرۆڤگەل لە ژینگەدا، دیارە هەریەک لەوانیش گیانلەبەرێکی ناسیوە کە خووی پێ گرتووە و نەیویستووە لەدەستی بدات، یا لە لەدەستچوونی خەفەتبار بووە. باسی سەگ، پشیلە، ئەسپ، هێستر، قاز، سۆنە، سمۆرە، کۆتر و هی تر هاتە پێش.

گوتم: هەڤاڵینە! ئەم داستانانە دەزانن... چما ئێستا دەیهێننەوە یاد؟!

گوتیان: داستانەکەی شەپاڵ کاریگەر بوو.

گوتم: مرۆڤ، ئەگەر بە هۆشیاری و ئاگایی و تیژبینی وردببێتەوە، دەبینێ تەواوی دەوروبەری ئاوێتەی بیر و هەست و خەون و هەستی دەبێ... ئەرز، دارودرەخت، پەلەوەرەکان، ئاژەڵەکان، تەنانەت جۆگەلەی ئاو و بەرد و هەردەکان...هەموو، نە بەس مرۆڤان، دەبنە بەشێک لە جیهانی ئەو، هەر کە ماوەیەک ئاشنای دەوروبەری بوو و راهات ئیتر حەز ناکات ئەوێ بەجێ بهێڵێت . دووریش کەوتەوە هەر لە یادی دەمێنێ و ئارەزووی سەردانەوەی دەکات. ئەوا ئێمە فێری ئەم ژیانە بووین، تەنانەت نامانەوێ بگۆڕێت.

هەڤاڵێک پێکەنی:

– یانی چێتریش نەبێ؟!

– هەندێ جار، بەڵێ! ئارەزووی ئەوەیە هەروەها وەکو هەیە، وەها بمێنێت. نەک چاکتریش!!

دوو لە هەڤاڵان بەتاسەوە چاوەڕوانی ئاخاوتنەکانی ترم بوون، دەیانزانی کە زوو یا درەنگ باسەکان دەبەمەوە سەر لێکدانەوەی وجوودی و فەلسەفی و بابەتی وەهاگەل....

گوتم: چی ناپرسن: بۆچی دوای دە ساڵی تریش یەکتر ببینینەوە، یەکسەر ئێکتر دەناسین و، کۆمەڵێک یادەوەری دەمانورووژێنیٚ؟

بۆچی، هەر کاتێکی تر، دوای بیست ساڵی تریش بەم چیاو شیو و نهالەدا رەت ببین جەرەقەی یادەوەرییەکان لە مێشکمانا چەخماخە دەدات؟.

هەر ئەوە نییە کە لەگەڵ ئەم دەوروبەرە ئاشنای یەکدی بووینە؟!

ئەز وابزانم نهێنییەک لە پشتی ئەم پەردەوە هەیە... بەخۆی نهێنییەکی زانراوەیە، وەلی نادیارە. خۆی دەردەخا و خۆی دەشارێتەوە گەردوون خوڵقاوی ئەم هاتوچۆیەیە.

لە سروشتدا هێزێک هەیە (ئەلکترۆ موگناتیسی) پیٚ دەڵێن، لە گشت بوونەوەر و گیانلەبەرێکدا هەیە. لە مرۆڤیشدا ئاشکرایە، کە هەیە . لە هەموو لایەکدایە.

شەپۆڵی ئەلیکترۆ موگناتیسی، وەکو شەپۆڵی خەرمانەی مانگەشەوە، بە دەورمانا هالاوە، ئەگەر هەر شتێک (مادده و شتەکانی سروشت، یا باڵندە و ئاژەڵ و مرۆڤ و هی تر) لێک نزیک ببنەوە ئەوا شەپۆڵەکانی ئەلیکترۆ موگناتیسییان لێک دەدەن و پێک دەهاڵێن... وەکو بلێیی یەک دەناسنەوە هەندیٚ شەپۆڵ پێک دەگونجێن. هەندێکی تر نەخێر، باسی گونجاوەکان ئەکەم، کە یەکتر دەناسنەوە. ئەگەر نزیکبوونەوەیان زیاد درێژەی کێشا ئەوا زیاتر و قووڵتر ئاشنای یەکدی دەبن... تا رادەیەک تووشی جۆرە پێوەندییەکی قووڵ دەبن، وەکو دوو جەستەی مادی یەکتری رابکێشن واتە: هێزی کێشان بکەوێتە نێوانیان. رەنگە خۆشەویستی دیاردەیەک بیٚ لەو بارەیەوە هەر بۆیەش بە ئاسانی یەکتری فەرامۆش ناکەن و بەئاسانی لیٚ جیا نابنەوە.

ئەوەیە، کە مرۆڤ بەشێکی نەپچڕاوی سروشتی دەوروبەریەتی. بەئاسانی لێی نابێتەوە. هەر ئەوەشە خەڵکی گوندێک، کە رۆژانە لێکەوە نزیکن، یەکدی

زێدەتر دەناسن لەوەی خەڵکی گوندێکی تر، هەروەها خەڵکی شارێک پتر راکێشی یەکن و یەک خوو رەوشت پەیدا دەکەن، تا رادەیەک جیا لە پێوەندییان لەتەک شارێکی تردا، بۆ دانیشتوانی وڵاتێکیش هەروەها، خۆ لەیەکدی نامۆ نازانن، هەر چەندە هەموو یەکتر بەناوونیشان ناناسن. خۆشویستنی شار و خاک و وڵات رەنگە هەر لێرەوە هاتبێت لێ سەیرە! زەوی هەرهەمان زەوییەکەش و هەوای گۆی زەوی هەر هەمانە، ئاو و دەریاو زەریاو رووبار هەروەک یەکە. لێ گەل و نەتەوەی جیاجیا لەسەر ئەرز پێکهاتوون، هێندە لەیەکتری نامۆ و نا ئاشنان، تا ئەو رادەیەی کە دەبن بە دوژمنی یەکدی و ئێکتر دەکوژن، ( لەو لەحزەیەدا پۆلێک فڕۆکەی جەنگی عێراق خێرا بە سەرمانا رەت بوون، بەرەو ئاسمانی ئێران دەچوون، بەپەلە دەفڕین! بێگومان بۆ خێرخوازی و چاکخوازی نەدەچوون، بۆ جەنگ و وێرانی و کوشتن خێرا بەرەو رۆژهەڵات ئاوا دەبوون، ئەو سەردەمە جەنگی عێراق و ئێران بوو، قسەی خۆم نەبڕی... لەسەری چووم و گوتم:

ئایا... تەماشای ئەم خاک و ئاوە بکەن و تەماشای ئاو و خاکی ئێران بکەن. هەر هەموو وەک یەکن، لێکدەچن. لێرە و لەوێ خەڵکی بێدەرەتان و بێتاوان دەژین.

وەلی ئەم جەنگە بۆچی؟! تا بەکەی؟! خۆی دەبێ رۆژێک رابگیرێت و هەمی پەشیمان ببنەوە، (دوای چەند دەقیقە، بە بەرچاوی ئێمەوە دوو فڕۆکەی عێراقی جیابوونەوە، بەرەو بەغدا شۆڕ دەبوونەوە... فڕۆکەیەکیش کەوتبووە بەر هێرشی دوو فڕۆکەی جەنگی ئێران... دوورتر لەئێمە، زۆر دوورتر بەرەو رۆژئاوا دووکەڵی خەست لە زەوی هەڵسا.. ئەمجا گرمە هات... ئێوارە لە رادیۆی هەردووولاوە بیستمان کە فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقی خراوەتە خوارێ و شاری ورمێ بەخەستی بوردومان کراوە! پەنابەرمان لەوێندەرێ زیاد بوون، کەوتینە خەم و پەژارەی ژیانیان)

– چارەنووسەکان، وەک رەوە فڕۆکە بەپەلە دێن و دەچن، زۆربەیان هەتا هەتایە لەپشتی پەردە دەمێننەوە!

بلا ... نەزانرێن!

مێشک و دەروونی مرۆڤ لەوە لاوازترە باری گرانی هەمی زانیارییەکان هەڵبگرێت. ئەگەر ئەم پەردەیە نەدەبا و، ئادەمیزاد هەمی شتێکی زانیبا ئەوا ژیانی لێ دەبوو بە دۆزەخ! چێترە کەم دەزانێ، مەرجیش نییە هەموو کەسێک هەموو شتێک بزانێت، رۆژنامەنووس و نووسەرانی بواری تر، ئەگەر بەویژدان و مرۆڤدۆست نەبن، ئەوا باری تاک و کۆمەڵ گرانتر و قورستر دەکەن، چونکە لە رادەبەدەر پاڵەپەستۆ ویژدانی و دەروونیی بۆ خەڵک دێنن.

لەوما زۆرجار هاتوومەتە سەر باوەڕێک: چی تر نەنووسم! ئەگەریش بنووسم، ئەوە بەشێوازێکی سادە و رەوان و رۆشن بێ، تا دڵ بداتەوە و فێنکی بەگیانە ماندووەکان بدات نەک رۆژیان لێ بکات بە شەو! وەلی، دان دەنێم بەوەدا کە ئەو شێوازە نووسینە ئاسان نییە و پێی نەگەیشتووم!

# هیچاوا

ئەمە لاپەڕەیەکی تری (هیچنامە)یە، کە بەر لە ماوەیەک نووسیومە.

١

وەختانێک بە سنووری (هیچ) دەگەیت، ئەوا جیهانی جوانی و پاکی هیچاوا دەس پێ دەکات.

تاریکبینان ناتوانن، لەبەر رۆشنایی پاکیی هیچستاندا، چاو هەڵبێنن.

٢

ئەگەر ئەو دیوی هیچ، هیچ بێ،

ئەگەر سەرەتای هیچ، هیچ بێ،

ئەوا کۆتاییەکەشی هیچە. ئەوەیە سنووری هیچاوا.

ئەگەر لەو ئاقارە جوانەشدا، تۆ درەوشانەوەی گەوهەری بوون، نەبینی، ئەوا دیارە هێشتا پەردەی نەزانینی رووی دەروون و مێشکت هەڵنەدراوەتەوە.

هەمووی لە دەروونەوەیە، لە ناو جەرگی گەردیلەی ئەتۆمە، لە ئەلەکترۆندایە، هەمووی لێرەیە، لەلای خۆتە، گەڕان بە دووی راستەقینەی بوون و نەبووندا، بێهوودەیە. لە دەرەوە هیچ نییە. فەزایەکی بێ سنوور و بێ کەنارە.

هیچاوا لێرەوە دەس پێ دەکات و لێرەدا کۆتایی پێ دێت.

٣

هەڵکشان بەرەو کوێ؟! بەرەو کوێ دەڕۆن؟

خۆ بالای بالا پایینترین پایینە،

ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات کۆتایی ڕۆژاوایە،
ئەمدیوی ڕۆژاوا ئەودیوی ڕۆژهەڵاتە،
بەرەو کوێ لەم گەردوونە بازنەییەدا؟!
لێرەوە دەڕۆی و، بۆ هەمان خاڵی نادیار دەگەڕێیتەوە.

زەمەنی تۆ لە هەمان چرکەساتدا جیایە لە زەمەنی بوونەوەرێکی (هەمان چرکە) لەسەر هەسارەی کاکێشانێکی تر.

پێشەوەچوونی چی؟!

٤

ئایا تۆی، ئادەمیزاد، پێشکەوتووتری یا مێروولەو مۆریانەو مێشەنگ؟

فەیلەسووف، درامانووسی بەلجیکی، مۆریس مەترلینگ (١٨٦٢-١٩٤٩) دەڵێ کە مێروولە و مۆریانە و مێشەنگ لە ئادەمیزاد بەهۆشتر و بلیمەتتر و لێهاتووترن. پتر لە چل ملیۆن ساڵە، شارستانیی خۆیان دامەزراندووە، بە بەختەوەری و ئاشتی و ئاسوودەیی لەسەر بناغەی سیستەمێکی بەرزی هەرەوەزی کۆمەڵایەتی، دەژین. ئەوان لە عەقڵ و سروشت و هۆشەوە، ئەو سیستەمە دروستە فێربوونە. هەر کەس بەبێ سانسۆر فەرمانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ. شەڕ و وێرانکاریی ناوەخۆیان لەنێواندا نییە.

کەواتە، هەر لێرە، لەسەر هەسارەی زەمین، گیانداری لە مرۆڤ پێشکەوتووتر هەیە، جا چ بگات بە بوونەوەرو گیانلەبەرانی ملیۆنان هەسارەی کاکێشانان، کە زانایان مەزەندەی ژیانیان لێ دەکەن.

مەترلینگ دەڵێت:

ئەگەر مەترسی جەنگ و وێرانکاری ڕێگە بە ئادەمیزاد بدات تا لە داهاتووی خۆی بیر بکاتەوە، ئەوا ژیانی مۆریانە و مێروولە و مێشەنگ، لە ڕاستیدا، سومبۆل و ئاوێنەی ژیانی داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی کە مرۆڤی نائاگاو جەنگفرۆش بگەڕێتەوە هۆشی خۆی و بە ئاگابێت تا لەو زیندەوەرانە پەند وەربگرێت بەڵکو لە هەزار ساڵەی داهاتوویدا

ژیانی کۆمەڵگەکەی پێش بخات..

مەترلینگ دەنووسێت کە مێروولەو مێشەنگ و مۆریانە، لە ڕێگەی هۆش و عەقڵ و خۆرسکیی سروشتەوە، بە«ویژدانی کۆمەڵایەتی» گەیشتوون، واتە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەکانیان خۆی بە بەرپرس دەزانێ، بەبێ پرس و چاودێری و بانگهێشتکردن کاری خۆی بەڕێوە دەباو، ئاسایش و سیستەمی ناوخۆ دەپارێزێ.

مۆریس مەترلینگ بە ئەو بەرەنجامە دەگات کە: یا مرۆڤ بە «ئاستی بەرزی ویژدانی کۆمەڵایەتی» دەگات و، بە شایانەوە ناوی «ئینسان» هەڵدەگرێت، یا... هیچ!

ئەم هیچە کۆتایی تراژیدیی ژیان و کۆمەڵگەی بەشەرە.

کەواتە، ئێمەی بەشەر هێشتا بە سنووری (هیچ) نەگەیشتووین.

هیچاوا لە ژیانی مێروولە ئاساوە دەس پێ دەکات.

لەو هیچستانەدا، کە ئێستا مێشەنگ و مۆریانەو مێروولە، بە بێدەنگ دەیبەنە سەر، بێ لە خۆبایییبوون و خۆ هەڵکێشان و تەوەزەلی... ئا لەو هیچستانەدا، گیانلەبەرانێک بە جوانی و پاکی دەژین، تام و چێژ لە ڕۆژگار وەردەگرن، نیگەرانی سبەی و داهاتووی نزیک و دوورنین، خەمی زۆرداری و جەنگ و وێرانکاریی دەستی خۆیان، ناخۆن... چاوەڕوانی هیچیش نین، ئەوان بە هیچاوا گەیشتوون، کە ئەودیوی هیچە. هەر وەختانێکیش سیستەمی کاکێشان و کۆمەڵە هەسارەکانی خۆری ئێمەو ملیۆنان خۆری تر، تێکچوو، ئەوا ئەوانیش... هیچ! وەکو هەر بوونەوەرێکی تر، هیچ! گرینگ ئەوەیە لەو تەمەنە کورتەی ئێستا هەیانە بە ئاسوودەیی و ئاسایش و دڵنیایی پڕ بە خواست و حەزی خۆیانە، دەیبەنەسەر.

# مرۆڤ گیرۆدەی بڵندفڕینی خەون و ئامانجی خۆیەتی

١

مرۆڤ خاوەن خەیاڵی بێ سنوور و عەقڵی تینووی زانیاری و حیکمەت و بڵندفڕینە، لەوەتی مرۆڤ بڕێک لە ئەشکەوت دوورکەوتووەتەوە ئۆقرە ناگرێت و، هەر بە شوێن دۆزینەوەی تازە و داهێنانی رەنگیندا دەگەڕێ.

مرۆڤ ئازادیی رەهای بەخۆی داوە تا، بە هەموو توانا و وزەیەک، بەرەو زانینی نهێنی ژیان و گەردوون، بەبێ حەسانەوە بڕوات و بڕوات و.. بڕوات، تا بڕ بکات تاوی عەقڵ و هۆشی خۆی دەدات!

وەختێک (ئەلفریدنۆبل)ی سویدی نهێنی (دینامیتی) دۆزییەوە، کە بە دۆزینەوە گەورەکان دادەندرێت نەیدەزانی کە دینامیت... رووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ئێجگاری دەگۆڕێت و، مەرگساتترین ئامرازی کوشندەی جەنگی نێوان دەوڵەت و گەلانی لێ دەکەوێتەوە.

نۆبل کە پەیی بەو دۆزینەوە مەرگهێنەرەی برد یەکسەر خەڵاتی نۆبلی ئاشتیی و خەڵاتی داهێنان و دۆزینەوەی زانست و ئەدەبی دانا و، سامانی خۆی بۆ ئەو خەڵاتانە تەرخان کرد، وەکو بڵێی قەرەبووی زیانی دینامیت بکاتەوە، بەڵام تازە درەنگ بوو.. پەنجەگەزین چ سوود!

(ئەلبرت ئینشتاین) و هاوکارانی لە فیزیکزانان کە نهێنی تەقاندنەوەی گەردیلەی ئەتۆمیان دۆزییەوە، رەنگە نەیانزانیبێت چ کارەساتێک دەنێنەوە، بەڵام دوای تەقینەوەی بۆمبا ئەتۆمییەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی، ئینشتاین و زانایانی تر یەکسەر کەوتنە بڵاوکردنەوەی بانگی ئاشتی و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی، لێ دوای چی؟!

ئەوەندەی نەبرد نهێنی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و هەیدرۆجینی بە

جـیـهـاندا بڵاوبـووەوە و، دوو بلۆکـی پڕ چەکی هـەرە کـوشـەندەی ئەتۆمـی لە ڕۆژهـەڵات (سۆڤیەت) و لە ڕۆژئاوا (ئەمەریکا) سەرانسـەری هەسارەی زەوییان تەنییەوە.

لە ماوەی کـەمتـر لە ٢٠ ساڵدا هـەردوو لا ئەوەندە چەکی ئەتۆمی و مـووشەک و ئامـرازی کوشـندەیان ئەنبـار کـرد، کـە ئەگـەر بە یەکـجـار بتـەقـێنەوە، ئەوا بەشـی (٥٠) جار هەڵتەکاندنەوەی سەرانسـەری هەسارەی زەوی دەکات.

وەکو بڵێی (کۆتایی جیهان) نزیک کەوتبێتەوە!

تەقاندنەوەی ئەو چەک و تیفاقە کوشندەیەش بە دەستی دوو کـەسە، یەک لە ڕۆژهـەڵات و ئـەوی تر لە ڕۆژاوا، کـــە ئەوەنـدەیان بەســـە پەنجـــە بە دوگـمـــەی سووری سندووقـە تایبەتییەکانی چەکی ئەتۆمیدا بنێن تا گۆی زەوی و خان و مـان و گشت بەشـەر و تەواوی زیندەوەرەکان، تەفروتۆنا بن.

ئەمـەیە دەڵێم کە مـرۆڤ گـیـرۆدەی دەسـتی خـۆیەتی، گـیـرۆدەی خـەیاڵ و ئامانجی بەرزەفڕی عەقڵ و زانینی خۆیەتی، ئیتر لێمان ون بووە. ناشزانین لە کویێ ئۆقرە دەگرین، لە کام لەنگەر ئارام دەبینەوە.

خـۆ (جـۆن کـەنەدی) سـەرۆکی پێشـووی ئەمـەریکا، سـاڵی ١٩٦١، لەبەر مەترسـی جەنگی ئەتۆمیی نێوان سۆڤیەت و ئەمـەریکا ناچاربوو بەیانییەک بە میللەتی ئەمـەریکا و هـەمـوو دنیا بڵێت: (ئەوە کۆتاییی جیـهانە!) لەو لەحزەیەدا (جـۆن کەنەدی) بە تەواوی مـەترسـیی ئەو جەنـگەی لێ نیشـتـبوو، ئەو ڕاسـتگۆ بوو لە دەربڕینەکەیدا. (مەترسییەکە لەبەر بنکەی ئەتۆمی سۆڤیەت لە کوبا لەو سەردەمەدا لە ئارادابوو).

ئێسـتـاش ئەو مـەترسـییـە مـاوە، بگرە زیاترە و تـەشـەنەی سـەندووە، چونکە چەندین دەوڵەتی تر بوونەتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.. جا سەرۆکی سەرشێت و نەخـۆشـی هـەر یەک لەم دەوڵەتانـە ڕەنگە لە پڕدا جـیـهـان بـەرەو کـارەسـاتێک ببات، هەمووان بگرێتەوە، کە ئیدی گەڕانەوەی بۆ نەبێت و، ماوەی چارەسـەری نەمـێنێت. ئەمـجـا.. ئـەگـەر جـەنگی ئەتۆمی قـەومـا، ئەوا ئـیـتـر یەکـجـارە و ڕاوەستاندنەوەی نییە!

ئەو مەترسییە هەردوو بلۆکی رۆژاوا و رۆژهەلاتی لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بەوە گەیاند تا پێکبێن لەسەر راگرتنی دروستکردن و تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی و کەمکردنەوەی زەخیرەی ئەو چەکە، بەلام ئێستا، دوای پەیدابوونەوەی کێشمەکێشی رووسیا و ئەمەریکا وا پێ دەچێت ریشەی مەترسییە مەزنەکە وەکو خۆی مابێتەوە.

لە ناوەندی ئەم ململانێیەدایە کە ولاتانی وەک کۆریای باکور و ئێران خەریکی گەمەی ئەتۆمین.. بێئەوەی بیر لە چارەنووسی گەلانی دنیا بکەنەوە.

مرۆڤ، جگە لە دینامیت و چەکی ئەتۆمی، گیرۆدەی کرداری خۆیەتی، کە ناهۆشیارانە دەستی خستووەتە ناو سروشت و بووەتە هۆی تێکچوونی باری کەشوهەوای سەر ئەرزو، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و، توانەوەی سەهۆلەکانی هەردوو جەمسەری باکور و باشووری گۆی زەوی و، فەوتانی هەزاران جۆرو رەگەزی زیندەوەر و رووەک و، پیسبوونی ئاو و هەواو خاک و پەیدابووونی نەخۆشی مەترسیدار وەک ئەنفلەوەنزای باڵندە و ئایدز و کولێرا و هی تر، کە هەموو ئەنجامی دەستێوەردانی نابەجێی سروشتە لە لایەنی مرۆڤەوە، ئەمە جگە لە تەشەنەی هەژاری و بێدادی و جەنگ و پاکتاوی نەتەوەیی و ئاینی و رەگەزی و سیاسی و... هتد!

بێگومان سیستەمی نا عەدالەتی کۆمەلایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەکان، دیسان ئەنجامی کرداری نا دروست و بیری چەواشە و بۆچوونی پڕ لە هەڵەی مرۆڤگەلە! ئەو دەردە کۆمەلایەتییانە لە جێگەی ترەوە نەهاتوون، بەڵکو خولقاوی دەستی بەشەرن.

## ٢

خەیاڵی مرۆڤ بێ سنوورە

عەقڵی مرۆڤ بێپەروا، هەموو کات خەریکی دۆزینەوە و داهێنانە.

مرۆڤ چاوچنۆکە، ئامانجێکی کۆتایی بۆ خۆی دانەناوە.

رەنگە لایەنێکی ئەم تەوژمە، لەو رووەوە ئەرێنی بێت، کە هەندێ لە داهێنان

و دۆزینەوەکان سوود بەخش و جوانن.

لێ مرۆڤ لە هەندێ دۆزینەوە و داهێناندا بە پێچەوانەی ئاوات و خەونی مرۆڤدۆستانەی خۆی، گەیشتووە.

لە هەندێ بواریشدا لە دەستی خودی مرۆڤ دەرچووە، ئیتر ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە، وەکو دینامیت و وزەی ئەتۆمی بۆ ئامرازی جەنگ، گەر نا وزەی ئەتۆم بۆ ئاشتی و وزەی کارەبا و بەرهەمی سوودمەندی تر، ژیانی مرۆڤایەتی بەرەوپێش دەبات.

ئەو کەسەی بە زانستبینی وردەوە بڕوانێت، رەنگە لەگەڵ ئێمەدا بەو ئەنجامە بگات کە لە هەر هەڵەیەکی ئەزموونی ئێستای (بەرکەوتێنەری هادرۆنی گەورە) کە لە تۆنێلی ژێر زەویی نێوان فڕەنسا و سویسرادا هەزاران زانای فیزیک خەریکی (بەرکەوتنandنی پرۆتۆنی بەیەکەوەن). بۆ دووبارە ئەنجامدانی رووداوی تەقینەوەی مەزنی گەردوون BigBang کە لە رووی تیۆرییەوە گەردوونی لێوە لە دایک بووە.

رەنگە لە دیدێکەوە جوان و بەرز بێت ئەگەر مرۆڤ لە رێگەی ئەو تاقیکردنەوەوە زانیبێتی یەکەمین لەحزەی دروستبوونی گەردوون چۆن بووە و دوای تەقینەوە مەزنەکە چی رووی داوە. بەڵام کێشەکە لە توانای کۆنترۆڵکردنی (ئەگەری) ئەو ئەزموونە دایە، کە ئایا زانایان مسۆگەرن کە لە کۆنترۆڵیان دەرناچێت؟

ئەوەتا کۆمەڵێک لە زانایان ترسی گەورەیان لێ نیشتووە، مەبادا کارەکە لە دەست بەشەر دەربچێت و پلەی گەرمای ناو تونێلەکە ئەوەندە بەرز ببێتەوە ئیتر کارەساتی چاوەڕوان نەکراوی لێ بکەوێتەوە.

ئەوە، لە رووی زانستییەوە ئەگەرێکە.

هەندێ زانای گەورە پەشیمان بوونەتەوە و چوونە لە (دادگای نێودەوڵەتی سویسرا) داوای راگرتنی تاقیکردنەوەکە بکەن. ئەوان لەوە دەترسن کە لە ئەنجامی (بە یەکدادانی پرۆتۆن بە دوو ئاراستەی دژەیەک، لە پێناو تێکوپێکشکاندنی گەردیلەکان بەهێز و توانایەکی زۆرەوە)، رەنگە (تونێلی

ڕەش، یا دەلاقەی ڕەش/ چاڵەڕەش) دروست ببێ، کە هەموو شتێک، بە هەسارەی زەوی و، چی بەسەریەوە هەیە، لووش بدات واتە (کۆتایی هێنان) بە ژیان لەسەر ئەم هەسارەیەوە، بەڵکو نەمانی خودی زەوی.. جا چ کاریگەریی لەسەر هەسارەکانی تری دەوروبەری دەبێ؟ ئەمەیان بیر لێ نەکردووەتەوە!!

پرۆفیسۆرێکی فیزیایی بەناوی (فێرو) گوتوویەتی: «سروشت هەردەم شتی چاوەڕوان نەکراوی هەیە، بۆیە دەبێ خۆمان زۆر زووتر ئامادە بکەین و چارەسەری گونجاو بۆیان بدۆزینەوە..»، ئاماژەی (فێرو) بۆ ئەگەری ئەو مەترسییانەیە.

خۆ ئەگەر کار لە کار ترازا و تەوژمی هەرەزیادی گەرمایی و لە ڕادەبەدەر بوو، ئەوا ڕەنگە لە کۆنترۆڵی بەشەر دەربچێت، ئیتر نە ئامادەیی سوودی هەبێت و، نەچارەسەر بدۆزرێتەوە، واتە هەر چرکەساتێکمان ڕەنگە دوایین دەرفەتی مانەوەمان بێ!

(ئەنیس مەنسوور)ی نووسەری میسری[1] دەنووسێت: (ئا ئەمەیە کۆتایی) مەبەستی کۆتایی ئەم جیهانەیە کە دەیناسین. نووسەر دەڵێت کە زانایان چوونە لە دادگای نێودەوڵەتی سویسرا داوای ڕاگرتنی ئەو ئەزموونەیان کردووە کە لە کارگەی (سیرن) لە قووڵایی ژێر زەویدا ئەنجام دەدرێت، ئەو ئەزموونەش هەر بۆ ئەوەیە تا زانایان بزانن لە لەحزەی دوای تەقینەوە مەزنەکەدا، ئەم گەردوونە چۆن پێکهاتووە!

واتە: لە پێناو لەزەتی مەعریفەدا وجودی مرۆڤیان خستووەتە بەرمەترسی!

بەرامبەر بە سووربوونی هەزاران زانای ئەورووپا و ئاسیا، کە سەرمەستی ئەم دۆزینەوەن، کەسانی تر هەن لە بزنسمان و سیاسەتمەدار و زانای بوارەکانی تر کە دەڵێن: ئەزموونەکە ڕابگرن!

ئەم دێوانانە بگرن و بیانخەنە زیندان بە زەبری دادگا ڕایانبگرن.

ئەمجا نووسەر دەنووسێت (ئا ئەمەیە کە بلیمەتیی (عەبقەریەت) جارێکی تر بەرەو دێوانەگی دەمانبات).

.....................................................

- گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) ٢٣-٩-٢٠٠٨ لاپەڕەی زانست.

- رۆژنامەی خەبات - ٢٦-٩-٢٠٠٨

(١) رۆژنامەی ئەلشەرق ولئەوسەت - ٢٤-٩ و ٢٥-٩-٢٠٠٨

# کورد، بەخۆمان، ئەوە ناڵێین
# کە بیانییان دەیڵێن!

کوانی؟!

ئێمە هێشتا.. ئەوە بە «بڤە» دەزانین! بە خۆمان، لە ئامانج و بەرهەمی خەباتی خۆمان، هەڵدێین.

هێشتا دەترسین لە ئازادی، دەلەرزین بەرامبەر ئەوەی پێی گەیشتووین! ئایا باوەڕمان پێ نییە؟ یا لە شتێکی نادیار دەترسێین؟ ئەو «ترسە» کە ریشەی لە ناخمانا داکوتاوە؟ دەخوێنمەوە...

دەخوێنمەوەو هیچی تر. ئەز عەجەبام لەم گەردوونە! مرۆڤ ساڵەهای ساڵ بۆ ئاواتێک رەنج دەدات، وەختێکیش ئاواتەکە دێتە بەر دەرگەی مرۆڤەکە، ئەو لێی دەترسێ و، هەڵدێ!

چما غەیری کورد زیاتر باسی ئەوە دەکەن، ئەو «بڤە»یەی کە کوردان خۆیانی لێ دەدزنەوە؟!

راست، یان درۆ، تەنیا بۆ گێڕانەوە، چەند هەواڵم خوێندەوە (زۆربەتان خوێندووتانە یان بیستووتانە...).. (بڕوانە رۆژنامەی خەبات- ٢٠٠٧/١١/٢٨): - (ئومێد پامیر) نوێنەری پێشووی تورکیا لە un بە رۆژنامەی (میللیەت)ی تورکی گوتووە کە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا موناقەشەیەکی جیدی دەست پێ کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لەو بارەوە چەندین پێشنیازی جۆراوجۆریش تاوتوێ دەکات.. «یەکێک لە پێشنیارەکان ئەوەیە کە لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیا ریفراندۆمێک بکرێت و پرسیاری ئەوە لە کورد بکرێت کە ئایا دەیانەوێت لەگەڵ تورکەکاندا

بمێننەوە یان جیاببنەوە؟» ئومێد پامیر گوتی: کە پێشنیارێکی تریش ئەوەیە کە «هەرێمی کوردستانیش بە تورکیاوە بلکێندرێت و ماف و ئازادییەکانی هەموو کورد  لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق بپارێزرێت و پەرلەمانی تایبەت بەخۆی هەبێت و جگە لە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری کە پێویستە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەنقەرەدابن، لە هەموو شتەکانی تردا سەربەخۆبن.» ناوبراو هەروەها دەڵێ: «کوردی عێراقیش ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەن، چونکە قازانجیانە».

بیرۆکەی پێشنیارەکە لە سیناریۆکەی (تورکوت ئۆزال) دوورنییە کە ساڵی ١٩٩١ داوای کونفدرالیی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرد.

پێنشیاری یەکەم سەرنجڕاکێشە، کە کورد بەشداری ریفراندۆمێک بێ کە ئایا دەیەوێ لەگەڵ تورک بژیێ، یا جیاببێتەوە؟ ئایا تۆ بڵێی: ئەوان کە بە ریفراندۆمی کەرکووک قایل نە دەبوون، بەناچار ریفراندۆمی خەڵکی باکور بەگشتی قبووڵ بکەن؟

بارودۆخەکە سەیر دەسووڕێتەوە! ئەوەتا حزبێکی تری تورک ئامۆژگاریی حکوومەتەکەی دەکات تا نەترسێت لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراق!

ئەویش سەیرە... چونکە خەڵکی ئەم هەرێمە بەخۆیان باسی دەوڵەتیان نەکردووە.

لەوەش زیاتر... (دیسان: بڕوانە رۆژنامەی خەبات/ هەمان ژمارە): بەقسەی (پان ئەرمینیانێت) ٢٠٠٧/١١/٢٧، گەورە پسپۆڕی رووسی لە ئەنیستیتوتی دیراساتی لە ئەکادیمیای رووسیا بۆ زانستەکان، پرۆفیسۆر (کیریل ڤێرتیاییف) گوتوویەتی: «دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە کۆتایی نزیک بووەتەوە و بانگەشەکردن بۆ سەربەخۆیی بۆتە پرۆسەیەکی ئەمری واقیع و حەتمی» هەروەها ناوبراو گوتوویەتی: «کوردستان دەبێتە ناوبڕەیەکی نوێی نێوان رۆژاواو رۆژهەڵات.»...

لە زمانی (پان ئەرمینیانێت)ەوە، هەروەها (هایک دامۆیان) بەڕێوەبەری

مۆزەخانەی جینۆساید لە یەریڤان ، پایتەختی ئەرمەنستان، گوتوویەتی: «لە پەیماننامەی سیڤەر باس لە سەربەخۆیی کوردستان کراوە و.. لە ساڵی ٢٠١٠ تورک و کورد لە تورکیا یەکسان دەبن، ئەمەش بەو مانایەیە کە تورکیا هیچ سوودێک لە ئۆپەراسیۆنەکانی لە باکوری ئێراقدا نابات.

ئەمەیان وەها...

بیانییان نەخشە بۆ داهاتووی کوردستان دەکێشن.

کورد، بە خۆیان، نەیانوێراوە ئەوەندە دوور بڕۆن.

مەلیک شێخ مەحمودی نەمر ناوی رۆژنامەی حکوومەتەکەی نابوو: «ئومێدی ئیستیقلال»، لەساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٥، لە باکور، کۆمیتەی ئیستقلال دامەزرابوو، لە هەرچوارلا پەل و لقی هاوێشتبوو، شۆڕشی ١٩٢٥ کە بەشۆڕشی شێخ سەعید پیرانی نەمر ناسراوە، لەسەر زەمینەی ئەو کۆمیتەیە نەشونمای کرد و سەری هەڵدا. دەبا ئێمە بێدەنگ ببین.

بۆ بیانییانی بیهێڵین. ئەوان باشتری دەڵێن.

لەو قسەو باس و هەواڵانە، چەند راست. چەند نادروست، دوو شت تێ دەگەم:

١- دەسەڵاتی سیاسی تورکی، دیارە کەوتووتە لێکۆڵینەوە لە رێگە چارەیەکی سیاسی بۆ دۆزی کورد لەو وڵاتەدا ئەمەش چاکەو ئومێد بەخشە.

٢- ئێستاو، لە داهاتووشدا، دەردەکەوێت کە زەحمەت و فیداکاری و قوربانیدانی هیچ حزب و گرووپ و پێشمەرگەو هاووڵاتییەکی کوردستان، بەفیڕۆ نەچووە. ئەوەی ئەگەر بێتە بەرهەم، رەنجی شانی خۆمانە.

ئەوەی بچێک نا ئومێد بووە، ورە بێنێیەوە بەرخۆی ئومێدی بەخۆڕاگری میللەتەکەی بێت.

دەفتەری سێیەم:

# هەستی سروشت

# ژن خواوەندی ژینگە دۆستییە

١

بەرایی: ژینگە دۆستی، واتە تا مرۆڤ ژینگەی وەکو دۆستێک خۆش نەوێ، ناتوانێ ببێ بە ژینگە پارێزی دروست.

دەبێ تەواوی ژینگەی سەر ئەم هەسارەیە، کە لەدوورەوە وەکو هەسارەیەکی شین دێتە بەرچاوی گەشتیارە فەزاییەکان، هەمووی بەناومالّی خۆمان بزانین.

ئەم بابەتە درێژەدانی بابەتەکانی پێشووە لە بارەی ژینگەو ژینگە خاوێنی و ژینگە دۆستییەوە.

ژن خواوەندی ژینگە دۆستییە:

ژینگە خاوێنی ئەرکی ژن و پیاو و، بچووک و گەورەو، هەژار و دەوڵەمەندە. لێ ژن، دەکەوێتە نێو چەقی بازنەی ژینگەوە. هەموو شت لە ناو ماڵەوە دەست پێ دەکات.

خاوێنی ماڵ و بایەخدان بەسەوزایی و گوڵ و درەخت چاندن، لەناو ماڵەوە، ئەمجا بۆ کۆلان و گەڕەک و شەقام و گشت شار و دێهات، درێژە پێدەدات.

ئەوەی بە ژن دەکرێت بۆ پاراستنی ژینگە، بەپیاو ناکرێت. بەڵکو ژن خواوەندی ژینگە دۆستییە.

مێینە ئەسڵە:

خاتوو نەوال سەعداویی، بیرمەندی گەورەی میسر، کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی: (مێینە ئەسڵەکەیە/ الانثى هي الاصل). واتە: مێینە ئەساس و ئەسڵی ژیانە.

لە فەلسەفەی چینیدا، وەکو لە کتێبی (یی چینگ) واتە: کتێبی چارەنووس، هاتووە کە دوو هێز، یا دیاردە، یا دۆخ، هەمیشە جێگۆڕکێ دەکەن، ئەم دێ و ئەو دەڕوا، ئەو دێ و ئەم دەڕوا، وەک شەو و ڕۆژ، سەرما و گەرما، هەناسەکێشان و هەناسەدان، ژیان و مردن،... هتد!

لەو کتێبەدا، ئاسمان و زەوی بەرامبەریەک دانراون، کە ئاسمان سومبولی نێرینەو زەوی سومبولی مێینەیە دەڵێت: کە زەوی نیشانەی ژیان و بەخشینە، زەوی دایک و میهرەبانیی سروشتە، هەربۆیەش (ڕاستی) و (دروستی) بەنیشانەکانی زەوی دادەنرێت، زەوی ڕەچاوی ئەوە دەکات هەموو گیانلەبەران تێر بخۆن و پڕ بە ئارەزوویان بخۆنەوە.

کەواتە: زەوی (واتە: مێینە، دایک، ژن) ئەسڵ و بناغەی ژیانە. زەوییش تەنیا گۆڕەپانی ژینگەی کۆمەڵگەی مرۆڤانە. دەبێ ئەم تەنیا گۆڕەپانە بپارێزین. لێرەوەیە کە دەڵێم: وانەی یەکەمی ژینگە پارێزی، خاوێنڕاگرتنی ژیانی سەر ئەرزە.

ژن، لە ئەرزو سروشتەوە، نزیکترە. هەربۆیەش ژن گرینگترین کاریگەری ژینگە دۆستییە.

بزووتنەوەی سەوزەکانی دنیا لە ژنانەوە سەری هەڵداوە و، ژنان هەردەم زۆرینەی سەرکردەی گرووپ و حزبە سەوزەکان پێک دێنن.

ژینگە خاوێنی، ئازادییە:

ژنان، ئەگەر لە ناو ماڵدا ئازاد بن، زۆرینەیان ئەگەر گشتیانیش نەبن، بەپێی سروشتی ژیان، ڕوو لە پاکی و جوانیی ناوماڵ و دەوروبەر (وەکو کۆڵان و گەڕەک شەقامەکانیش) دەکەن.

کەواتە: ئازادی، ڕەگەزێکی ئەسڵیی ژینگە پارێزییە. هەربۆیەش دەبینین کە لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوزەکان هەمیشە ئازادیخواز بوونە و، پشتیوانی ئازادیی گەلانی تریش بوونە. بەگشتی دیموکراتخوازو چەپڕۆ دەژمێردرێن.

ژنانی کوردستان خاوێنن:

ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە دەبینین ژنانی کوردستان، بەپێی تواناو دەرفەت،

خاوێنی ناوماڵ و دەوروبەریان پاراستووە... مەگەر باری سەختی کۆمەڵایەتی و ئابووری و قەرەباڵغیی کە دەستیان کرابێتەوە (واتە: هەرکە ئازاد بووبن و کەمێک هەلومەرجی ئابوورییان بواری دابێت) ئەوا ژنان پاکی و خاوێنی و جوانیی ناوماڵ و دەوروبەریان راگرتووە.

ئێستاش دەتوانن ژینگە جوانتر رابگرن:

لەم وتارەدا، چەند بواری رۆژانە، بەکورتی باس دەکەین، کە چۆن ژنانی کوردستان، (دەتوانن) خۆبەخشانەو بەکەمترین خەرج و ماندووبوون، ژینگەمان پاکتر و جوانتر لێ بکەن:

١- فێرکردنی گیاخۆری.. بۆ وازهێنان لە گۆشتخۆری.

٢- راهێنانی خەڵک لەسەر جگەرەنەکێشان.

٣- سەوزایی و جوانیی ناوماڵ و حەوشە.

٤- کیسی پارچە لە جیاتی کیسی نایلۆن.

٥- کەم خەرجی و، بەفیڕۆنەدانی ئاو و شتی تر.

هەموو ژنان وەکو یەک نین لە تێگەیشتن و، بەتەنگەوە هاتن و، دەسەڵات و ئیرادەدا. لێرەدا، روومان لەو ئافرەتانەیە کە تێدەگەن و، دەسەڵاتدارن لە ناو ماڵدا. دڵنیاین کە کردەوەی دروستیان دەبێ بەنموونەو سومبول بۆ ئافرەتانی تر. زۆربەی خوو ڕەوشت و کرداری چاک و خراپ، لە ڕێگەی لاساییکردنەوە بڵاو دەبنەوە.

٢

ماڵ و، چێشتخانە و، خواردنی بێ گۆشت:

ژنان، ئەگەر خۆیانیش لە گۆشتخواردن واز بهێنن، یا ئێجگار کەمی لێ بخۆن و، لە زیانەکانی گۆشت ئاگەداربن، ئەوە دەتوانن خێزان و کەسوکاریان بەرەو گیاخۆری ببەن. دەتوانن، وردە وردە چێشتی بێ گۆشت لێبنێن، یا هەفتەی یەک جار زیاتر گۆشت دانەنێن.. لەگەڵ ئامۆژگاری دەربارەی سوودە هەرە گرینگەکانی گیاخۆری.

چێشتخانەکانمان فێرنەبوونە بەشێک لە خواردنەکانیان بێ گۆشت بن.. هیوادارین چێشتخانەکان فێربن رۆژانە بۆ ١٠-١٥ کەس (ئیتر زیاتر و زیاتر) خواردنی گیایی ئامادەبکەن و، ئەوەش، بەرِێکلام، رابگەیەنن.. تا بگات بەرِۆژێک چێشتخانەی وەهامان هەبێت، تەنیا تەنیا تایبەت ببێت بەگیاخۆری.

دڵنیام کە ئەو رۆژە دێ.

گیاخۆران (واتە: گۆشت نەخۆران) هەوڵ بدەن، خەڵک لە زیانی گۆشت ئاگادار بکەن و، لە چێشتخانەکان داوای خواردنی گیا خۆری بکەن.

لە جگەرە وازبهێنن:

پەرلەمانی کوردستان برِیارێکی گونجاوی دەرهێنا تا لە نێو ژووری وەزارەت و دەزگاکان و جێگە گشتییەکان جگەرە کێشان قەدەغە بکرێت، وابزانم، کە ئەم برِیارە لە ئاستێکی باشدا جێبەجێ بووە و سوودی هەبووە. ئێستا دەتوانن برِیاری گرینگتر وەربگرین، کە هەڵمەتێکی گشتی بەرِێوەببەین تا جگەرەکێشان بەگشتی قەدەغە بکرێت.

ژنان، کە زۆربەیان جگەرە ناکێشن (ئەمەش نەریتێکی زۆر چاکە) دەتوانن هەنگاوێکی گرینگ بەرەوپێش بچن.. ئەویش: کە نابێ لە ناو ماڵ جگەرە بکێشرێت، لە مێوانانیش جگەرەکێشان لەژوورەوە قەدەغە بکرێت.

بێگومان ئێستا، ژنان ناتوانن هەموو پیاوان لە جگەرەکێشانی ناوماڵەوە، قەدەغە بکەن. بەڵام ئەوەی دەتوانن هەوڵی بۆ بدەن.. واتە: ئێستا ئەو ژنانەی لە ماڵەوە دەسەڵاتدارن با نەهێڵن کەس لەناوماڵ جگەرە بکێشێت (ئەگەر مێوانیش بن). ئەو ژنانەش کە ناتوانن یەکسەر پیاوان لە جگەرەکێشان رابگرن، دەتوانن وردە وردە باسی زیانە گەورەکانی جگەرە کێشان بکەن.

بەهەر حاڵ، وەکو ئێستا لە ناوماڵانی وڵاتەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا باوە، ئێمەش دەتوانین بەو رۆژە بگەین کە کەس لە ژوورەوە جگەرە نەکێشێت.

گوڵی سێبەر و سەوزایی حەوشە:

گوڵ و درەختی سێبەر زۆرن و هەرزان و، بە ئاسانی دەچینرێنەوە، ئەگەریش مەرکان نەبوو، ئەوە دەتوانن لە تەنەکەی رۆن و قوتووی گەورەی

جۆربەجۆر کەڵک وەربگرن لە خۆڵی پڕی دەکەن و گوڵ و گیای تیا سەوز دەکەن. ئەگەر لەناو ژوورەکاندا، بەتایبەتی ژووری میوان، چەندین گوڵ و درەختی سێبەر هەبن، ئەوە هەم جوانەو هەم تەندروستییە خۆ هیچ نەبێ دەتوانن رەیحان و سەوزی وەها بچێنن، ئەوە هەموو ئەرکی ژنانە، کە خەرج و ماندووبوونی ناوێت. لەناو حەوشەش هەروەها بەتایبەتی ئەگەر بڕێک گەورە بوو، ئەوە ژنان دەتوانن هیچ نەبێ ٣-٤م٢ بۆ گوڵ و درەختی بەر رۆژ تەرخان بکەن.

خەڵک فێربوونە زۆربەی حەوشەکە چیمەنتۆ یا کاشیرێژ دەکەن، کە خراپە و جوانیش نییە خۆ دەتوانن هەندێک بۆ درەخت و گوڵ بەجێ بهێڵن بۆ نموونە: بەپێی قەوارەی حەوشەکە هەندێ جێگەی چوارگۆشە یا سێگۆشە، یا بازنەیی جیا بکەنەوە، بە کەرپووچ یا بلۆک، نیو مەتر بڵند دیواری بۆ بکەن، ئەمجا لەخۆڵ پڕی بکەنەوە و گوڵ و درەختی وەرزی بچێنن.. بێگومان ئەو پارچە سەوزییانە جوانی بەحەوشەکە دەدەن و، سوود بەژینگە دەگەیەنن. باوەڕم وەهایە کە ژنان دەتوانن، کەم و زیاد، ناو ماڵ و حەوشە، بەگوڵ و گیا و درەخت بڕازێننەوە.

ئێستاش ژنانی وەها هەن، کە ماڵەکانیان بەجوانی راگرتووە.

زیانی کیسی نایلۆن لەسەر ژینگە:

جگە لەوەی کە ئەو هەموو کیسە نایلۆنە (بە بوتڵی ئاوەوە) بە شەقام و دەشتدا فڕێدەدرین، ژینگەی ناشیرین کردووە، زیانیشی ئێجگار زیادە، چونکە نایلۆن کە تێکەڵاوی خاک دەبێ، دەیان ساڵی تریش لە خاکدا دەمێنێتەوە و زەوی پیس دەکا و کاریگەری نەرێنی لەسەر رووەک و درەخت و سەوزایی و پاکی سروشت هەیە.

ئێستا چارەسەر دۆزراوەتەوە کە نایلۆنەکان لە رێگەی ئامێری تایبەتی پیشەسازییەوە، دەکرێنەوە بەمادەی سوودمەندی تر.

کیسی پارچە:

لەجیاتی کیسی نایلۆن کیسی خام و پارچە بەکاربهێنن.

ئەم بزاڤـەش، لەهـەندێ وڵاتدا، پەرەی سـەندووە... کـە ژنان ئـیـتر نـاچن بۆ بازاڕ تا بـەچەندین کـیـسی نـایلۆن بگـەڕێنەوە، بەڵکو چەندین کـیـسـی پارچە دەکڕن، یا بەخۆیان لە پارچەی کۆن دەیدوورن، و شتومەکی بازاڕ بەو کیسانە دەهێننەوە، دواتر کـیـسـەکـان دەشـۆنەوەو، ڕۆژانـی تریش هـەروەهـا.. ئـیـتـر پێویستییان بەکیسی نایلۆن نامێنێ و، خاوەن دوکان و مەغازەکانیش کیسی نایلۆن دانانێن.

بەو شێوەیە ئیتر ئەو هەموو نایلۆنە فڕێ نادرێتەوە کۆڵان و شەقامەکان.

ژنانی کـوردسـتـانیش دەتوانن رووبکەنە کـیـسـی پارچە لەجـیـاتی کـیـسـی نایلـۆن.. دەشـتـوانـن بەخـۆیان ئەم کـیـسـە بدوورنەوە.. تا لە بازاڕدا کـیـسـی پارچە پەیدا دەبێ چونکە هەر شتێکی پێویست بازاڕی خۆی دەدۆزێتەوە.

بەفیڕۆنەدانی ئاو و وزەو خەرجیی شتی تر:

هەموو ئەوانە بـە ژن دەکرێت، کـە هـەوڵ بدات وزەی کـارەبا کـەمـتـر بەفـیـڕۆ بچێت ئاو لە خۆڕایی نەڕژێت، خەرجی ڕۆژانە کەم بکرێتەوە.

پرسـیـارێکی سـادە: لە ئاسـتی ئەو توانایییـانەدا کـە لـەدەسـتی ئافـرەتانە، دەپرسین: کـام ڕێکخـراوی ئافـرەتان یا ژنـان، تیپ و لیـژنەی تایبـەتیـیـان بۆ بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری پێکهێناوە؟ چ هـەوڵێکیـان داوە بۆ هـەر کردەوەیەک لەو بوارانـەدا؟ بەهەرحـاڵ، ژن دەتوانێ ژینگـە بپـارێزێ، بەڵکو بنـاغـەی ژینگە دۆستییە. مێینە ئەسڵەکەیە. ژن پارێزەری گیانی ژینگە پاکییە.

# هەستی سروشت

قەت بووە کۆترێک هۆگرت بووبێت و، ئازادانە لەسەر شانت نیشتبێتەوە، یا لەناو لەپت دانەوێڵەی خواردبێت؟ بێگومان زۆر کەسان رەنگە بەو ئەزموونە سادەیەدا رەت بووبن... هەروەهاش ئەسپەکان بەهێمنی لەو کەسەی دەیناسن نزیک دەبنەوە، پشیلەکان بەبێ ترس ناز دەفرۆشن و لەسەر نوێنەکەت دەنوون... کەواتە، مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ گیانی دۆستایەتی لە تەک ئاژەڵان و پەلەوەراندا پەروەردە بکات بێگومان، هەروەهاش دەتوانی ئەو دڵنیاییە بە مرۆڤگەی تر بدات تا ببێتە جێگەی بڕوایان. چەند خۆشە تۆ لە تەک مرۆڤگەلێک بژییت کە جێگەی متمانە و بڕوایی تۆن! ئا ئەوەیە نموونەیەک لە بەهەشتی ژیان.

پێچەوانەکەی دۆزەخ و ئەشکەنجەخانەیە چەند ناخۆشە، دەوروبەرت کەسانێک بن، تۆ هەمیشە لێیان بەگومان و بەترس و دوودڵ بیت چونکە نازانێت چ وەختێک وەکو دووپشک پێدا دەچزێن! ئەوەیان دۆزەخەکەیە، خانە خراپ!

خۆ ئەزموونی ژیان دەری خستووە کە تۆ چۆن ببی، ئاوەها تووش دەبیت، ئەگەر کەسانی ترت خۆش بوێ، ئەوا شەپۆلی خۆشەویستیت بۆ دەگەڕێتەوە ئەگەر لە خۆڕا رقت لە خەڵک بێتەوە، ئەوە تیری رقت بۆ دێتەوە.

لە تەک سروشتیدا وەهایە.

دەڵێن: تەنانەت باخچەش لە هەست و دەروونی باخەوان هۆشیار و ئاگەدارە. گوڵ و گیا و درەختەکان باخەوانەکە دەناسن. ئەگەر باخچەکەی خۆشویست و لە دڵەوە چووە سەردان و ئاوی دان پاراستنی، ئەوە لەکاتی هاتنیدا باخچەکە دەگەشێتەوە، گوڵەکان بەهێواشی سەری بۆ دەهەژێنن و...

له ئەنجامدا، ئەو باخچەیە تەڕە تازە و جوان دەمێنێتەوە.

خۆشویستنی نیشتیمان دەبێ لە قووڵایی ئەو جۆرە هەستەوە پرشنگ بداتەوە، تەماشای سەدان وڵاتی دنیا بکەن... دەبینن وڵاتێک لە ئەوی تر جوانتر و پاکتر و تەندروستترە، بەڵام وڵاتی تریش هەیە کە کەشوهەوای گونجاوی هەیە و، خاوەن خاک و ئاوو سروشتی گونجاوە، بەڵام خاوەنەکەی بەزەیی پیا نەهاتووە و لێی نزیک بووەتەوە و نەبووەتە دۆستی نیشتیمانەکەی.

تەماشای دەشتی هەندێ دەڤەری عێراق گەرمیانی ئێمە بکەن کە چۆن وشکەڵانی و رووت و سارای بێ نازە.

ئەمجا تەماشای میرنشینی (ئەبوزەبی) و (دوبەی) بکەن.. کە خاکەکەی وەک دەشتەکانی ئێمە وشکەڵان و رووتاوەن، بەڵام دڵ و بیرودەستی مرۆڤ سارای گەرمی ئەو میرنشینانەی کردوون بە بەهەشتی سەوزی جوان و پاکی دڵگیر رژێمگەلی عێراق سەدان بەرامبەری میرنشینەکان سەروەت و سامان و داهاتیان هەبووە، بەڵام تۆزێک بەزەیی و (میهرەبانی و دۆستایەتیی خاکی ئەم وڵاتەیان لەدڵ و دەروون و هزردا نەبووە، فەرموو ئەوێ ببینن و ... ئێرە ببینن.

کەواتە، سەرەتا خۆشەویستی و دۆستایەتیی گەرمی دەروونیی گەرەکە ژینگەپارێزی لە ژینگە دۆستییەوە دێت. ئەم فەلسەفەیە هێزی بزوێنەری بزاڤێکی گەورەترە.. فراوانتر لە تاکە وڵاتێک رۆیشتووە. ئەم بۆچوونە دبێژی کە گۆی زەوی (هەسارەی زەمین) یانەی گشتیی گشت ئادەمیزادانە، بەهەموو دانیشتوانانی سەر ئەم هەسارەیە تەنیا یەک ژینگەمان هەیە، ئەگەر پێکەوە نەیپارێزین ئەوا تا (٣-٤) ساڵی تر، هەموومان لەسەر ئەرز، دووچاری نەهامەتی گەورە دەبین، لافاو گەردەلوول و وێرانی زیاد بەرپا دەبێ، سەدان ملیۆن کەس بێ خانمان دەمێننەوە چونکە چەندین پارچەی وڵاتەکانیان دەکەونە ژێر ئاو... هەروەها رەنگە وشکەساڵی و کەم ئاوی و نەخۆشی و برسێتی تەشەنە بسێنێ و هەڕەشە لە چارەنووسی چەندین ملیارد مرۆڤ بکات کەواتە: خەڵک چ بکەن؟!

دبێژن: دەبێ خەڵکی بەزەییان بە ژینگەدا بێتەوە، سەوزەڵانی و

دارستانەکان بپارێزن، بەڵکو زیاتر درەخت بچێنن و فەزای سەوزایی بەرفرەتر بکەن، دەبێ بەزەییان بە گیانلەبەران، بێتەوە، ئاژەڵان و پەلەوەران بپارێزن، گۆشت نەخۆن ( یا ئێجگار کەمتر بخۆن) تا ئەو گیانلەبەرانە، چ هی سەر زەوی یا هی ژێر دەریا، بپارێزن. کەواتە، گیاخۆربن، لە گۆشت واز بهێنن.

تا دەتوانن کەمتر دووکەڵی ماشین و دەزگاکانی پیشەسازی بە ئاسمانا هەڵبسێنن ڕێژەی دووئۆکسیدی کاربۆن و میتان و گازەکانی تر کەم بکەنەوە. دبێـژن: بایەخ بە بەرزکردنەوەی گیانی مەعنەویتان بدەن، لەجیهانی پاکی ویژدانی ئازاد نزیک ببنەوە..

دبێژن و...دبێژن و... دبێژن...

هەموومان گوێمان لێیە، لێ زۆربەمان دڵمان لەلای هیچ نییە. دەبێ ئەمە سەردەمی ڕۆشنبوونەوەی ویژدان بێت.. کە ئەو کاتەیە سروشتی دەوروبەر بە پارچەیەکی نەپچڕاوی گشت جیهانی سەر زەوی دەزانین و، خاک و ئاو وهەوا و بوونەوەرەکان بەدۆستی خۆمان دەزانین. دۆستایەتی بەشەڕ و گیانلەبەرانی تر، کاتی و زووگوزەرن، ئەوەی کە هەردەم دەمێنێتەوە دۆستایەتی سروشتە... دۆستایەتی پەروەردگار سروشتە.

## مژێک هەوای پاک

١

نەهامەتی ژینگە گەمارۆی داوین...

وشکەساڵی و قەتیسبوونی گەرما و گرانی و قەیرانی ئابووری و تەشەنەسەندنی کێشەو گرفتە نژادپەرستی و تایفەگەرییەکان.

لەولاشەوە مەترسیی چەکی ئەتۆمی و تیرۆریزم و سەر شێتی گرووپ و کەسانی تەنگبین، کە کەس نازانێ بۆچی ئەوەندە دەمارگیر و توند خود و خوێنرێژن.

ئەم تەقینەوە کوێرکوێرانەی بێ مەرام و بێ ئەنجام... تا بەکەی؟

دەیانەوێ دنیای بەشەریی ئەمڕۆ بڕووخێنن... دوای ئەوە، چی؟!

چ بەرنامەیەکیان لە مێشکدایە؟

لەبەرچی ناهێڵن کۆمەڵگەکان ئۆقرە بگرن؟

شێواندنی باری کۆمەلایەتی پاکستان و ئەفغانستان بۆ چییە و بۆ کێیە؟

تەقینەوەکانی بەغداو شارەکانی تری عێراق، بۆچی؟

هەڕەشەکان لە کوردستان، لە پێناوی چیدایە؟

کوردستان، لە کاتێکدا بووە بە دوورگەیەکی ئارامی و ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناڤیندا، بۆچی دەبێ تێکبچێ و بکەوێتە نائارامی؟

٢

شاندێکی رۆشنبیرانی ولاتی (فنلەندە)، بەر لە ماوەیەک، گەیشتنە هەولێر پرۆفیسۆرێکیان لەگەڵدا بوو، لە دیوانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەناوی ئەندامانی شاندەکەوە شادمانیی دەربڕی و گوتی:

– ئەوە یەکەم جارە سەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەین.

گوتم:

– بەجێگەی دروستی ئەم رۆژهەڵاتە گەیشتوون. تەماشای نەخشە بکەن: ئەوەتا تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. پارچەیەکی هاوسنووری هەر یەک لەو وڵاتانە وەربگرن، کە پارچەیەکی گەورەی لێ پێک دێ، ئەوەیە کوردستانی گەورە... کە دروست کەوتووەتە ناو جەرگەو دڵی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.)

گوتم: کەواتە، میوانە بەڕێزەکان، ئێوە بەناو جەرگەی ئەو رۆژهەڵاتە گەیشتوون. ئەو رۆژهەڵاتە لە کوردستان کۆبووەتەوەو چڕبووە.

٣

دوای چەند رۆژ، بەخۆشی و شادمانی، کوردستانیان بە جێ هێلا... کۆڵێک یادەوەری جوانیان لەگەڵ خۆ بۆ (فنلەندە) گواستەوە.

نەیاران و حەسوودان دەیانەوێ ئەم بەهەشتە ئاساییە لێمان بە دۆزەخ وەربگێڕن.

ناپاکەکانی ناوەخۆش خۆی بەسەر برینەکانا دادەپاشن.

دوورتر بنۆڕن... چ جوولانەوەیەکی وەرچەرخانە! لە باکور ناچار بوونە لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکەونە گفتوگۆ. لەوێدا کورد خۆی داسەپاندووە.

لە رۆژهەڵاتەوە بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بۆ مافی ژنان و ئازادی کەوتۆتە رێ.

لە کێشەی فەڵەستینی ئیسرائیلیدا ئیتر ناتوانن بێدەنگ بن. واشنتۆن هەردوولا بەرەو ئاشتی و ئاساییبوونەوە نزیک دەکاتەوە.

گرفتە کۆن و تازەکان پێکەوە سەریان هەڵداوەتەوە.

ئیتر بێدەنگی رەوا نییە.

ئیتر دەبێ کەشوهەوای ئازادی و دیموکراتی سەر بە هەموو وڵاتێکدا بکات و، گۆمە مەییوەکان دەبێ بشڵەقێنەوە!

٤

سەردەمی وەرچەرخانەکانە.

گۆمەکان لە بنەوە شڵەقاونەتەوە.

خەڵکی خنکاو و پەراوێزکراو مینبەری دەنگیان بۆ رەخساوە.

ئیتر کەسی بێدەنگ نامێنێ.

ئیتر دەنگی هەر کەسێک دەگات.

هەر خاوەن هەقێک، بە مافی خۆی دەزانێ بەشوێن هەقی خۆیدا بگەڕێت.

ئەوە، سەردەمی هەقدارانە هەقی خۆیان وەربگرنەوە.

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا دبێژی: دیموکراتی ئەوەیە کە هەر گەلێک چارەنووسی خۆی ئازادانە دیاری بکات.

ئەوە هەمان پەیامی سەرۆک ئەمەریکای ساڵی ١٩١٤یە کە جاڕنامەی مافی گشت گەلانی راگەیاند... ئەو پەیمانە تازە شین دەبێتەوە!

## وزەی پاک: تەکنۆلۆجیا و عیشق

گرینگ پاراستنی ژینگەی سەر ئەرزە، کە ئەرکێکی هەنووکەیی گشت خەڵکی زیندووی ئێستایە.. هەروەها داهاتووش.

دوا بۆچوونی زاناو پسپۆڕانی ئەیکۆلوجی بەوە گەیشتووە، کە ئەگەر لەم سەردەمەدا (واتە: لە تەمەنی نەسلی ئێمەدا) چارەسەری گرفتەکانی ژینگە نەکرێت، ئیدی رەنگە ژیانی مرۆڤگەل و گیانلەبەرانی تر بکەوێتە بەر هەڕەشەی فەوتان.

کەواتە: مەترسییەکە جیدییە.

لە هەوڵ و کۆششدا بۆ چارەسەری ئەوەندەی لە دەستی مرۆڤدایە، چەندین رێگامان گرتووتە بەر:

یەک: پێشگیری: کە نەهێڵین چیتر ژینگە پیس و ئاڵوودە ببێ و هەوڵبدەین شینایەتی دارستان و باغ و سەوزەڵانی و جوانی بۆ سەر ئەرز بگەڕێتەوە.

دوو: لە رێگای تەکنۆلۆجیاوە هەوڵبدەین گازە ئاڵوودەزاکان، وەک دوو ئۆکسیدی کاربون و میثان و هی تر. کەمتر بە هەوادا بکرین، بۆ ئەمەش روومان لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی نەوت و خەڵووز و هی ترە، بەڵکو هەوڵ بدەین لە وزەی با و وزەی هەتاو کە وزەی (پاکی پێ دەڵێن)، سوود وەربگرین، تەنانەت لە ئەورووپا باس دەکرێت لە بەکارهێنانی ئاو لە جیاتی بەنزین بۆ سەیارەو ماشینەکان.

سێ: عیرفان و وزەی رۆحی.. کە بەشێک لە دانا رۆشندڵ و رۆحانییەکان دەڵێن کە رێگەی عیرفان و رۆشنبوونەوەی ویژدان (دەروون) خەڵکی سەر ئەرز لە فەوتان رزگار ئەکات.

دەڵێن کە کەشوهەوای رۆحیی سەر ئەرز پیس بووە، ئەویش لە ئەنجامی

کوشت و کوشتاری مرۆڤگەل و سەر برین و راوی ئاژەڵەکانەوە، هەربۆیەش دەبێ هەوڵبدەین لەو بارە گرانە سووک بکەینەوە و، چی تر کەشوهەوای رۆحی تاریکتر نەبێ.

جا چی بکرێت بۆ پاکبوونەوەی رۆح و گەیشتن بە دەرگەی عەشق و عیرفان؟

دەڵێن: یەکەمین رێگە گۆشت نەخواردنە، واتە: نەکوشتنی ئاژەڵ و پەلەوەرانەو رووکردنە لە گیاخۆری و کەم خەرجییە.

ئەگەر گیانلەبەر کەمتر بکوژرێت ئەوە باری ئاڵوودەبوونی رۆحی سووکتر دەبێ، جگە لەوەش گیاخۆری بۆ تەندروستی لەشی مرۆڤ سوودبەخشەو رێگەیەکە بۆ پاراستنی ژینگە.

نموونە دێتەوە کە زۆربەی رووبەری دارستانەکانی سەر ئەرز بۆ پەیداکردنی لەوەڕگای ئاژەڵان لە نێو براون، دەبێ کارێک بکەین دارستان و رەزو باغ و سەوزایی بگەڕێتەوە سەر زەوی.

هەروەها لە رووی رۆح پەروەرییەوە دەڵێن کە خۆپالاوتن و بەخۆداچوونەوە و پاڕانەوەی راستگۆیانەو ئارەزوو دەربڕین بۆ سەلامەتی و مانەوەی گشت گیانلەبەران، رێگەی ئەزموونکراوی ترن لە پێناو پاکژبوونەوەی کەشوهەوای زەوی لە نیگەتیڤکاریی رۆحی بەدو ئاکامی کوشت و کوشتاری مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەرەکان.

کەواتە: پاراستنی ژینگە دوو رێگای لە پێش ماوە: یەک تەکنۆلۆجیا، دوو: عەشق و عیرفان و پاکبوونەوەی رۆحی.

لە هەردوو رێگادا کارەکە بەدەست ئادەمیزادەو، بۆ خواست و زانایی و شارەزایی ئەو دەمێنێتەوە.

جا ئەو ئینسانەی کە ئەوەندە دەربەستی ژینگەی خۆی و دەوروبەر ببێت ئاخۆ دەبێ لە چ ئاستێکی بێداری ویژدانی و هۆشیاری و هەستیاریدا بێ؟!

دەبێ چۆن ئەو جۆرە ئینسانە پەروەردە ببێت کە خۆی بە بەرپرسیاری هەموو شتێک بزانێت، بەتایبەتی لە ژینگەدا؟

ئەگــەر تەکنۆلۆجــیــا نەتوانێ ئەو ئادەمــیــزادە پەروەردە بکات، ئەوە دیارە ڕێگەی دووەم دەمــێنێــتــەوە کــە بێــداری ویژدان و خــۆهــوشــیــاری و گــیــانی خۆبەخشییە، واتە عەشقە.

کەواتە کۆمـەڵگەی مـرۆڤایەتی دەبێت بـەرەو دامەزرانی جیـهـانێکی ئەخـلاقی بڕوات، تێیدا بەها جوان و بـەرزەکانی تەواوی مێژووی پیادە بکرێن، گەرنا... چاوەڕوانی فەوتانی خۆی دابنیشێت!

# ئاو زندەگانییە

کورد ئەڵێ: ئاو و ئاوەدانی

واتە: ئاو نەبێ، ئاوەدانی نییە

هەروەها ئەڵێ:

ئاو زیندەگانییە

ئاینەکان، چ ئاسمانی چ ئەوانی تر، رێزیان لە (ئاو) ناوەو بە رەگەزی پیرۆزی وجوودیان زانیوە. قورئانی پیرۆز ئەڵێ: هەموو زیندوەرێکمان هەر لە ئاو خوڵقاندووە. لە ئاینی کریستیانی (مەسیحی) دا، بە ئاو (واتە شۆردنی لەشی مناڵ و گەورە) پەیمانی ئاینی دروست دەدەن (تەعمید دەکەن).

ئاو، بەتایبەتی ئاوی خاوێنی رۆیشتوو، مەرجێکی هەرە بنەڕەتی پەرستنە لە ئاینی سابیئەی مەندائیدا. هیندۆسییەکان، هیچ نەبێ، ساڵی جارێک دەبێت خۆیان بخەنە ناو رووبارەکەیانەوە.

لە ئاینی زەردەشتیدا ئاو ئەوەندە پیرۆز و جێگەی رێزە کە نابێ جەستەی مردوو لەناو رووبار بشۆرێت و، نابێ لەشی ئاژەڵی تۆپیو فڕێ بدرێتە ناو جۆگەلە و رووبارەوە.

نزیکەی ٧٥٪ی رووبەری هەسارەی زەوی ئاو داپۆشیوە، هەروەها نزیکەی ٧٥٪ی لەشی مرۆڤ لەئاو پێکهاتووە. ئاوی شیرین، بەکوردی، بەئاوی پاکی شیاوی خواردنەوە ئەڵێن. بەڵام هاوسەنگی ژیانی سروشتی تێکچووە ئاوی شیرین تا دێ کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا سەرژمێری بەشەر لەزیادبووندایە، ئاژەڵ و پەلەوەر و، تەنانەت، رەز و باخ و شینایەتی بەگشتی، بەبێ ئاوی شیرین پاک ناژین.

پیسبوونی ئاو، واتە پیسبوون و لەناوچوونی گرینگترین رەگەزی ژیان، ئێستا لە نێوان زانا و پسپۆڕەکاندا، دانوستانی زیاد هەیە دەربارەی چارەسەری کەم ئاوی و، مەترسی وشکە ساڵی فراوانتر، بەتایبەتی کە پلەی گەرما بەرەو هەورازترە.

لەم کەش و هەوایەدا چاڵە بەفر و سەهۆڵەکانی سەر ئەرز، خێرا، دەتوێنەوە و ئاستی دەریا و ئۆقیانووسەکان بەرەو بالآتر دەچێت و، مەترسی کارەساتی لافاو و گەرداوی وێرانکەر، زیاد دەبێ.

زانایان بیر لە ڕێگا چارەی پاراستنی ئاو دەکەنەوە.

بڕێک لەزانا و شارەزایان دەیان شێوەی پاراستنی ئاو پێشنیار ئەکەن، کە چۆن کەمترین میقداری ئاو مەسرەف بکەین، ئەو ئەرکەش، وەکو هەمیشە، لەناو ماڵەوە دەس پێ دەکات. واتە: ئەرکێکی تر لە ئەستۆی ئافرەتانە... کە باریان ئەوەندە سووک نییە تا قورسایی تریان بخرێتە سەرپشت.

لێ... چارەش نییە، ئافرەت ئەسڵی کۆمەڵگەیە، ئەو دەبێ پشکداری سەرەکی بێ لە پاراستنی ئاو و، ڕێگە نەدات ئاوی زیاد بەفیرۆ بڕژێت. هەندێ زانای دیکە ئێژن کە گۆشت نەخواردن (واتە: تەنیا سەوزە و مێوە خواردن) ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پاراستنی ئاو، چۆن؟!

ئەڵێن: ئاوێکی ئێجگار زیاد بەفیرۆ دەڕوات، هەر لەکاتی پەروەردەی ئاژەڵان و پەلەوەرانەوە، تا سەر بڕین و، ئاوی خاوێنکردنەوەی گۆشت و، ئاوی کوڵاندن و، ئاوی پاککردنەوەی ئامان و قاب و قاچاغ و ناو چێشتخانە و جلوبەرگ و دەست و... تا دوایی!

هەندێ زانا گالۆن بەگالۆن ئەو هەموو ئاوەیان ژماردووە.

ئەمجا ئەڵێن: ئەگەر لەجیاتی گۆشت سەوزە و میوە و چێشتی گیاخۆری بخۆن... ئەوە ئاوێکی زۆر کەمتر خەرج دەبێت، چونکە تەنیا شوشتنەوەی سەوزە و میوە ئاو دەبات، ئیتر مەگەر بۆ دەست شوشتن کەمێ ئاوی پێویست بێ، خۆ کوڵاندنی چێشتی گیاخۆری کەم ئاوی دەوێ، یا هەر نایەوێ...

چێشتی گیاخۆری مەگەر کەمێ ڕۆنی بوێ و، زوو دەکوڵێت... کەواتە

سـووتەمـەنی و وزەی کـارەبای کـەمـتـر سـەرف دەبێت، قـابەکـان شـوشـتنی کەمتری دەوێ...

چێشتخانەی گیاخۆری سەدان جۆری خواردنی[١] بە تام و چێژ[٢] لێدەنێت بۆ نموونە: هـەندێ جار باینجان، تەماتە، پیاز و شتی وەها دەکەن، یا کەدوو، دۆشـاوی تەمـاتە، پەتاتە و شـتی تر... جـاری وەهاش: دۆڵمـەی بـێ گـۆشت، کفتەی بێ گۆشت و... دەیان جۆری تری خواردن، جگە لەوەش خواردنی کاڵی میوە و هەندێ سەبزە لە هەندێ ژەمدا.

مەبەست ئەوەیە، کە خواردنی خۆشتر بەکەمترین ئاو ئامادە دەکرێت، جگە لەوەش، گـیـاخـۆری لە دەیان نـەخـۆشی دەتـپـارێزێت، لە کـاتێکدا زۆربەی نەخۆشییەکان لە گۆشتخۆرییەوە دێن.

---

(١) سەوزە و مێوە زۆرن، و ناوی هەندێک لەم دەڤەرە بۆ ئەوی تر، دەگۆڕێت، وەکو:

گرتۆپە= پەتاتە. پەتات

تەماتە= بەعجانە سوور. بایجانە سوور

باینجان= باینجانە رەش. بەعجانە رەش

پاقلە=پاقل

سێو= سێڤ = ساو

پیاز = پیواز

٢- لەخۆڕا ناڵێم.. بەڵکو چێشتی گیا (بێ گۆشت) بەتام و چێژە، لەمێژ بوو گۆشتی کەم و... کەمتر و کەمترم دەخوارد، تا لەکۆتاییدا بە ئێجگاری وازم لە گۆشت خواردن هێناوە، لەوساوە تەندروستیم لەزەمانی گۆشتخۆری باشترە لەوەڵامی خانمێکی بەرێزدا ئەوە دەڵێم کە لێی پرسیوم: خۆت چی؟! ئایا گۆشت ناخۆی؟! دەڵێم: ئەگەر خۆم لەگۆشت وازم نەهێنابا بەکەسم نەدەگوت: گۆشت مەخۆ! هیچ نەبێ باسی خۆم ئەکەم کە سوودم لە گیاخۆری وەرگرتووە، من پزیشک نیم، تەنیا لەسەر خۆم تاقی دەکەمەوە، هەرکەسیش ئازادە، باشتریشە پرس بە پزیشکەکەت بکەیت.

# هاوسۆزی

دوابەدوای وتاری پێشوودا دەڵێم:

– تۆ نە جارێک، بەڵکو دەیان جار هەستت کردووە کە پێویستت بە هاودڵی و (هاوسۆزی) ئەوانی ترە، ئەندامانی خێزانت بن، یا دۆست و ناسیاو و برادەرو، یا هەر کەسێک بن.

– هەر کەسێک دەکەوێتە ئەو دۆخەوە، کە هاوسۆزیی لەگەڵیدا بە هەر شێوەیەک، تەنانەت بە وشەیەکی خۆشیش، باری گرانی سووک دەکاتەوە.

– وەکو چۆن تۆ چاوت لە هاوسۆزی ئەوانی ترە، ئاوەهاش خەڵکی تر چاوەڕوانی هاوسۆزی و هاودەردی تۆ دەمێنن.

– ئەگەر بە ئاگایی و هۆشیاری چاودێری خۆت و ژینگەت ببی دەبینیت ئاژەڵانی دەوروبەرتیش بەشێوەیەک، هاوسۆزی دەردەبڕن.

– نهێنی میهرەبانی، ئالێرەدایە... کە مرۆڤ، هەرچەندە بوونەوەرێکی بچووکی سروشتە، بەڵام لە بارتەقایدایە تەواوی سروشت بخاتە بەر تیشک و وزەی خۆشەویستی و (هاوسۆزی) خۆیەوە.

واتە: هاوسۆزی سەرچاوەی میهرەبانی و خۆشەویستییە.

– هاوسۆزیش دەبێ بێ بەرامبەر بێت و، خۆبەخش و خۆ لەخۆ بێت.

– ژیان خۆڕسکە، لە میهرەبانی و هاوسۆزییەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەموومان، هەموو بوونەوەرەکان، بە رۆشنایی ئەو هاوسۆزییە گەردوونییە، راگیراون.

– هەڵەی ئادەمیزاد لەوەدایە کە وادەزانێت خۆی لەم وجوودەدا تەنیاو تەنیایە و... هەر بەخۆی هەیەو، بەهێز و ویستی خۆی بەڕێوە دەچێت. نازانێت

کە قەت وەها نییە.

– زۆرجاران بووە کە سوارێک لە ئەسپەکەی دەگلێ و بریندار دەکەوێ، بەڵام ئەسپەکە بەجێی ناهێڵێ، هاوسۆزیی لەگەڵ دەردەبڕێ، تا... سوارەکە هەڵدەستێتەوە. ئەسپەکە بەسەرییەوە دەمێنێ تا یەکێک بەهانایەوە دەگات.

– راوچی، تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، کە بریندار بێت یا بمرێت... بەڵام سەگەکەی بەجێی ناهێڵێت تا فریادڕەسێک دەگات.

– دەیان و سەدان نموونەی زیندووی وەها پەیدا دەبن. چونکە سروشت بەگشتی جۆرە هەستێکی نەبینراوی تێدایە، هەموو بوونەوەرەکانی دەگرێتەوە دەتوانین ناوی (هاوسۆزی) لێ بنێین.

– هەربۆیەش هەندێ زاناو پسپۆر دەڵێن کە سروشتی سەر ئەرز توانای (خۆ تیمار) هەیە... واتە: ئەگەر مرۆڤ وازبهێنێ لە دەستێوەردانی سروشت و خراپکاری، ئەوە سروشت خۆی دەزانێت چۆن خۆی چاک بکاتەوە.

– وێرانکاریی مرۆڤ هۆکارێکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە.

– دەبا لەجیاتی دارستان بڕین و سووتاندنی هەوڵبدەین زیاترو زیاتر دارودەرخت بنێین و رووبەری شینایەتی فراوانتر بکەین... دەبا کەمتر گۆشت بخۆین، یا بە یەکجاری واز لە گۆشتخۆری بهێنین... دەبا گازی دووئۆکسیدی کاربۆن و گازی میتان و هی تر، کەمتر بە هەوایا بنێرین... ئەوکات ببینن و بزانن (دوای چەندین ساڵ) کەشوهەوای سەر زەوی چۆن بەرەو پاکی و جوانی دەگۆڕێت.

– شارەزایان دەبێ ئەوەیان زانیبێت کە کەشوهەوای شاری هەولێر بڕێک چاکتر (پاکترو فێنکتر) بوویێتەوە چونکە لە ١٠-١٥ ساڵی دواییدا شینایەتی تادێت، دەوروبەرو نێو هەولێر دەگرێتەوە.

– کەشوهەوای پاکی (پارێزراوەی سروشتیی بارزان)، کە تاکە پارێزراوەیەکی کوردستانە، بێگومان کاریگەریی پۆزەتیڤی بەسەر دەوروبەری خۆیدا هەیە.

– خۆ ئەگەر لە کوردستاندا چەندین دەریاچەی گەورەمان دروست کردبا

ئەوا هێشتا جوانترو چاکتر دەبوو. هەربۆیەش دروستکردنی ئەو بەنداوانەی، کە بڕیارن، ئێجگار کاریگەرە.

– مەسەلەکەش گەڕانە بە شوێن کامەرانی و ئاسوودەیی دەروونی و ویژدانییە.

دوو رێگای (دەرەوە) و (ناوەوەی) شادمانی هەیە.

دەرەوە: ئەوەیە کە ژینگەی دەوروبەر پاک و جوان و تەندروست بێت و، ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ئاسوودەو پڕ لە ئاسایش بێت.

ناوەوەش: کامەرانیی و شادمانی دەروونی مرۆڤە، کە لایەنی بنەڕەتییە... چونکە دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا هەلومەرجی دەرەوە هەمیشە لە گۆڕیندایە.

– ئەگەر ئادەمیزاد بگاتە ئەو ئاستە، کە لە دژوارترین دۆخی دەوروبەریدا ئەو هەر لە دەروونەوە (واتە: لە ناوەوە) شادمان و ئاسوودەو دڵنیا بێت، ئەوە بە(دوا ئامانجی هەبوون گەیشتووە).

شادی، دوا ئامانجی هەبوونە...

گشت زیندەوەرەکان شادمانی دەردەبڕن، چونکە هەموویان (جگە لە ئادەمیزاد) زوو بە پلەی هەست بە شادمانی دەگەن... زیندەوەران خۆڕسکانە شادمانن... پەپوولە، رەوە چۆلەکە، تیشەنگ، مێگەل، گیاو درەخت، بۆق و ماسییەکان، ئاوی رووبارو دەریا، قەتێ و ئاسک و کۆترەکان... هەموو، تەواوی وجوودی خۆیان (تا ئەو لەحزەیەی لە هەبووندا هەن) شادی و خۆشی دەردەبڕن.

– لێ، مرۆڤ... تەنیا مرۆڤ، ئێجگار درەنگ و ئێجگار زەحمەت بە پلەی شادمانی دەروونی و ویژدانی دەگات... چونکە لە سروشتی خۆڕسکی خۆی دوور کەوتووەتەوە و، کەوتووەتە داوی هەزاران خەیاڵ و بیرو ئەندێشەی پووچ و تەماوی، بەرچاوی دووکەڵ دای گرتووە... بە دروستی ناژێت. هەبوونی هەیە، بەڵام لە شادمانی خاڵییە!

– هەیە، بەڵێ مرۆڤ هەیە، بەڵام بێ ئاگا و خەواڵووە... بە دروستی ناژێت، چێژ لە وجوودی خۆی وەرناگرێت. پێویستی بە ئاگاهێنانەوەیە! ئەوەش

ڕێگەی خـۆی هـەیە. دەسـپـێکی ڕێگەی هۆشـیـاربوونـەوە، فـێـربوونـی دەربڕینی هاوسۆزییە لەگەڵ گشت بوونەوەرو زیندەوەرییەکاندا.

هاوسۆزی، کلیلی گەنجینەی شادمانی دەروونییە.

– ئەو هـەسـتـەش نـادرێت، بـگرە دەبێ مـرۆڤ بە خـۆی تێـبکۆشـێ بۆ وەدەستهێنانی.

# ئەودیوی گەردوون، گەردوونە

١

ئەو گەنجە، لە نیسانی ١٩٦٥دا بە چ ئایدیایەکەوە سەرەمێکوتەی دەگواستەوە، تا زیندوو بمێنن و بژین.

لەو بەهارەدا، چووبووینە گەشت و کتێبیش پێمان بوو.

لە چاڵێکی بچووکی نزیکمان، تازە خەریکە لە بارانئاو، وشک بکات، کۆمەڵێک سەرەمێکوتە[1] گیانەڵایان بوو، ئاوەکەیان لێخنتر دەکرد، چونکە دەچوون بمرن...

ئەگەر ئاو نەمابا دەمردن.

خۆیان بە قوڕەکەدا چەسپاندبوو، هەوڵی دەربازبوونیان دەدا، بەڵام بێهوودە بوو.

لەودیوی چاڵاوەکە گەنجێکی قوتابی کە لەگەڵمان هاتبوو، پەیتا پەیتا سەرەمیکوتەکانی، بە پارچە نایلۆنێک دەگواستەوە بۆ گۆماوێکی گەورەتر کە لەو نزیکانە بوو.

نەمدەزانی (...)، بە چ هزرو خولیایەک و بۆ چ ئامانجێک، سەرەمیکوتەکانی رزگار دەکرد... کە هەر دەگەیشتە داوێنی گۆماوەکە زیندوو دەبوونەوە و خێرا بەرەو قووڵایی ئاو دەڕۆیشتن.

٢

(...)ی برادەرمان گوێی لە ئێمە نەبوو... چی دەکەین و چی دەڵێین، چاوەڕوانی کۆمەکی ئێمەش نەبوو. رزگاری دەکردن و... هیچی تر.

ئەوە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە (٤٤) ساڵ تێ دەپەڕێت. وەکو بڵێی ئەمڕۆیە... لە

بەهارێکی فـێنکی گەرمـیان بەسـەر گوڵ و گـیای تەڕو ناسکدا راکـشـاوین و چاومـان لە دەسـتـانی (...) کە بەبێ چاوەڕوانی پاداش سـەدان سەرەمێکوتەی لە نەمـان قـورتار کـرد... کە لە ناو گۆماوەکە گەورە دەبن و، بەشـێوەی (بۆق) وەردەگـەڕێن و، دەگـەڕێنەوە سـەر وشکانی و، لە هـەر جـێگەیەک ببن رەنگی جێگەکە وەردەگرن.

بۆق، یا(قورباغ/قولباقە/قورباغە) زیندەوەرێکی ئاوی و وشکانییە. تەمەنی بۆ زیاتر لە نۆ ملیۆن سـاڵ دەگەڕێتـەوە. بەهەرحـاڵ بەر لە ئادەمـیزاد لەسـەر زەوی ژیاوە.

٣

نازانم بـۆچی... دیمـەنی تـابلـۆیەکی (ئەودیـوی گــەردوون)، یا: گــەردوونی دراوسێمان، ئەو داستانەی (...) و (کەشتێڵە دمەکان)ی[٢] بە یاد هێنامەوە.

لە چەند رۆژی رابردوودا ئاژانسی (ناسـا) وێنەی چەند تابلۆیەکی رەنگینی دڵڕفــێنـی بڵاو کــردەوە و، گــوتی: کــە ئەوە یەکــەمین وێنەگــەلی ئەودیوی گەردوونەکەمانە!

ناشــزانین سنووری ئەو گــەردوونەیە چەند و چۆنـە تا ئەمــدیو و ئەودیوی بزانین.

مــەبەســتم لە (گــەردوونەکــەمــان)، ئەم ملیـۆنەهـا کـاکـێـشـان و هـەتاو و هەسـارەیە کە لە یەک جێگەدا پێکەوە، هەر بە دەوری خـۆمـانا لوول دەخـۆین و... دەڵێن کــە ئەم گــەردوونە تا دێ، وەکــو مــیــزڵدان، بە دەوری خــۆیدا دەکێشرێت و فراوانتر دەبێتەوە. تا بە کوێ؟ و تا بەکەی؟!

ئاژانسی (ناسـا)ی ئەمـەریکایی دەڵێ کـە ئەمــە یەکـەم جـارە لە رێگەی تلسکۆبی مەزنەوە چاومـان بە چەند دیمەنی (دەرەوەی ئەم کەونە/ گەردوونە) دەکەوێت.

دیمەنەکان تابلۆ ئاسا بوون، هونەرمەندێکی بلیمەت لەسەر تەختی ئاسمان کـێشـابوونی. دیارە ئاسـمـان بەردەوامــەو هەر درێژەی هـەیە... ئەگـەر ئەو

تابلۆیانە هێمای دەرەوەی گەردوونەکەمان بن، ئەوە هێشتا لە دیمەنەکانی دیوی ئێمە جوانترن.

تۆ بڵێی لەوەپێش ژیان و جوولەو سەرەمیکوتەو گوڵ و درەخت و شەو و رۆژ هەبێ؟

جارێکیان نووسیم کە «ئەودیوی پەردە پەردەیە».

دیارە ئەودیوی گەردوونیش، گەردوونە.

هەروەها بە تەنیشت یەکەوە و بە دووی یەکدا... گەردوون دوای گەردوون، قەت لێی نابینەوە تا بزانین بنج و بناوانی ئەم «بوونە» چەندە و لە کوێ تەواو دەبێ و، بەرەو کوێ دەمانبا.

نازانم... بۆچی وەهام بە زەیندا دێ کە سەرەمیکوتە لە ئێمە زیاتر لەم گەردوونە تێگەیشتووەو، ئەو برادەرەمان عاشقێکی بێداری وجوودە، دەزانێ کە گرینگ ئەوەیە، بەبێ پرسیاری بێ سەروشوێن، بە ئارامی و میهرەبانی بژیێت و هیچی تر.

دەبا پرسی گەردوون بۆ خودی گەردوون و چارەنووسەکەی بەجێ بهێڵین.

خۆ ئەگەر لە توانا بوو، ئەوا چەند زیندەوەرێک لە مردنی ئێستا رزگار بکە... هەرچەندە کە لە ئەنجامدا هەر دەمرن!

تۆ وەزیفەی خۆت ئەنجام بدە و... هیچی تر.

---

(١) و (٢): سەرەمیکوتە: بێچووەی بۆقە کە تازە لە هێلکە دەرچووە. لەو قۆناغەدا تەنیا لە ناو ئاودا دەژی تا دەبێتە بۆق.

سەرێکی رەشی پێوەیە لەگەڵ کلکی رەش. سەرەتا وەهایە.

لە هەندێ جێگەی گەرمیان بە(سەرەمیکوتە) دەڵێن: (کەشتێڵە دمە).

بە هەرحاڵ، بۆق هاوژینی مرۆڤە لەم گەردوونەدا.

دەفتەری چوارەم:

# ئاویستالۆجی

# ئاوێستا لۆجی

١

هەر وەکو چۆن تاکەکەس پەیامی خۆی دەبێ، ئاوەها میللەتانیش پەیامیان دەبێ. پەیامی میللەت، یەکسەر و زووبەزوو ئاشکرا نابێ و شەقڵی (شکلی) خۆی ناگرێت. بەڵکو سەدان و هەزاران ساڵی دەوێ تا جێگەی پەنجەی پەیامی میللەتێک دەردەکەوێ.

هەندێ جار، رەنگە بیر و ئەندێشە و داهێنانی تاکە کەسێک دەبێ بە سەرچاوەو هێمای (پەیامی میللەت). بۆنموونە: پەیامبەران و پەڕاوە ئاینییەکان، هەریەک (لە هەمان کاتدا) بوونە بە ناسنامەو پەیام. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە پەروەردگار بۆ هەر قەوم و میللەتێک پەیامبەرێکی بە زمانی خۆیان ناردووە. هەندێ لەو پەیامە ئاینییانە بوونە بە پەیام بۆ گشت کۆمەڵگەی ئادەمیزاد، وەکو برایم پەیامبەر، مووسا، عیسا مەسیح، محەمەد (دروودی خوایان لێ بێت).

لەم نێوانەدا زەردەشت دەمێنێتەوە کە پەیامێکی گەورەی گەیاندووە. ئەو میللەتەی کە زەردەشتی خستۆتەوە پەیامی میللی خۆیی گەیاندووە. واتە: میللەتی زەردەشتیش خاوەن پەیامە بۆ جیهان.

کامەیان میللەتەکەی زەردەشت؟

بەر لە وەڵامدانەوە دەڵێم: بۆچوونێک لەلای هەندێ مامۆستای بەڕێزی ئاینیدا هەیە، کە وەها دەزانن گوایە مەبەست لە باسی فەرهەنگ و کەلەپووری زەردەشت گەڕانەوەیە بۆ ئاینەکەی.

نەخێرا! گەڕانەوە بۆ رێوەڕەسم و شێوەی پەرستشی زەردەشتی کارێکی زەحمەتە، بگرە مەحاڵە. لێرەدا، لە هەر باسکردنێکی مێژوو و کولتوور و

زمانی (ئاڤێستا) و ژیانی زەردەشت، تەنیا مەبەست زانین و زیندووکردنەوەی کەلەپوورو فەرهەنگەکەیە (نەک ئاینەکە وەکو ڕێگای پەرستن)... بەلای منەوە، دەبێ لە زمان و فەرهەنگی تێ بگەین، تا ریشەی کولتووری کۆنی کورد بدۆزینەوە.

لە دەیان سەرچاوەو لێکۆڵینەوەدا، چ لەلایەن کورد یا بیانییەوە، هەمیشە باسی پێوەندیی زەردەشت بە میدییەکان و باوباپیرانی کوردەوە دەکەن.

کەواتە دەبێ هەوڵبدەین ئەو بۆچوونە ساغ بکەینەوە و وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە:

ئایا بەڕاستی، فەرهەنگ و زمانی ئاڤێستای زەردەشت سەرچاوەی زمان و فەرهەنگی کۆنی کوردە (هیچ نەبێ لە ٢٧٠٠ ساڵی دواییدا؟) لەم دواییە، بەسوپاسەوە، بەڕێز (دیا جوان) کە ڕووناکبیرێکی ژنی کوردە، لە شاری دیمەشقەوە دانەیەک لە کتێبێکی گرینگی بەزمانی عەرەبی بۆ ناردم، کە تازەترین وەرگێڕانی (ئەڤێستا)یە بۆ عەرەبی، ئامادەکردنی د. خەلیل عەبدولرەحمان، لە چاپخانەی (دار الحياة/ دیمەشق/ تشرینی یەکەم ٢٠٠٧) دەرچووەو، بەڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندنی سوریا بڵاوکراوەتەوە. زیاتر لە ٩٦٠ لاپەڕەی ناوەندییە.

ناونیشانی کتێبەکە بەعەرەبی: (آڤیستا/ الكتاب المقدس للديانة الزردشتية). واتە ئاڤێستا پەڕاوی پیرۆزی ئاینی زەردەشت. ئێستا ڕەهەندی ئاینی پەڕاوەکە بەلاوە دەنێین و دەچینە سەر ڕەهەندی زمان و ڕامان و ڕەچەڵەکی زەردەشت پەیامبەر.

د. خەلیل، لە پێشەکیدا، باس لە (ئاڤیستا لۆجی/ زانستی ئاڤێستا) دەکا و، بیروڕا و بۆچوونی گشت ڕۆژهەلاتناس و وەرگێڕە بیانییەکانی ئاڤێستا بۆ زمانەکانی ئەوروپایی، دەکا و، بەوە دەگات کە:

١- کەسێتی زەردەشت بۆ ڕەچەڵەکی ئێلێکی (میری) دەگەڕێتەوە، بەناوی ئێڵ، یا خێڵی (مەکوش) و، لە بنەماڵەیەکی زاناو ڕۆحپەروەر بووە. وشەی (مەجوس)ی عەرەبی کە ماوەتەوە، لە ڕەگەزدا بۆ (مەکوش/ مەگوش)

دەگـەڕێتـەوە، کـە (مـەگ یا مـوغ) هەر لـە هەمـان سـەرچاوەوە هـاتووە: مـەگ/موغ/مـەغ/.. واتـە: رێبـەری رۆحی، کە سـەردەمی خـۆی بە جـادووگـەرو زانایان و پێشبینانیان کردووە دەڵێن کە وشەی (ماجیک) لاتینی، کە مانای جادووگەر دەدا، هەر لەو سەرچاوەوە هاتووە.

کەواتە وشەی (مەجوس)، لە ئەسڵدا، مانای پێشەوای ئاینی داوەو، کاتی خـۆی مـانـایەکی بەرزو جـوانـی هەبووە. بەڵام دواتر بەکـارهێنانی بەزمـانـی عەرەبی بەو شێوەی وەرگێڕاوە.

لە پێشەکی کتێبەکەدا خاڵێکی هەرە گرینگی تر ساغ دەبێتەوە ، ئەویش زمانی ئاڤێستایە، کە رۆژهەڵاتناس و پسپۆڕانی ئاڤێستا لۆجی لە جیهاندا ئاماژە بە ئەگەرێک دەکەن کە زمانی ئێستای کوردی پاشماوەی هەمان زمانی (ماد)ەکانە، هەربۆیەش نزیکترین زمانە لە ئاڤێستاوە چونکە ئاڤێستا بە زمانی مادی (میدیایی) دانراوە.

لەوەش گرینگتر.. دەڵێن کە دەرکەوتووە زمانی کوردی و زمانی فارسی یەک نین و، لەیەک لقەوە نەهاتوون، بەڵکو زمانی کوردی سەربەخۆیەو، رەسەنترە، چونکە لە میدییەکان نزیکترە.

ساغکردنەوەی ئەو راستییانە کاری زیادی دەوێ: لە حەوسەڵەی وتارێکی کورتی وەهادا نییە...

بەڵکو دەمەوێ لەسەر بۆچوونێک بەچەق ببەستم: کە ئەگەر وەهای لێ دەرچوو.. واتە ئەگەر زەردەشت لە خێزانێکی (ماد) بووبێ و، ئەگەر کورد نەوەی رەسەنی مادن و، زمانی کوردی نزیکترین خزمی زمانی ئاڤێستایە کەواتە کورد پەیامێکی گەورەو رووناکی بەجیهان گەیاندووە.

ئەوەی کە وشە و ناوی زیادی ئاڤێستایی لە زمانی کوردیدا ماوە، تەنیا ئەوە نییە کە مادەکان (کوردەکان) پەیڕەوی ئاینی زەردەشت بوونە و وشەکانی فێربوونە.. بەڵکو دەقی پەڕاوی (ئاڤێستا) دەبێ بە زمانی ماد (میدی) هاتبێ، کە باپیرەی زمانی ئێستای کوردییە.

کەواتە، قەومی کورد نەچووەتە ژێر باری هیچ زمانێکی تر... هەرچەندە

لەگـەڵ ڕۆژگـارا وشـە و دەربڕینی زمـانـگەلی تر ئاوێتـەی کـوردی بوونـە، وەکو زمانـی ئاشـووری، سۆمەری، ڕۆمـانـی، یۆنانی، مەغـولی، عەرەبی، تورکی و هـی تر. کارلێکردنی زمانەکان پرۆسەیەکی هەمیشەییە.

لە (ئاڤێستا لۆجی)دا زانایان بەشـوێن دوو ڕاستیدا دەگەڕێن: یەک: ڕادەی کاری ئاڤێستا لە ئاینـەکانی دوای خۆی دوو: ڕادەی وێچوونی زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستا، کە کتێبێکی ئاینی زەردەشت بووە. سەرەتا. چوونە کەسێتی و ڕەچەڵەکی زەردەشت ساغ بکەنەوە، ئینجا زمانی پەڕاوەکەی.

هەندێ لە پسپۆڕ و زانایان بەوە سەرسام بوونە کە ئەم ئاینە داکۆکیی بێ سنووری کردووە لە پاکی و پاکتاوی ڕەوانی و جەستەیی و، پاراستنی پاکی و جوانیی سروشت، کە وەکو بڵێی ژینگە پارێزانی سەردەم فەلسەفەکەیان لە پەیامی زەردەشتەوە وەرگرتووە.

جارێکی تر دەیڵێمەوە، کە مەبەست لە ئاڤێستا لۆجی و زەردەشت لۆجی، دانانی ئاینێکی کۆن لە جێگەی ئاینێکی تر نییە. بەڵام پرسێک دێتە پێش کە ئێمە وەختێک لە ریشەو ڕەچەڵەک و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کوردی و زمانەکەی دەکۆڵینەوە هەموو کات دەگەینەوە فەرهەنگی زەردەشت کە واتە پێوەندیی دیارو نادیار لە نێویاندا هەیە. یا دەبێ پێوەندی فەرهەنگی کۆن و تازەی کوردی بە زەردەشتـیـیـەوە ڕاست بکەینەوە، یا دەست لەم لێکۆڵینەوانە هەڵبگرین.

بەڵگەنامە و دیاردە و دۆزینەوەکـان، ڕۆژ دوای ڕۆژ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مێژووی کوردستان قووڵترو ریشەدارترو دەوڵەمەندترە لەوەی کە تا ئێستا زانیومانە. فەرهەنگ و کەلەپووری کوردیش دێرینترە لەوەی تا ئێستا نووسراوەتەوە. جگە لە زەردەشت و ئاڤێستا هێشتا بواری کەلەپوورێکی کۆنی تر تەماوی و شاراوە ماوەتەوە، ئەویش: ئاین یا فەرهەنگی (میترایی یە، میترایی، میتر، میهر، میهر پەروەری..)

هێشتا ڕووناکبیر و بیرمەندانی کورد خۆیان لە قەرەی ئەوە نادەن کە ئەم کەلتوور، ئاین، فەلسەفە (چی ناوێکی لێ دەنێی)... ئاشکراتر زادەو بەرهەمی

بیروهۆشی خەڵکی کوردستانە (یا ئەو خەڵکەی بەر لە ٣-٤ هەزار ساڵ لە ئەم کوردستانە دادەنیشتن)... ئەم ئاینە سەرچاوەی زەردەشتیشە هەرچەندە ئاینی زەردەشتی هەوڵی دا پووچەڵی بکاتەوە، کە پێی نەکرا، ئەمجا بە توندی پابەندی بوو، (میترا) بوو بە فریشتەیەکی زەردەشتی.

ئەم ئاینە لە ناوچەی کرماشانەوە پەیدابوو، لەوێوە بە سەرانسەری جیهانی ئەو سەردەمەدا بڵاو بووەوە، بەرەو رۆژهەڵات تا هیندستان، بەرەو رۆژاوای تاگشت وڵاتانی ئێستای ئەوروپا، کە ئێستاش شوێنەواری (میتر)و میترایی لە شارو موزەخانەکانیان ماوە ئەگەر لەسەر کوردبوونی زەردەشت گومان هەبووبێ، ئەوا لەسەر کوردبوونی میترا (پارەسەن و رەچەڵەکی لە خاکی ئێستای کوردستان)، گومان نییە. ساڵی ١٩٧٦ لە کرماشان کۆنگرەیەکی زانستی گەورە بۆ میتراناسی بەسترا، لە سەرانسەری دنیاوە.

پسپۆرو زانایانی میتراناسی (یا میترالۆجی) ئامادەی بوون، بەڵام لە کوێ گرێدراوەو، بۆچی لەوێ؟ لە کرماشان گرێدرا چونکە بە باوەڕی زانایان، ئەوێندەرێ سەرچاوەی میترایەو، زۆربەی رەگەزو داوونەریت و هێماکانی میتراییزم هێشتا لە ناو توێژێکی خەڵکی کرماشان ماوە. لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوو.

زەردەشت کە دەیویست ئاینی میترا بەلاوە بنێ، بەخۆی کەوتە ستایشی بەپێی ئەفسانەکان، میترا خواوەندی ئاو و میهرەبانی و هەتاو بووە، لە کیژێکی پاکیزە (شوونەکردوو) لە دایک بووبوو، ئەفسانەیەکیش دەڵێ کە تاوێرە بەردێک تەقییەوە و میترا بە کڵاوێکی سوور و خەنجەرێکەوە لێوەی دەرچوو، یەکەم شت گایەکی کوشت ئێستا شوێنەواری میترایی لە سەراسەری ئەوروپا و یۆنان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان بەوە دەناسرێت کە پەیکەری گەنجێکە سواری گایەک بووە دەیکوژێت.

گرینگ ئەفسانەکە نییە، بەڵکو فەلسەفەی پشت ئەفسانەکەیە.. کە رووناکی و میهر پەروەرییە تەنانەت وشەی (میهرەگان/ میهرەجان) لە جەژنی پایزانەی ئەم فەرهەنگەوە هاتووە زەردەشت هێما رووناکییەکەی میترای وەرگرت

چونکە بەوەی کە تەنیا یەک هەتاو، یەک خۆر (هۆر) لە جیهانی ئێمەدا هەیە (کە جیهانی ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیەیە، پێی دەڵێن: کۆمەڵەی هەتاو) و بەوەی کە تیشک و رووناکی و گەرمایی هەر لەو سەرچاوەوە دێ، هەربۆیەش (میترا) دەبێ بە (میهر خۆر، و گشت چاکەو راستییەک).

ئاینی میترایی کاری تەواوی لەسەر ئاینی مەسیحی کردووە، کە ئەمان، واتە، مەسیحییەکان، زۆر شتیان لە میترا وەرگرتووە: کڵاوی سووری رەبەنەکان (کڵاوی میترا) رۆژی لەدایکبوونی میترا ١٢/٢٥ هەر ساڵێک، دەکرێ بە رۆژی لەدایکبوونی عیسا مەسیح، زنار، واتە پشتێن، پەیمان بەستن لەسەر ئاو، خوردەنان دا بەشکردن و.. تاد!

میهر پەروەری میترایی لە گشت رێبازە سۆفیگەرییەکانی جیهان ماوەتەوە، بە تایبەتی لە هیندستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

میترایییەکان بوون کە جێگەی تایبەتمەندی عیبادەت و خەڵوەتگایان دەسنیشان کرد، ئەویش لە ئەشکەوت و جێگە دوورە دەستەکان. ئەوان بوون دابونەرێتی پەرستن و نهێنیکارییان دانا، کە هیچ کەس بە ئاسانی نەدەگەیشتە کۆڕەکانیان، بەڵکو حەوت یا دوازدە ئەزموونی سەختیان دەکردن تا ڕێگەیان بە کەسێکی تازە دەدا بێت و ئاشنای نهێنییەکان بێ.

ئێستاش لە ئەوروپا و ئەمەریکا و وڵاتانی تردا، دەیان گرووپ و ئەنجوومەنی نهێنی کار هەن کە ئەزموون و نیشان و هێمای تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەو رێبازە لە رۆژهەڵات زۆر باو بووە. هەندێ جار بەپێچەوانە (بۆ کاری توندوتیژی و مەرامی تایبەتی خراپ بەکار هاتووە وەکو گرووپە تیرۆریستەکان)...

کارلێکردنی میترایی لە هی زەردەشتی کەمتر نەبوو، بەڵکو کاری لە زەردەشتی کردووە. نهێنیکاری لە عیبادەت و ئایندا، ئێستاش لەلایەن هەندێ کەس باوە. لە ئاینی مەسیحییەت و یەهوودییەت و ئیسلام، هەرچەندە هەموو شتێک ئاشکرایە، بەڵام هەندێ گرووپ یا کەسانی ئاینپەروەر رێگەی نهێنیکاری لە شێوەی پەرستنە تایبەتمەندەکان دەگرنەبەر. رەنگە ئەو جۆرە

گۆشەگیرییە یارمەتییان بدات تا لەسەر زکرو رازونیاز چەق ببەستن و پابەندی تەواو بن.

لە دوائەنجامدا دەڵێم: کورد هێشتا زۆری ماوە تا لە ریشەو رەچەڵەکی خۆی و زمان و فەرهەنگی بکۆڵێتەوە. ئاڤێستا لۆجی و میترالۆجی رێگەگەلێکن بۆ ئەو مەبەستە.

دەگەڕێمەوە سەر دوایین بڕگەی وتاری پێشوو کە:

– ئەگەر زەردەشت پەیامبەر لە ئێلێکی (ماد/میدی) بوو بێت و زمانی ئاڤێستا ریشەی زمانی کوردی بووبێ، کەواتە کورد لە مێژوودا خاوەن پەیام بووە، (پەیامی رابردوو مانای پەیامی ئێستا نادات، چونکە کورد بەخۆی لە رابردووەکەی زیاد دوورکەوتووەتەوە... بەڵام- بۆ مێژوو- میللەتێکی پەیامدار بووە، لەمەودوا شتێکی ترە).

لە لێکۆڵینەوە و بەراوردەکانا، بەتایبەتی لە پێشەکیی کتێبی ناوبراودا، دەردەکەوێت کە فەرهەنگ و کەلەپووری زەردەشتی، تاڕادەیەکی زیاد، کاری خستووەتە سەر ئاینەکانی دوای خۆی: یەهوودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام و ئاینزاکانی تر.

هەروەها، لە سۆفیگەریی زەردەشتدا، خزمایەتییەک لەگەڵ ئاینەکانی هیندستان دەبینین، بەتایبەتی بوودایی/بۆدائیزم/ بۆدیزم... خۆ ئەگەر بزانین کە زۆربەی گرووپ و تایفە و کۆمەڵەکانی رێبازی سۆفیزم (سۆفیگەری) و عیرفان (دڵپەروەری) لە هیندستان و ئێرانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەوا کارلێکردنی بیرو فەلسەفەی سۆفیگەرانەی زەردەشتی، باشتر روون دەبێتەوە.

لە ئەدەب و شیعری مەلای جزیری و جەلالەدینی مەولەوی رۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی و خانی و مەحوی و. سەهرەوەردی و ئیبنو عەرەبی و حافزی شیرازی و... بابا تایەری هەمەدانی و خەیام و فارابی و زاناو شاعیرانی تر، بە ئاشکرا تۆ و کارلێکردنی فەرهەنگی دەبینین کە ئەو فەرهەنگە لەسەر بنەمای رووناکی و رۆشنبینی و لەخۆبوردەیی و هەڵکشان بەرەو مرۆڤی بەرزتر (مرۆڤی هۆشیارتر و پاکتر... و فریشتە ئاسا) دامەزراوە.

گەوهەری پەیامی زەردەشت، خۆگەیاندنە بە(پاکی و راستی)... راستگۆیی و راستی پەرستی بەرزترین ئەخلاق و رەوشی زەردەشتییە.

ب

زەردەشت، چ لە رەچەڵەکی ماد و کورد بووبێ یا نەبووبێ، ئەوا پەیامی بەرزو گەشی خۆی گەیاندووە. هەرچەندە ئیمرۆ لە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت تەنیا ٥٠-٦٠ هەزار کەس لە ئێران و نزیکەی ٢٥٠هەزار کەس لە هیندستان ماون، بەڵام تیشک و گەرمیی پەیامەکەی، لە ڕێگەی کارلێکردنی ئاینەکانی ترەوە، ئەوا سەرانسەری جیهانی بەشەریەتی گرتووەتەوە.

ئەو راستییە، بە دەیان لێکۆڵینەوە و بەراوردکاریی ئاینیی وردی زانستییانە، سەلمێندراوە و چەسپاوە.

دیسان، دووبارەی دەکەمەوە، کە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ئاینی زەردەشتی (لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەرستن و داوونەریتەوە) کارێکی بێهوودەیە، ئەو ئاینە لە سەردەمی خۆیدا کاری خۆی کردووە، دەروون و مێشکی ئادەمیزاد بە یەکتاپەرستی و ئومێدو پاکتاوی رەوانی و چاوەڕوانیی داهاتووی چاکتر، ئاو داوە. زەردەشت هیوای هاتنی رەهابەخشێکی داوە کە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ستەم و تاریکی و شەڕو درۆو خراپە رزگار دەکات.

هەروەها مژدەی پاداشی بەخێرخوازان و هەڕەشەی سزای بە شەڕخوازان، داوە.

تێکست و ناوەڕۆکەکان، سەبارەت بەو بابەتانە، ساغ بوونەتەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا ناوی ئەو کەسانە (یا ئەو خەڵکانە) هاتووە کە خاوەنی کتێب (پەڕاوی) ئاینین، ئەوانەش:

- مەجووس (زەردەشتی)...
- نەصارا (مەسیحییەکان).
- یەهوود (جووەکان).

- صابئە (مەندائییە صابیئەکانن).

لە لێکۆڵینەوەکاندا سەلمێندراوە کە زەردەشت یەکتاپەرست بووەو خەڵکی بەرەو دەرگەی پەروەردگاری داناو دلۆڤان، هانداوە...(لە ئاڤێستادا خواوەند سەدو یەک ناوی هەیە کە بەو زمانە هاتووە)...

شان بەشانی لایەنی ئاینیی و داوونەرێتی زیادی زەردەشتی کە لە ئاینەکانی تردا، رەنگی داوەتەوە، ئەوا مانەوەی سەدان وشەی ئاڤێستا، کە ئێستاش لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا، بە هەمان شێوەو هەمان مانا، بەکار دێن، بەڵگەیەکی خزمبوونی ئاڤێستایی و کوردییە (ئەگەر یەک نەبن).

بۆ نموونە: ئەم وشەو ناو و نازناوانە لە ئاڤێستادا هاتووە، کە ئێستاش لە ناو کوردا باون:

(هەنجومەن/ئەنجومەن، ماز/مەزن، بەرەزا/بەرز، ماسیا/ماسی، تیژ/تیژ، هوشترا/حوشتر/وشتر، پەرەتا/پرد، مەخشا/پەخشە/مەگەز/مێش، وەرەخا/بەرخ/وەرە(ماچۆ)، خسا/قسە، زان/زانین، واسی/خواست/خواستن، وازۆ(ماچۆ)، ئەزم/ئەز/من، ئاشتی/ئاشتی، دۆژە/دۆزەخ، بیهیشت/بەهەشت، بهدینان/بادینان، گامیز/گامێش، گا/گا/مانگا، سپی/سپی، هەسپ/ ئەسپ، هۆر/خۆر، کورت/کورت، پیرۆز/پیرۆز، رامان/رامان، گیان/گیان، سیروش/ سرووش/سروشت، یەزدان/یەزدان، زیندی/زیندوو، ئاگر/ئاگر/ئاور/ئاهیر/ئاتەر، ئاڤ/ئاو، پەروەر/پەروەر، درەو/دروێنە/درەوکردن، دێو/دێو، دەوران/دەوران، گەلاوێژ/گەلاوێژ، ئاسمان/ئاسمان، ئەفرین/ئافەرین/ئەفراندن/خەلق، جەمشید/جەمشید، مەه/ماه/مانگ، دەشت/دەشت، جەژن/جەژن، زەمینی/زەمین، راست/راست/ئاین/ئاین، وا/با... وا(بە هەورامی)...

ئەمەو دەیان وشەی تر، بە ئاسانی، بەرابەرە کوردییەکەی دەدۆزینەوە.. هەندێ وشەی ئاڤێستایی، وەکو خۆی لە زاری بادینی (کرمانجی سەروو) یا هەورامانی و زارەکانی تر، ماوەتەوە، ئەگەر حەوسەڵە هەبێ زۆربەی وشەکانی ئاڤێستا بەرابەری لە کوردیی ئێستادا هەیە، وەکو: دین، خێرومەند، خێر،

زەمان، هۆشەنگ، ئەناهید (ناهیدە)، ریستەم (رۆستەم)، خیسرۆ (خوسرەو)، زانا، میدیا، مەهاباد، رۆناهی، رۆکەن، رۆدی، رۆنی، خورشید، ئامەد، ئامەدییە، (تەماشای سەرچاوەی پێشوو بکەن).

کەواتە: ئەم بەراوردە کورتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمانی کوردی، لە هەموو زمانە ئارییاییەکانی تر (وەکو فارسی، تاجیکی، ئەفغانی و ئەوانی تر) لە زمانی ئاڤێستایی نزیکترە. هیچ نەبێ هاوبەشێکی نزیکییەتی.

ئەگەر وەهابێ، ئەوا کورد پەیامی بەرزی زەردەشتیی بە جیهان پێشکەش کردووە. ئەوە لە رابردوودا (ئەگەر وابێ، باشە لەوەش بە ئاگاین... کە پەیامێکمان هەبووە).

ئەدی بۆ ئێستاو داهاتوو چی؟! ئەوە دەبێ بەپێی بارودۆخی ئێستا بیری لێ بکەینەوە، گەنجینە زانست و تەکنۆلۆجیا و شۆڕشی زانیاری و داهێنان و دۆزینەوە، هەردەم لە توانای مێشک و هۆش و خەیاڵی هەر مرۆڤێک و هەر میللەتێکدا هەیە.

## سۆشیانس:
## چاوەڕوانکراوی رزگاریبەخش لە فەرهەنگی زەردەشتیدا

١

لەم دواییانەدا (٢٠٠٧ ز) شاری (بەسرە) لە باشووری عێراق پێکدادانێکی کوتوپڕی بە خۆیەوە دی. لایەنێکی شەڕەکە پەیڕەوانی (مەهدی) بوون، کە پەیڕەوی کەسێکن بە ناوی ئەحمەد حەسەنی یەمانی لە شاری (عەمارە)، کە گوایە دەڵێ (مەهدی) چاوەڕوانکراو هاتووە و پەیامی لێ وەردەگرێت و... هتد!

کەسانێک کوژران و بریندار بوون و دەسگیر کران، لێ گفتوگۆیەکی زیادی لێکەوتەوە، چونکە سەتەلایتی (ئەلشەرقییە) چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەرێکی (یەمانی) بڵاوکردەوە کە گوتی، ئامادەی دیالۆگە لەگەڵ هەر زانایەکی ئاینزای شیعە، بۆ ئەوەی باوەڕ و بۆچوونەکانی بسەلمێنێ، چەندین زانای ئاینیی ئامادەییان بۆ دیالۆگەکە دەربڕی، بەڵام مەسەلەکە بێدەنگ کرا. زانایەکی ئیسلامی رایگەیاند کە باشترە گەنجان فێربکرێن و رابهێنرێن لەسەر بڕوای دروست دەربارەی ئەو مەسەلانە.

هەروەها هەندێکیان رایانگەیاند کە تاقمی (یەمانی) گومڕا و وێڵ و لادەرن!

٢

مەبەستم رووداوەکە نییە، بەڵکو بیرۆکەی مەهدەوییەتە، کە هەر جارە و یەکێک خۆی بە (مەهدی) چاوەڕوانکراو دەناسێنێ، یا خۆی بە جێگری ناو دەنێ و دەڵێ کە لە پێوەندیدایە لەگەڵیدا، بەڵام زوو بە زوو بێدەنگ دەکرێت.

لە کوردستانیشدا، هەندێ جار کەسانی وا پەیدا بوونە، بێدەنگ کراون، یا لە ناوبراون.

٣

لێرەدا تەنیا مەبەستم تێبینییەکە لەسەر بیرۆکەی (هاتنی چاوەڕوانکراو)، کە ڕەهایی بەخشە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ستەم و شەڕ و نالەباری ڕزگار دەکات.

دیارە، ئەو بیرۆکەیە لە زۆربەی ئاین و ئاینزاکاندا دەبینین، ڕیشەکەش ئێجگار کۆنە.

هەروەکو لە یەهودییەت و مەسیحییەت (مەسیحی) ڕزگاریبەخش دێت، هەروەها لە کۆمەڵگەی موسڵمانانندا باس لە چاوەڕوانیی (مەهدی) دەکرێت.

لە کولتووری زەردەشتیشدا، کە نزیکەی ٥٨٠ ساڵ پێش زاین پەیدا بووە، ئەو بیرۆکەیە هەیە کە لە دوادوایی زەماندا ڕزگاریبەخشێک دێ بەناوی (سۆشیانس)، یا (سۆشیانەت)، کە لە کتێبی (ئاڤێستا)ی زەردەشتیدا هاتووە.

وشەی (سۆشیانس) لە ڕیشەی (سو = سوود) هاتووە، واتە:

سوودبەخش، یا سوودگەیان، سوودهێنەر، سوود ڕەسان، کەواتە: سوشیانس کەسێکە سوود بە هەموو خەڵک دەگەیەنێ.

لە بڕواو باوەڕی زەردەشتیدا (سۆشیانس) وەختێک پەیدا دەبێ کە جیهان پڕبێت لە ستەم و زۆرداری و خراپە و برسێتی و بێداری، ئەو دێ تا لەسەر زەوی سیستەمێکی دادپەروەر دابمەزرێنێ و ئیتر کەس زۆر و ستەم لە کەسی تر نەکات، وەکو دەڵێن (مەڕ و گورگ) پێکەوە بژین.

ئایدیای زەردەشتی لە بارەی پەیام و کرداری (سۆشیانس) هەر هەمانە کە دەبێ (مەسیح) و (مەهدی) بە ئەنجامی بگەیەنن، بۆ ڕەهایی هەمیشەیی مرۆڤ، ئەو کاتە ئیتر ئاشتی و ئاسوودەیی و داد و بەختیاری هەموو کەس و گشت جیهان دەگرێتەوە. دیارە کە زەردەشتی بەر لە یەهودییەت و مەسیحییەت هاتووە.

٤

توێژەر و شارەزایانی زەردەشتی دوو راڤەیان بۆ هاتنی سۆشیانس هەیە:

–یەکێکی ئەوەیە: کە (سۆشیانس) تاکە کەسێک نییە، یەک جار بێت و ببڕێتەوە، بەڵکو هەر کەسێک گەورەترین سوود و خێر بە خەڵک بگەیەنێت و بەرەو راستی و چاکی و سەرفرازی رێنوێنییان بکات، ئەوە سۆشیانسە.

– دووەم: (چاوەڕوانی)، کە لە بیرۆکەکەدا هەیە باشترین هیوا و ئومێد و بڕوا بە مرۆڤ دەدات، چونکە چاوەڕوانیکردنی رزگاریبەخشێکی سوودمەند هەمیشە ئەو ئومێدە بە مرۆڤ دەبەخشێ کە رۆژێک لە رۆژان لە تەنگانە و ناخۆشی رزگاری دەبێ، هەر بۆیەش باشتر دەتوانی خۆی رابگرێت و دان بە خۆیا بگرێت و تێبکۆشێت بەرەو ئەو رۆژەی مزگێنی رزگاری دەگات، بۆ ئاگاداری زیاتر:

– بڕوانە: پیام زرتشت، علی أکبر جعفری، سازمان انتشارات فروهر، کە سازمانێکی زەردەشتییە لە تاران، ١٣٥٣کۆچی هەتاوی.

– سوشیانت، یا موعود آخر الزمان، تاران ١٣٦١ ک. ه

– ائین زرتشت، مهرداد مهرین، سازمان انتشارات فروهر، تاران، ١٣٦٠ ک. ه

٥

کەواتە، بیرۆکەی مرۆڤایەتی لە مەڕ چاوەڕوانی رزگاریبەخشێک، هەمیشە هەر هەبووە، ئاشکرایە کە ئاینی یەهودییەت و مەسیحییەت رەنگە لە زەردەشت وەریان گرتبێت. دەڵێن دوای ئەوەی (مادەکان) جووەکانیان لە دیلی بابلی رزگارکرد، ئەو بیرۆکەیان لە زەردەشتی وەرگرتووە.

پرسیارەکەش ئەوەیە کە پەیڕەوانی ئاینەکان رازی نابن ئەگەر یەکێک گومان بخاتە سەر ئەو بیرۆکەیە، لە هەمان کاتیشدا، هەر کەسێک بانگی ئەوە هەڵبدات کە گوایە رزگاریبەخشەکەیە، ئەوا دەسبەجێ کپ و بێدەنگی دەکەن.

لەو بارەوە دەیان بیر و بۆچوون و تەفسیری ئەو رۆژە هەیە کە

رزگاریبەخشی لێ پەیدا دەبێ، بەڵام وردبوونەوە لەو خواس و باسانە کاری من نییە[1].

من لێرەدا ئەوەندەم بە پەسەند زانی تا بۆ خوێنەران روونی بکەمەوە کە بیرۆکە و ئاواتی پەیدابوونی رزگاریبەخشێکی هەمیشەیی و ئێجگاری، زۆر لە مێژینەیە، لە کەلەپووری زەردەشتیدا هەبووە، وەکو زۆر شتی تر[2].

وەکو گوتمان: بیرۆکەی (چاوەڕوانیی رزگاریبەخشێکی مەزنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی) لە ئاین و ئاینزاکانا هاتووە، هەریەکە بەجۆرێک و بە ناوێک... لە (عیسا مەسیحەوە)، بۆ (مانی لە ئاینی مانیدا)، (مەهدی لە ئیسلامدا)، هەروەها (خدری زیندە، بەتایبەتی لەلای هەندێ لە عەلەوی یا بەکتاشییەکان) و، سۆشیانس (سۆشیانەت/ سئوشیانیەت) بەپێی هەندێ سەرچاوەی کەلەپووری زەردەشتی...تاد!

لە زەردەشتیشدا شتێکی لەو بابەتە دەبینین. لە فەرهەنگی ئەم ئاینەدا دەورانێکی (١٢) هەزارساڵە بۆ جیهان دانراوە، دەبێ بە چوار خولەوە، هەر خولێک (٣) هەزار ساڵە.

لە هەزارەی سێهەمدا کە بەبڕوای زەردەشتییان، ئێستا لەو دەمەداین، (٣) جار زەردەشت لە قاڵبی (٣) کەس لە توخم و جەستەی خۆیدا، پەیدا دەبن بۆ چاکسازی و رێکخستنەوەی کاروباری ئادەمیزاد لەسەر زەوی.

واتە لە هەر (١) هەزار ساڵ، یەکێکیان پەیدا دەبێت. ئەویش چۆن؟

کتێبی (ئاڤێستا)ی زەردەشت ناوی هەریەکەیان، لەگەڵ ناوی دایکیان، دەبات.

بەم جۆرەیە:

زەردەشت، بەخۆی، بەر لە مردنی (لە راستیدا کوشتنی... چونکە لە تەمەنی ٧٧ساڵیدا لە کاتی نوێژ لە ئاگرگاکەیدا کوژراوە)، نموونەی تۆ(ی...) خۆی لە رووبارێکدا دادەنێ بۆ پاراستنی بۆ ئەو (٣) هەزار ساڵە، چونکە هەر جارەی کیژێکی پاکیزە (دوو شیزە/ باکیزە) دێت لە ئاوی رووبارەکەدا خۆی دەشوات و بەشێک لە (تۆ...)ەکە دەچێتە جەستەیەوەو، دووگیان دەبێت.

له هەزارەی یەکەم پاکیزەیەک بەناوی (شەرۆتەت فەزری) کە دوای نۆ مانگ کوڕێکی دەبێ بەناوی (هۆشیدەر/ئۆشیدەر). ئەم لە هەزارەی خۆیدا چاکسازی خۆی بە جێ دەگەیەنێ و جیهان ئارام دەبێتەوە، بەڵام دیسان بەرەو خراپی و پشێوی دەڕوات، ئەمجا هەزارەی دووەم دێت، تێدا دوو شیزەیەک (پاکیزەیەک) بەناوی (وانگەهۆ فەزری) دەچێتە دەریاکە خۆی بشوات، ئەویش تووشی دووگیانی دەبێ و کوڕێکی بەناوی (هۆشیدەر ماه/هۆشێدە/ مانگ) دەبێ، کە ئەویش خولی چاکسازی بەڕێوە دەبات و ئاشتی و دادو پێشکەوتن دێتەکایەوە، لێ دیسان جیهان تێکدەچێ و شەڕوشۆڕ و درۆ و دووڕوویی و خراپە زاڵ دەبێ.

بۆ هەزارەی سێهەم، پاکیزەیەک بەناوی (ئەردات فەزری) لە رووبارەکە خۆی دەشوات، دوای ئەوە کوڕێکی دەبێ بەناوی (سۆشیانس) کە رزگاریبەخشی دوا دواییە، کە ژیان و بیروهۆشی ئینسانەکان سەر لە نوێ دادەڕێژێتەوە و جیهانێکی تازە پەیدا دەبێ، تێدا «ئادەمیزاد پیر نابێ و نامرێ و، وێڵ و سەرگەردان نابێ، چونکە سۆشیانسی دانا هەمیشە رێنوێنیی دەکات بەرەو چاکە و راستی جا ئەو دەمەی کە سۆشیانسی زیندوو نەمر پەیدا دەبێ، ئیتر مردووان جارێکی تر دێنەوە سەر ژیان، زیندوو دەبنەوە. ئەوکات ئیتر هەموو شتێک لە گەردووندا( نەمر) دەبن و لە (بهەین/مەبەستی دینی چاکە) سوود وەردەگرن. درۆ (و... درۆکاری/ خراپی) ئیتر نامێنێ و (هەڵدێ) و دەگەڕێتەوە ئەوێندەرێی کە لێوەی هاتووە» لێرەدا (درۆ) وەکو بڵێی جێگەی شەیتان/ ئیبلیس دەگرێتەوە، کەواتە، لە ئاوێستادا، زەردەشت تەنانەت ناو و جێگەی لەدایکبوونی هەرسێ کوڕی خۆی (کە لە توخمی ئەو دەبن) پێشبینی دەکات. هەروەها بۆ هەر هەزارەیەک ناوی ئەو کەسانەش دەڵێتەوە کە لەگەڵ هۆشیدەرو هۆشیدەرمانگ و سۆشیانس دەبن و هاوکارییان دەکەن.

سۆشیانس (٣٠) هاوکاری هەرە دڵسۆز و نزیکی دەبێت، ١٥ کەسیان کیژن، ١٥ کەسی تریان کوڕن.

بەهەرحاڵ... بۆ خوێنەر هەیە چۆنی لێکبداتەوە و بە چی ئەنجامێک دەگات و... چەندو چۆن بڕوا دەکات، یا ناکات؟!

مەبەستم تەنیا زانیارییە لە گۆشـەیەکی ئەم ئاینانە... کە دەبینین زەردەشت بەر لە هەزاران ساڵ، لە کتێبەکەیدا، وردترین پێشبینی بۆ داهاتووی جیهان کردووە. ئەم وردبینییە مەگەر لە کتێبی (تەورات)دا، بەتایبەتی بەشی دانیال پەیامبەر ببینین.

– ئایا زەردەشت چەند ساڵ بەر لە ئێستا ژیاوە؟ ئەوەش هێشتا پرسیارێکە ساغ نەبووەتەوە. بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی (٥٨٠) ساڵ پێش زاین ژیاوە. لێ، بەپێی سەرچاوەیەکی تر کە تازە بەدەستم گەیشتووە دەڵێ کە مێژوونووسانی یۆنانی رۆمانی هەندێ توێژەری زانای تازە بەوە گەیشتوون کە مێژووی زەردەشت زۆر کۆنترە، بەڵکو بۆ (٨٥٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە.

........................................................

(*) د. عبدالعظیم رضایی، پیام های والای زرتشت به جیهانیان، نشر ذهن أویز، تهران، ١٣٨٦ کۆچی هەتاوی.
لەم کتێبەدا، د. عبدالعظیم رضایی دەڵێ کە بەپێی لێکۆڵینەوەی (١٠) زانای گەورەی یۆنانی و رۆمانی هی تر، زەردەشت بەر لە ٨٥٠٠ ساڵ پەیدا بووە، هەندێ لەو زاناو فەیلەسووفانەش ئەمانەن:
ئەگزان قوس، (یوژنس (ریوجین)، ئەفلاتون (پلاتون بە یونانی)، پلی نیوس، پلوتارخوسن تئوپومپوسن سوئیداس، ئەردەشیر خەبەردار، بارون بون سن (ئەڵمانی)، سپینەرسەر (هندوستان)، قۆڵتێر (فرەنسی).

(١) لە فەرمایشتێکی ئاڤێستادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێ (سۆشیانس) لە رەچەڵەکدا بۆ نەوەکانی خودی زەردەشت بگەڕێتەوە.

(٢) زانستێک بە ناوی (بەراوردی ئاینەکان) هەیە، کە لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە و، رەگ و ریشەی تێکەڵاوی ئاین و ئاینزا و بیر و فەلسەفەکان دەناسێنێت.

## پەیامی هەڵبژاردن:
## پیری موغان: ئێوە ئازادن

١

هەندێ دەڵێن: نزیکەی ٢٦٧٠ ساڵە هاتووە، ئەوە بەحسێبی مێژوونووسان..

پەیڕەوێکی زەردەشتی لە هیندستان، کە زانایەکی ژیرە، بەحسێبی تایبەتمەندی زەردەشتیدا، پێداچووەتەوە، دەڵێت زەردەشتی یەکەم بەر لە هەشت هەزار ساڵ پەیدا بووە.

یەکلاکردنەوەی ئەم بۆچوونانە سادە نییە.

ئەمان حسابی ساڵانی مێژووی نووسراو دەکەن. ئەوان لەسەر حسێبی ئاینی دەڕۆن، کە ئەگەر بۆ پەیدابوونی مرۆڤی لێک بدەینەوە، ئەوە تەمەنی کورتتر حسێب دەکرێ لەوەی بۆی دانراوە.

زانایانی جیۆلۆجیزان باسی مرۆڤی پێش چەند ملیۆن ساڵ دەکەن. لێ حسێبی تر هەیە گوایە کە بابە ئادەم هەمووی چەند هەزار ساڵە پەیدابووە..

کەوابێ نەوەی ئادەم جیایە لە نەوەکانی تری ئینسان، کە ناوبەناو پەیکەری ئێسک و پرووسکیان دەدۆزرێتەوە.

هەزاران زانیاری شاراوە ماونەتەوە.. بەئاسانی خۆیان نادەنە ئاشکرابوون! لێ ئەوەی سەیرە و گرینگە بیر و ڕێنوێنیی مرۆڤە، کە نەوە بە نەوە، دەیگێڕێتەوەو دەیگەیەنێت بە ئەوانی تر.

٣

دوای هەزاران ساڵ وتە و بۆچوونەکانی پیری موغان بخوێنەوە، دەبینی

هێشتا تەڕو تازەنە، وەکو بڵێی، لەم چەند رۆژەدا، لە رۆژنامەو میدیاکاندا رایگەیاندووە.

چەمک و رستەی زیندوو لە ئێسک و پروسکی مردووان مانای روونترمان بۆ دەگێڕنەوە.

زەردەشتی دانا، کە مژدە هێنەری رۆشنایی ویژدان و راستی و پاکییە، هەزاران ساڵ بەرێ پەیامەکەی بۆ ئازادیی مرۆڤ داناوە. لە ئاڤێستادا بە مرۆڤ دەڵێت:

– تۆ ئازادی.. دەتوانی کامەیان هەڵبژێریت: رێگەی چاکەو راستکرداری راستی، یا رێگەی خراپەو درۆ و خۆفریودان.

پیری موغان ئەو پیرە رۆشندڵە، ئەو پیری پیرانە، پەیامی ئازادیبەخشی خۆی گەیاندووە...

تۆ ئازادی.

مانەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی بەشەری و گیانلەبەرانی تریش، لەسەر بنەمای هەڵبژاردنە.

لە ژیانی سروشتیدا، وەکو، (چارلز داروین) پێی گەیشتبوو، هەڵبژاردنی جۆرەکانی گیانلەبەران بەهەڵبژاردنی خۆبەخۆ و ئازاد و خۆڕسک، بەڕێوە دەچێت، کە:

– مانەوە بۆ بەتواناترینیانە.

مانەوە بۆ چاکترینیانە.

لێرە، (بەتوانا) و (چاک) جێگەی یەکتر دەگرنەوە. کەواتە: ئەوەی لە سروشتدا بەتواناترە، چاکترە چونکە دەمێنێتەوە.

چەمکی (بەتوانایی)، لێرەدا، ئەوەیە: کام گیانلەبەر دەتوانێ خۆی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەری خۆی رابهێنێ، هەر ئەوەیە کە دەتوانی بمێنێتەوە درێژە بەژیانی بدات واتە: مەرج نییە چاکترینیان بێ، بەپێی پێوەری ئێمە، بەڵکو چاکبوونی ئەوەیە کە لە فەوتان دەرباز دەبێ.

ئەو چەمکە سادەیە بووەتە بناغەی فەلسەفەی هەڵبژاردنی ئازادی یاسایی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

واتە: ئەو ئینسانەی بتوانێ لەگەڵ یاساو هەلومەرجی ژینگەی کۆمەڵایەتی بسازێ و، تێبگات، ئەوە لە هەڵبژاردندا دەیباتەوە.

ماکی بیرۆکەی هەڵبژاردنی یاسایی، ئاشتیبوونیەتی.. مرۆڤ هەندێک لە هەڵبژاردنی سروشتییەوە، کە بە یەکتری کوشتن و پاکتاوی هەمەجۆر بەڕێوە دەچێ، بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤایەتی یاسایی.. مەدەنی کە بەدەنگدان کۆتایی دێت. لێرەشدا (ملشکاندن)و فریودان و کڕین و فرۆشتنی ویژدان! بەرزترین بەهای ژیان و درۆ و چەواشە چەواشەو چاوبەستکیی، تێدایە.

بەهەرحاڵ مرۆڤ هەندێک لە خوو و ڕەوشتی دڕندانەی پێشووتری کەم بووەتەوە، بەڵام ستەم و درۆکاری بەشێوەیەکی (مۆدێرن) درێژە پێدەدا.

لەوەشدا، هەرچی بکات.. مەرجی مرۆڤ بردنەوەو مانەوەیە لەسەر مەکۆ (سەکۆ)ی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا! هێشتا بەلایەوە گرینگە بیباتەوەو. هیچی تر، ئیتر ڕەوشی ئەخلاقی مرۆڤدۆستانەی هێندە بەلاوە گرینگ نییە.

٤

پیری موغان لە پەرستگاکەی، ڕووبەهەتاو دانیشتووە، بۆ نەوەی ئەمڕۆش وەکو سەدان نەوەی پێشوو، دەپاڕێتەوە:

-پەروەردگار: ڕۆشنایی ویژدان بخەرە دڵ و دەروونیانەوە.. لە هەڵبژاردندا ئازاد بن... تا نەوەی ئازاد پەروەر پەیدا ببێت.

## زانایی، توانابیه

توانا مەبۆ هــەر کە زانــابۆ
جەدانست دڵ پیر ئەپورنا بۆ

ئەو شیعرە لە پێشەکی (ئەلماس خان کەلهوڕە ١١٦٥–١٢٢٧ کۆچی)دا هاتووە کە بۆ شانامەی کوردی داناوە.

ئەڵماس خـان لە ماوەی دە ساڵدا تـەواوی شانامـەکەی (فـیردەوسی)ی بۆ زاری (گۆران)ی کوردی، وەرگێڕاوە، کە تا ئێستا چاپ نەکراوە.

ئەو دانانە لە گەنجینە پڕ بەهاکانی ئەدەبیاتی کوردییە.

ئەو، جگە لەو وەرگێڕانە جوانە، پادشـاکانی ئێران و، زەردەشت و، مانی و، مەزدەگی، بە کورد داناوە.

لە کۆتایی دیوانەکەیدا، بە زاری گۆران، دەڵێت:

– یاران یەیانە (ئەمانە) کوردبێن سەراسەر (کوردبوونە هەموو)

– کە پەرێ (بۆ) ئێران رای کەردن (تێکۆشان) یەکسەر،

– وە جارێ (بەجارێک) ئێران ئاوەدان کەردن

– ئامان و (هاتن و) مژدە پەی (بۆ) یا تەرم (خەڵک) بەردن (دایان)

– درەوش ئێران درەوشیانەوە (پەرچەمی ئێرانیان شەکاندەوە)،

– پاراستن وڵات هەر وەگیانەوە (وڵاتیان بەگیان و دڵ پاراستووە)

بۆچوونی ئەلماس خـان دەمـانخـاتە رامـانی قـووڵـەوە چونکە ئەو، لێـرەدا ویسـتـوویەتی لایەنێکی مـێـژوو و شـارسـتـانی و کـولتـووری نەتەوەی کـورد دەربخـات، کە لە دوای دەوڵـەتی مـادیشـەوە، وەها ئەم خـاکـەی پاراسـتـووە کە هەمیشە بە وڵاتی خۆی زانیوە. مـامۆستا (مـحەمەد عەلی سـوڵتـانی) کتێبێکی

بەنرخی هەیە دەربارەی رۆڵی کورد لە پاراستنی بوون و فەرهەنگ و کەلەپووری ئێراندا سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران (سەید محەمەدی خاتەمی) بۆچوونێکی وەهای هەیەو لە کوردستان دەری بڕیوە. لە دانیشتنێکدا بە خۆم گوێم لێ بووە کە ئەو بیرۆکەی گوتووەتەوە کەواتە، جیا لە جیهانی سیاسەتی رۆژانەی ئێستا... دەبێ (لەڕووی کەلەپووری و مێژووییەوە) ژیانی کوردەواری و ژیانی خەڵکی ئێران ئاوێتەی یەکتر بزانین.. بەڕادەیەک کە زەحمەتە سنوورێک بۆ جیاکردنەوەیان بدۆزینەوە.

با لەمە زیاتر نەڕۆین، نەوەک هەندێ کەس بە هەڵە لەم بۆچوونە تێبگەن و شتی ترمان بدەنە پاڵ.

دەچمەوە سەر (خان ئەلماسی کەلهوڕ) کە دانەرو داهێنەرێکی بلیمەتی کوردە، تا ئێستا شانامەکەی (کە لە شانامە فارسییەکەی فیردەوسی دڵگیرترە)، نەخراوەتە بەر لێکۆڵینەوەو ناساندن. شایانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە.. بایەخی من بەم شاکارە لەوەوە دێ کە لەشەشی سەرەتایی و قۆناغی ناوەندی بووم، چەند جار لەڕووی دەسخەتی هەندێ داستانی ئەم شانامەیەم نووسیوەتەوە بۆ ئەوکەسانەی دەفتەرو قەڵەمیان بۆ هێناوم تا وێنایەکی بگرمەوە.

شانامەکەی ئەڵماس خان دەسخەت بوو، هەمیشە بەدەسخەت لەڕووی دەنووسرایەوە. ئێستا لەلامان نەماوە. وا بزانم لە کرماشان مابێ، هەروەکو بەڕێز مامۆستا سدیق بۆرەکەیی باسی دەکات. ئەوەی من دیبوم بە هەزاران لاپەڕە دەگەیشت. پڕ بوو لە پەند و قسەی خۆش و، هەندێ داستان و ئەفسانە کە لە ئەسڵییە فارسییەکەی فیردەوسیشدا نەهاتووە.

بەیتی سەرەوە پەندێکی قووڵ و پڕمانایە، کە لەم سەردەمەدا بەرجەستەبووە. شەرحی بەیتەکە:

- تووانا مەبۆ هەر کە زانا بۆ

(توانا دەبێ هەرکەس زانابێ)

- جە دانست، دڵ پیر ئەپورنابود

(لە زانین (زانست)دا، دڵی پیر جوان دەبێتەوە).

کەواتە: زانایی، توانابوونە..یا: زانایی، تواناییە.

دوور ئەندێشانی رۆژهەڵات، لەوانەش ژیرو بیرمەندانی کورد، لە مێژە بەوە گەیشتوون کە وزەو توانای بیر و هۆش و زانین مەزنترین وزە و هێزە.

ئەڵماس خان، بەو بیرتیژییە، توانیویەتی بڵێ کە سەران و پادشا مەزنەکانی ئێران، تا سەردەمی ساسانییان، کورد بوونە، لەوانەش چەند کەسیان ئافرەتن. بایەخدانی ئەو بەو وردە زانیارییانە بۆ ئەوە بووە تا کەسایەتیی کورد بناسێنێ.

لەو ئافرەتە کوردانەی کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتوون:

١- هوما کچی بەهمەن، لە بنەماڵەیەکی (ماد) ساڵی ٥٣٣ پێش زایین بووە بە شابانۆ، چل ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، پایتەختەکەی (تیسفون) بووە، بەشابانۆیەکی دادپەروەرو زانا ناسراوە.

٢- پوراندوخت (پووران)، لە نەوەی ساسانییەکان، کە کورد بوونە. ساڵی ٦٢٩ زاینی بووە بەشابانۆ. وەختێک تاجی دەخەنە سەر، دەوڵەمەندو پیاوە گەورەکان، زێڕو گەوهەری بەسەرا دەبارێنن. بەڵام پووران دەڵێ: لەجیاتی ئەوەی من زێڕ باران بکەن، زێڕو سامان بەسەر هەژارو نەدارانا دابەش بکەن.

٣- ئازەر میدوخت، دوای پووراندخت هاتووە ساڵی ٦٣٠ز چووەتە سەرتەختی پادشایی، ئەویش لە ساسانییەکانە کە بەپێی مێژوو دەڵێن کە لە رۆژی دەسپێکی فەرمانڕەواییدا هەموو سەران و گەورەکانی کۆکردووەتەوە پێی گوتوون: دەبێ هەموو کاروبارەکان بە پێی دادو هەق و ئاین بەڕێوەببەین تا خەڵک بە ئاسایش و ئاسوودەیی بژین.

## ئێمە، بە "ژار خواردنەوە" دەڵێین: نۆش!
## ئێوەن، کە لە ترسی خۆتاندا، حەپەساون!

١

بلا، لەوێدا بخنکێن،

ئێوە، لەوێدا دەخنکێن!

لە دووکەڵی قانخواردووی[١] ترسی دەروونیی خۆتانا، خەریکە دەخنکێن! ئەو ترسە، بووە بە دۆزەخی رۆحی ئێوە!

گەلۆ! بترسن، نەترسن.. هەر ئەوەیە.. هەر هەندە!

تەنیا (سوقراتی) فەیلەسووف وەڵامی ئەو ترسەی دایەوە.

وەختێک سزایان دا گوتیان: دەبێ، بەدەستی خۆی، لە نێو قوتابی و یارانیدا، پیاڵەی ژار هەڵبگرێت و، یەکسەر بینێتە سەرەوە و، بینۆشێ!

لەوکاتەی گشت یاران و قوتابیانی خەمبار و پەشۆکاو بوون، لەو لەحزەیە دەترسان (سوقرات)[٢] ژارەکە بنۆشێتەوە.. ئاو لەو چرکە ساتەدا، تەنیا کەسێک کە ترسی نەبوو، نەشڵەژابوو، نەپەشۆکابوو، ئەفسووسی بۆ ئەم جیهانە نەدەخوارد... تەنیا مرۆڤێکی چاونەترس و شادمان خودی (سوقرات) بوو کە بە ئارامی هەڵسایە سەرپێ و پیاڵەی ژاری بەرز کردەوە و وەکو بڵێی لە کۆڕی بادەنووشیندا، بە یارانی بڵێ: ئۆش! بازووی، لەسەرخۆ، بە بازنەیەکی ناتەواو، سووڕدایەوەو، مژی بە (پیاڵەی شوکران)ەوە، تا دوا دڵۆپە، نایەوەو، بە ئارامی دانیشتەوە.

(سوقرات) دەیتوانی لە مەرگ نەجاتی ببێ. قوتابیانی رێگەیان بۆ خۆش کردبوو تا بیرفێنن و لە مەرگ رزگاری بکەن. لێ سوقرات دەیگوت: من یاسا

پەروەرم، ئەگەر خۆم لە یاسای ژیان لەشار هەڵبێم، ئیتر چۆن دەتوانم ڕێنوێن و ڕێبەری گەنجان ببم و، فێری یاسا پەروەری و مافناسییان بکەم؟!

ئێوە لە ڕاستییەکی ژیانی خۆتان دەترسن.

لێ سوکرات بە پیری ڕاستییەکانەوە دەچوو[٤]، ئەگەر چی مەرگی خۆیشی تێدا بووبێت، سوکرات دەیگوت: ئێوە دەترسن لێم بپرسن و، لە پرسیارەکانم هەڵدێن، ئەوە دەهەمین خولی لێپرسینەوەیە کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە.

کەسانێک هەن دەترسن، بپرسن.. دەترسن، وەڵا م وەربگرنەوە، دەترسن خۆیان بخەنە بازنەی ئەندێشەی پاکەوە.

---

(١) قانخواردوو = قانگخواردوو: قانگ = دووکەڵ = ئەسپەندەر – قانگدان: دووکەڵ بەگژداکردن، بە دووکەڵ دەرکردن.

– قانگخواردن: (لە گەرمیان) بە دووکەڵی خەست دەڵێن کە لە ژوورێکدا قەتیسی خواردبێ و هەناسەی مرۆڤی بە زەحمەت خستبێ.

(٢) سوکرات (سوقرات) لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا دیسان باسی ژیان و شەهیدبوونی دەکەین.

(٣) شوکران: ئەو ژارەیە لە جۆرە گیایەک دەری دەکەن و، دەیخەنەوە پیاڵەوەو دەرخواردی یەکێکی دەدەن تا کۆتایی بە ژیانی بهێنن.

سزای (سوکرات) نۆشینی پیاڵەی شوکران بوو، کە پیاڵەی پڕاوپڕی ژاری کوشندە بوو، بێ دوودڵی و هات و هاوارو پاڕانەوە لە کەس... بە یەک قوم خواردییەوە.

(٤) سوکرات (٤٧٠ پ.ز – ٣٩٩ پ.ز) بەر لە (٢٤٠٨) ساڵ لە یۆنان بەژاردەرخواردان، شەهید بوو.

تاوانێکی نەبوو، ئەو بە پێی پەتی شەو و ڕۆژ بە کۆڵان و جادەو دەشت و دەردا، دەگەڕاو، خەڵکی دەهێنایە دیالۆگ، وەرزێر و سەرباز و دەوڵەمەند و هەژار و، پیرەمێردو گەنجان و، ژنان و پیاوانی دەدواند تا فێری ڕێگەی دۆزینەوەی راستی بن، گەنجانی یۆنان (یۆنانستان) سوکراتیان خۆش دەویست، چونکە بە زمانی ئەوان دەدوا و، ڕۆحیەت و عەقڵیەتی جوانانەی هەبوو.

لەسەر گەواهیی نارەوایی دەسەڵاتداران و سیاسەتوانە بەرچاوتەنگەکانی ئەثینا سوکرات درایە دادگا، ئەمما دادگایەکی کراوەی ئاشکرا بوو.

دانیشتنەکانی دادگایی سوکرات و وەڵامە فەلسەفییەکانی (کە ئەفلاتوونی قوتابیی سوکرات نووسیویەتەوە بەناوی »بەرگری« ماون، وانەو پەندی گرینگی مەعریفی و فەلسەفی مێژووی هزری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین.

سوکرات عاشقی جوانی بوو، عاشقی جوانیی حەقیقەت بوو، هەموو کەسی هان دەدا تا جوانی حەقیقەت لە خۆیانا بدۆزنەوە.

سروەی دەروونی سوکرات ئیلهامێک بوو رووناکیی بە رۆحی ئەو دەبەخشی.

سوکرات بەخۆی هیچ کتێب و پەڕاوێکی بەجێ نەهێشتووە، ئەوەی هەیە لە نووسینەکانی ئەفڵاتوون و گزنۆفۆنەوە ماوەتەوە.

گرینگتر لە فەلسەفەی سوکرات، کەسایەتی و ژیانی خودی سوکراتە، کە شێوەی جوانی خۆی هەبوو لە دەمەتەقێ و زەقی تایبەتمەندی هەبوو لە دیالۆگ، هەر بۆیەش کتێبی ئەفلاتوون بەناوی ( دیالۆگەکانی سوکرات) شاکارێکی جوانی ئەدەبی لێ دەرچووە، چونکە شێوەی دیالۆگی سوکرات سادەو رەوان و قووڵ بووە

# بڕوا بەخۆ هێنانەوە

١

گەلی ژێردەست وەختێک دەکەوێتە سەر ڕێچکەی رزگاری، کە بڕوا بەخۆی بهێنێتەوەو، پشت بەخۆی ببەستێ و، تواناو زانینی خۆی بخاتە گەڕ.

مرۆڤ نییە توانایەکی ئەوتۆی نەبێ.

گەل نییە سەرچاوەی توانای نەبێ، هەر چەندیش کەم بێ.

نابینایان ببینە، چۆن هەندێ شت فێر دەبن و دەیکەن کە بینایان نایتوانن.. هەندێ پەککەوتە هەن کە بەسەر ناتەوانی خۆیاندا زاڵ دەبن و جوانکاری لە داهێناندا دەنوێنن.

٢

بیرو ویست و توانای ژیان بێ سنوورە، ئەوە خۆمانین کە بە بڕوای لاوازو بڕوا بەخۆ نەکردن، ڕێگە لە خۆمان دەبەستین.

پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەلی کورد لە باکوری کوردستان نموونەی زیندووی بڕوا بەخۆهێنانەوە و متمانەیە.. کە بەبێ یارمەتی (دەرەوە) تەنانەت کوردی دەرەوەی باکوریش، هەر بە خۆیان چەندین ساڵە خۆیان ڕێکخستووەو بەرەو ئاواتی ئازادی دەچن، و شێوەی خۆیان لە تێکۆشان دۆزیوەتەوە.

بەخۆیان ڕێگای هونەرو مۆزیکی کوردی میللی و زەماوەند و خۆپیشاندانیان بەشێوەی سەرکەوتووی تێکۆشان دەرهێناوە، لەڕوویەکی تروە، زانست و تەکنۆلۆجیای تازەیان بە دروستی بەکار بردووە تا دەنگی خۆیان بگەیەنن و، سوودیان لە هەر دەرفەتێکی یاسایی و پەرلەمانی و ئازادی دەربڕین، لە تورکیا، وەرگرتووە تا ئامانجیان بەرەو پێش ببەن.

کوردی باکور، بەبێ پاڵپشتی هیچ دەوڵەت و هێزێکی دەرەکی توانییان دۆزی کورد بە پلەیەکی بەرز لەسەر مەکۆی (مینبەری) جیهان بگەیەنن.

سەرکەوتنی بەرچاوی لیستی DTP و هاوپەیمان و هاوکارانیان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ٢٠٠٩/٣/٢٩، نموونەی گەشی بڕوا بەخۆهێنانی گەلی کوردە.

ئەو سەرکەوتنە دووەمین پێشکەوتنی دۆزی کورد لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان دێت.

ئەگەریش سەرکەوتنی ئەمجارەی باکور بخەینە چوارچێوەی بارودۆخی ناوەکی و دەرەکی، ئەوە کەم وێنە دێتە بەرچاو، دۆندی پێشڤەچوونی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانە، لەم بارودۆخەدا.

جگە لە بردنەوەی هەڵبژاردنی نزیکەی سەد شارەوانی کە بەدەستیان هێناوە، ئەوە سەرکەوتنیان، بڕوای گەلی کوردستان بەخۆی سەدان جار زیاد دەکات و ورەی بەرزو متمانە بەخۆ لە نێوانی هەمووماندا، دەبەخشێ.

لە چەندین روویەکی پۆزەتیڤی تریشەوە وانەی مەزنی سەرکەوتنی خەڵکی باکور بتۆژینەوە، هێشتا هەر کەمە، چونکە مانایەکی جوانتری تێدایە کە مژدەی چاوکرانەوە و رابوونی هێزو توانای خەواڵووی ملیۆنان خەڵکی کوردستانە، هەڵدەگرێت.

٣

بڕوامان بەخۆ بێت و، زیاتری بکەین.

متمانەی بەخۆمان و بەیەکدی، بدەین.

تێناگەم بۆچی لە باشوور متمانەمان لاوازتر بووە، لەکاتێکدا دەبێ بەرەو بالاتر بڕوانین.

لەم رۆژانەدا نووسەرانی هەرێم باس لە هەڵبژاردنی گشتی (یەکێتی نووسەران) دەکەن، دڵم خۆشە کە ڕەنگە کۆنگرەی گشتی یەکێتییەکە ببەسترێ.

لێ پەست و بێزارم کە دەبیەم هەندێ کەس و دەزگا هەوڵدەدەن هەڵبژاردن لەم کۆنگرەیەدا، بەپێی «تەوافوق» بێ، نەک هەڵبژاردنی ئازاد، تێناگەم ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری پیشەیی وەک (یەکێتی نووسەران) چ پێویستی بە «تەوافوقی حزبی» هەیە؟ بەخۆی ژمارەیان چەندە؟ ئایا نووسەران، شاعیرو ڕۆماننووس و شانۆکارو داهێنەران توانای ناسینی یەکترییان نییە؟ ئایا نازانن دەنگ بەکێ بدەن؟ خۆ نووسەران ڕووناکبیری پێشەنگی کۆمەڵگەمان بوونە، هەنە... جا بۆچی ئازادی هەڵبژاردن بێبەش بن؟ چ پێویستییان لە «قاوغدانە»؟ ئایا لە «قاڵبدان»ی تەسکی دەزگا نەزانەکان، بەسی نییە؟

ساڵی پار لە هەڵبژاردنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش هەمان بیروڕام دەرخست و، لە هەڵبژاردنەکە بەشدار نەبووم هەرچەندە مافی خۆم بوو، کە ئەندامی سەندیکاکەم.

بێزارم لە «ڕێبازی» تەوافوقی حزبی لە سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیییەکان... خۆ ئەگەر «تەوافوق»ی لیستی پەرلەمانی، لەبەر بەرژەوەندی باڵای سیاسیی هەرێم، ڕێی تێ بچێ، ئەوا ئەم جۆرە «تەوافوقە» لە سەندیکاو ڕێکخراوەکان بێ تام و بێ مانایە..

هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئازادانە بوو، هەر حزب و گرووپ و دەستەیەک جیا دابەزینە هەڵبژاردن، دیارە ئەمجارەش وەهای لێدێ، بەڵکو باشتریشە فراوانترین دەرفەت بڕەخسێنین بۆ هەڵبژاردنی تاکە کەسی و، لیستی کراوە بێتە ئاراوەو، ڕێگە خۆشبێ بۆ هەر کەسێک بەخۆیا دەبینێ و (مافی خۆیەتی) بچێتە مەیدانی پێشبڕکێوە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا،

بۆچی بترسین؟ لە چی بترسین؟

ئێمەی خەڵکی کوردستان، بەگەل و حکوومەت و حزبەکانەوە نابێ، لە ئازادی بترسین.. بەڵکو کلیلی کردنەوەی زۆرێک لە گرێ و گۆڵەکان، ئا لە (ئازادی) دایە، لە متمانەدان بە هاووڵاتییان تا ئازادانە ویست و ئاواتی خۆیان دەرببڕن، ئازادانە لە کاندیدبوون و هەڵبژاردن، پشکدار بن.

٤

دەبا هەڵبژاردنی یەکێتی نووسەران و ڕێکخراو و سەندیکاکان ئازادو کراوە بێ. ئەگەر بتوانین هەر بیانوویەک بۆ لیستی داخراو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، بهێنینەوە، ئەوا بۆ لیستی دزێوی داخراو لە ڕێکخراوە پیشەیی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکاندا، هیچ بیانوویەکمان نییە تەتیا ئەوە نەبێ (ئەوەش جێگەی کەسەرو خەم و دڵساردییە) کە دیارە هێشتا بڕوا و متمانەمان بەخۆ نییە و، هێشتا لە ئازادی دەترسێین... کە نابێ وەهابێ... ئەبەد نابێ وەهابێ!

# ئاگری زەردەشت، ڕۆشنایی ویژدان

١

* ئەمجارەیان بابەتێکی سەختم هەڵبژاردووە...

لەوەڵامی پرسیاری خوێنەرێکی بەڕێزدا، کە دەڵێ: ئایا زەردەشت ئاگرپەرست بووە؟ ئەوا ئەم کورتە وەڵامە دەنووسمەوە، کە نەخێر، ئەو ئاگرپەرست نەبووە بەڵکو رووناکی و تیشک و گەرمایی ئاگری بە نیشانەیەکی کرداری خودای پەروەردگار زانیوە، بۆ شیکردنەوەی ئەم وەڵامە کورتە، ناچارم بگەڕێمەوە سەر چەند بابەتی گەوهەری لە جیهانیبینی زەردەشت و ئاینەکانی تردا.

ناچاریشم یەکەم: مانای واژەی (زەردەشت) لێبدەمەوە، ئەمجا ناوی خوا لە ئاینی ئەوداو، چەند زاراوەی تر کە کلیلی فەرهەنگی ئەون بهێنمەوە.

١- زەردەشت: مانای واژەی (زەردەشت) هەسارەی درەوشاوە (درەخشان) و، رۆشنایی زێڕینە (بڕواننە دانشنامەی مەزدینا، نووسینی د. ئوشیدوری) کە گرینگترین فەرهەنگی واژەکانی زەردەشتییە، بێگومان لەلایەن لێکۆڵەرو زمانزانان و پسپۆڕانەوە چەندین راڤەو مانایان بۆ واژەی (زەردەشت) هێناوە، وەک زەردەشتی، واتە: خاوەنی وشتری زەرد، بەڵام دوایین و نزیکترین مانا ئەوەیە کە لەو فەرهەنگەدا هاتووە د. عەلی ئەکبەر جەعفەری کە شارەزاییەکی باوەڕپێکراوی فەرهەنگی زەردەشتییە لایەنگیری لە هەمان مانا دەکاتەوە کە مانای زەردەشت، (هەسارەی درەوشاوە رۆشنایی زێڕینە).

کەواتە هەر لە ناوەکەیەوە پرشنگی رۆشنایی هەیە، ئەمەش کلیلی فەلسەفەی ئاگرە لە جیهانبینی ئەودا، چونکە گەوهەری ئەم فەلسەفەیە

بەڕۆشنایی و تیشک و بڵێسەو گەرمایی و رووناهییەوە بەندە، لەدوای لێکۆڵینەوە بەوە گەیشتووم کە زەردەشت سومبولی ئاگری بۆ رۆشنایی دەروون و رۆح داناوە، واتە: پەیامی ئاینەکەی ئەوەیە مرۆڤ بە رۆشنایی ویژدان و پاکی دەروون بگات و، بەپاکی لەم جیهانەوە بچێتە جیهانی تر زەردەشت پاکی و رووناکی ویژدانی بە گرینگترین پێشکەوتنی پەیڕەوانی خۆی داناوە.

٢- ئەهۆرەمەزدە: ناوی پەروەردگارە لە فەرهەنگی ئەودا، ئەم واژەیە بە چەندین شێوە هاتووە: ئەهۆرامەزدا، ئەهۆرەمەزدە، هورمەزد، هورموزد، ئورمەزد، هورمەزد، هرمز، و ئورمەز، ماناشی بەم شێوەیە: ئەهۆرە، لە ئاڤێستادا، وەکو (ئەسۆز) لە فەرهەنگی بەرەهمەنی هیندۆسەکاندا، مانای: سەروەرو مەولاو مەزن هاتووە، هیندۆسەکان (ئەسۆز) بۆ پەروەردگاری مەزن بەکار دێنن.

واژەی (مەزدا) لە (گاتاکانی) ئاوێستادا بەمانای دیر (بیر/ حافظە) و بەبیر سپاردن (ئەزبەرکردن) و هەروا مانای: بەبیرهێنانەوەیە، کەواتە: ئەهورەمەزدە یانی: سەروەری دانا، مەزنی رۆشن- ویژدان، چونکە واژەی (زەردا / لەمەزدا) لەگەڵ چەمکی (دانا) ئاوێتە بووە، بەر لەزەردەشت خواوەندی ئەفساناوی هەبوونە، بەڵام زەردەشت هاتووە (ئەهۆرە مەزدە)ی بۆ ناوی خوای پەروەردگاری ئارياييیەکان چەسپاندووە، ناوێکی تر (یەزدانە) کە لە واژەی (یەز) هاتووە، کە مانای قوربانیدان و عیبادەت و ستایشی پەروەردگار و پەرستنی لێ دەکەوێتەوە، لە قۆناغێکی تردا واژەی (یەزدان) بووە بەناوی خوا.

ئەگەر لەم واژانە وردبینەوە ئەوا جیهانبینی قووڵ و فراوانی زەردەشت دەردەکەوێ کە هیچ واژەیەکی دوور لە چەمکی پەرستن و ستایشی پەروەردگار، نەهێناوە.

٣- ئاگر لە زمانی کوردیدا بەچەند شێوە هاتووە: ئاور، ئایر، ئاتەر، ئاهیر، لە ئاڤێستا(١) و زمانی فارسیدا بەچەند واژەی دێتەوە: ئاتەش ، ئازەر

(نزیک لە ئاتەر)،.. هەروەها ئاتەشدان، ئاتەشکەدە (ئاگر کۆ، ئاگردان)، (کەرە) یانی: گوند، ئاگر گوند/ گوندی ئاگر/ پەرستگای ئاگر.

(١) ئاڤێستا: ئاوێستا، ئەویستا.

٤- خۆر، رۆژ:

گەوهەری ئاگر لە ئاویستادا لە واژەی (خەوارنگە) دەردەکەوێ، کە لە واژەی (خور، بە ئاویستایی خۆر بە کوردی) هاتووە. (خور)ی ئاویستایی یانی (فەڕ= فەڕە) مانای (فەڕ)یش لە ئاوێستادا زۆر دەوڵەمەندە، چونکە تێکەڵاوی سەدان واژە دەبێ و چەمکی جوانی جۆربەجۆری لێ دەبێتەوە، وەک: فەڕ، فەرەهی، فەرەیی، فەراهەت، فەرەمەند، فەرهمەند، فەرەیدوون فەڕی کەیانی، فەڕی ئاریایی، فەڕی ئیزەدی (یەزدانی)، فەرنگیز، ناوی ژنی سیاوەخش، کە کەیخەسرەوی لێ بووە، فرەنی، فەروە فەریشتە، فەردەرانە، فەرگرد، فەرەدەشی (فەرەدەهر) کە بەمانای هێزێکی رۆحیی گرینگی دەروونی مرۆڤە.. و تاد!

چەندین مانای واژەی (فەڕ/ خور=خۆرە) هەنە زۆر جوانە وەک: رۆشنایی، شکۆیی/ شکۆداری/ خاوەن شکۆ/ مەزنایەتی (مەزنی، گەورەیی)، و توانای نائاسایی تایبەتمەند کە لەلایەنی ئەهۆرەمەزدەوە دەبەخشرێتە پەیامبەران و پیاوچاکان و ڕێبەرە رۆشنراکان.

کەواتە: ئەگەر (خەزنگەهـ= فەڕ) پوختەی گەوهەری ئاگر بێ، ئەوا دەردەکەوێ کە ئاگر وەک سومبولی شکۆداری و رۆشنایی و بەرزیی مەزنێتی پەروەردگار دانراوە واتە: ئاگر تەنیا (ئاخیشچ)ێکی سروشت نییە بەڵکو هەڵگری فەڕەی مەعنەوی بەرزە کە لە خواوە دەدرێتە خۆشەویستەکانی.

لێرەوەیە دەبێ ڕیشە و مانای (بێغەڕ) لە زمانی کوردیدا تێبگەین.. واتە ئەوکەسەی وزەو گەوهەری خوایی پێ نەدراوە.. و بێ کەڵکە.

٢: ئاخیشچ: رەگەز، عونسور، ئەلەمێنت، کە سروشت لە چوار ئاخیشچە: خاک، هەوا، ئاو، ئاگر، وەکو لە جیهانبینی کۆندا هەمیشە بەو شێوەیە لێکدراوەتەوە.

٢

زەردەشت چەمک و مانای مەعنەوی رۆحانی بە ئاگر داوە. ئاگری نەپەرستووە بەڵکو بە (خوابەخش) و بەخشینی خوای وەرگرتووە، تا ئەو رادەیە کە رۆشنبوونەوەی دەروونی مرۆڤی وەک: خۆر ئاسان (خوراسان = خۆرهەڵاتن) لەسەر هەسارەی زەمینی، زانیوە. چۆن خۆر لەسروشتدا تیشک و پرشنگ دەدا ئاوەها ویژدانی مرۆڤ رۆشن دەبێتەوە. خودی زەردەشت لە رێگای ئەندێشەی رۆشنیەوە خوای ناسیوە.

د. عەلی ئەکبەر جەعفەری، کە شیکەرەوەیەکی شارەزای رەمزورازی زەردەشتییە، لە کتێبی (پەیامی زەردەشت) دا رەوان و سادە جێگەی ئاگر لە ئاینی زەردەشت روون دەکاتەوە و دەنووسێت: جیهانی ئێمە پێویستی بە رۆشنایی و گەرمی هەیە، ئەوەش تەنیا لە هەتاوەوە پێمان دەگات. بەشەر یەکەمین گیانلەبەرە کە، جگە لە ئاگری سروشتی، ئاگر و، رۆشنایی دەسکردی داهێناوە، مەبەستی وزەی کارەبا و وزەی نەوت و... هتد! ئەویش لە هەڵایسانی ئاگری سروشتییەوە فێری بووە. کەواتە (ئاگر) مرۆڤی لە هەموو گیاندارانی تری جیا کردووەتەوە ئیتر هەرچەند بەشەر پێشکەوتووتر بووبێ پتر نیازی بە ئاگرو رۆشنایی و گەرمایی بووە.

(١) لە کەلەپووری زەردەشتیدا هاتووە

(٢) بڵاوکراوەی فەرەدەهر، تاران، ١٣٥٣ک هەتاوی

خواوەندە ئەفسانایییەکان و مرۆڤگەل، ئیدی بەدەوری ئاگرو ئاگردان و وزەی گەرماو رۆشناییدا کۆبوونەتەوە و ئاگر رەنگ و جوانیی بە رێورەسمی ئاینیش بەخشیوە.

ئیتر دامەزرێنەری هەر ئاینێک بهاتبا ئەوا ئاگری گەش و بڵێسەدار دەپاراست و، بۆ تێگەیاندنی خوای خۆی شتێکی باشتری لە ئاگرو رۆشنایی نەدەدۆزییەوە تا بیکات بە وانەی گەیاندنی پەیامەکەی.

کەسمان نەدیوە تاریکی لە رووناکی باشتر بزانێت کەواتە ئاگر هەمیشە نموونەی ئاماژە بە بوونی خوا بوو بێگومان، نموونە، نیگاری ئەو شتەیە کە دەمانەوێ بە دەوروبەرمان پێشان بدەین و بسەلمێنین هەروەکو بە تابلۆیەکی بەهار دەمانەوێ رەنگ و رووخساری ئەم وەرزە پیشان بدەین. نووسەر بەو ئەنجامە دەگات، کە دیارە پاراستن و هێشتنەوەی گڕو بڵێسەو تیشکی ئاگر (لە ئاتەشکەدە) بەمانای ئاگرپەرستی نییە بگرە رێزگرتن و ستایشی خوای گەورەیە، ئەو خوایەی کە ئاخێشچی ئاگر و تەواوی سروشتی خوڵقاندووە.

زەردەشت هەموو نموونە و نیگارەکانی لە ئەفسانە و ناپاکی خاوێن کردووەتەوە و بە ئاگر مانایەکی مینەوی (مەعنەویی رۆحی) بەخشیوە، کە لە سەراسەری (گاتا)کاندا بەواژەی (ئاتەر مینۆ) هاتووە واتە ئاگری مەعنەوی، کە ئەهۆرە مەزدە لەو رێگە مەعنەوییەوە وە شادی و ئازادی و ویژدان، بە هەموو کەسێک دەبەخشێت کە شایانیەتی، بەڵام هەندێ کەس چاک نین و شایانی ئەو بەخشینە مەعنەوییە نین، هەر بۆیەش (ئاگری مەعنەوی، ئاتەر مینۆ) دروستکاران لە درۆزنەکان جیا دەکاتەوە.

هەر بۆیەش چەمکی رۆشنایی و درەوشانەوە ئاوێتەی رێنوێنیی و جیهانبینیی پەیامبەران (د.خ): محەمەد، موسی، عیسا، یەحیا و ئەوانی تر بووە، هەر وەکو بووە بەگەوهەری فەلسەفەی زانا و دانا و چاکسازە مەزنەکان: بوودا و سۆفیگەرەکان بەتایبەتی حەلاج، رابعە عەدەوییە، سوهرەوەردی، ئیبنو عەرەبی و.. هتد!

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە (خوا رووناهیی زەمین و ئاسمانەکانە) کەواتە ئاینی ئیسلام جێگەیەکی هەرە بەرزی بە (رووناکی) داوە لە پەڕاوەکانی ئاسمانی تردا هەردەم جێگەی شایان بۆ چەمکی رووناکی و رۆشنایی دانراوە.

هەندێ سۆفیگەر وەک سوهرەوەردی هەموو جیهانبینییەکەی لەسەر درەوشانەوەی پرشنگی رووناهی زەڕەیەکی بەخشینی پەروەردگار بناغە داناوە. حەلاج راڤەی خۆی هەیە بۆ ئایەتی (خوا رووناکیی) زەمین و

ئاسمانەکانە و فەلسەفەکەی لە رۆشنبوونەوەی دەروون دەدوێت.

زەردەشتییان چەندین جەژنی گەورەیان هەیە: نەورۆز (٣/٢١)، مهرەگانە (٢ی سپتەمبەر) هەر پایزێک، سیدە (سەدە) رۆژی ٦/٣٠ی ساڵە کە جەژنی دۆزینەوەی ئاگرە.

لە دایکبوونی زەردەشت، بەپێی ساڵنامەی زەردەشتییان، دەکەوێتە رۆژی ٢٦ی ئادار، واتە پێنج رۆژ دوای نەورۆز. هەندێک دەنووسن کە رەنگە رۆژی نەورۆز جەژنی راستەقینەی لەدایکبوونی زەردەشت بووبێت. ئاینی زەردەشتی و پەیڕەوانی ساڵنامەی خۆیان هەیە، کە نەورۆزی ٢٠٠٩ دەبێت بەساڵی (٣٧٤٧) دینی زەردەشتی (وەهای بەفارسی دەینووسن).

# راستی، خولقێنەری شارستانی

١

راسـتـی، لە بیـرکـردنەوە و گـوفـتـار و کـرداردا، یەکـەمین و گـرینگتـرین رێنومایی زەردەشتە کە (راستی) بە یاسای ژیان ناو دەبات.

بەر لە ٣ هەزار ساڵ، بگرە زیاتر، زەردەشت پەیڕەوانی خۆی لەسەر راستی و، بەپێی فەلسەفەی راستی، پەروەردە کردووە. راستی، واتە: راستگۆیی و، راستکرداری، راستی، واتە: راستگۆیی و، راستکرداری.

راستی، واتە: دروستکاری و، دڵسۆزی لە کار و پیشەدا.

راستی، واتە: دڵسۆزی و جیدیەت و وردکاری و دەسپاکی، نەک لە پێناوی پاداشتدا، بەڵکو لەبەر خودی گەوهەری راستی لە ژیاندا.

زەردەشت ئەوەی گوتووە، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵات فەرامۆشیان کردووە هەربۆیەش ئێستا زەمەنی درۆ و دووڕوویی و فریودانە. راستی و دروستی، بەدەگمەن دەبینرێت. ئەنجامەکەشی دیارە، کە دواکەوتن و هەناسە ساردییە. هیچ نەتەوەیەک، بە درۆ و فریوکاری و خۆ خەڵەفاندن، نەبووە بەهیچ.

دوای زیاتر لە ٣ هەزار ساڵ رێنوێنییە جوانەکانی زەردەشت لە ئەوروپاو وڵاتە پێشکەوتووەکان، چەکەرەیان دادەوشێن بوونە.

ئەوروپای ئەمڕۆ بە (یاسای راستی) بەم پێشکەوتنە گەیشتووە.

دوای دەیان سەردان بۆ وڵاتەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەداو رووسیا و هی تر، لەم دواییەش نەرویج و فنلەندەی هاتە سەر، جارێکی تر کەوتوومەتە لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری پێشڤەچوونی ئەم گەلانە.

لە (نەرویج) لێیان پرسیم: وڵاتەکەمان چۆن دەبینی؟ لە وەڵامدا ئەوەم گوت

کـە دەبوا بەر لـە چارەکـە سـەدەیەک بمزانیـبـا، ئەویش گـرینگی یاسـای (نەنووسـراوی) راسـتییـە، کە سـەرمـەشقـی ژیانی رۆژانەو کـارو پیشـەیانە لە نەرویج و وڵاتانی تر. لێـرەدا دەڵێم: خــەڵکی ئەم وڵاتانـە پەیڕەوی راســتی و دروستین، چ لەگەڵ خۆیانا یا لەگەڵ کۆمەڵگەو دەرەوەیاندا. رەنگە ئێمە هەموو شـتێکیـان قـبـووڵ نەکـەین، یا هـەندێکی بەنامـۆ بزانـین، بەڵام ناچار دەبین دان بەوەدا بنێین کە راستگۆن. ئەوەی دەیڵێن، ئەوە دەکەن.

هەر کارێک بکەن بە دروست و جیدی ئەنجامی دەدەن، دیقـەت و وردکاری و جوانکاری، لەبیرناکەن. ئەم خەڵکە نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ هەربۆیەش بە دڵسۆزی کاری بۆ دەکەن. راستگۆیی نیشانەی وڵاتپارێزییانە.

رەنگە کـەسـانێکی دەگمـەنی فریـوکار و خۆخـەڵـەفـەکار دزینەوەیان هـەبێ، بەڵام کـەمن، لە کاتێکدا زۆرینەیـان راستگۆ و دروسـتکارن.. (هـەرچەندە بەلای هـەنـدێک لە ئێـمــەمــانـەوە هـەندێ کــاریان پەســەند نـاکـەین، بەڵام بۆ خــۆیان بەجیدی وەری دەگرن).

ئا ئەوەیە هێڵی جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوان، نێـوان رۆژهـەڵاتی دواکەوتوو و رۆژاوای پێشکەوتوودا.

ئەگەر لـەمن بپرسن کۆمەڵگەکانی جیهـان بە چەند دەسـتـەوە دابەش دەبن؟ دەڵێم: بە دوو دەستە: دەستەی راستی و دەستەی درۆو فریوکاری.

وەکو بڵـێی زەردەشت ئاینەکـەی بۆ ئەمڕۆ داناوە. ئـەو دەڵێت: باوەڕداری و چاکەکاری و خێرخوازی وەختێک دروسـتـە کە راستیی لەگەڵدا بێت. ئەگەر پەیڕەوی (راسـتی) نەبێ... ئەوا ئیـتـر هـەزاران رێوڕەسـمی خـواپەرسـتی، بە دادت ناگات و بە دەردت ناخوات.

٢

ژیان و باری کۆمـەڵایەتی ئەوروپاییـەکان، بەر لە چەندین سـەدە لە ئێسـتای ئێمە خراپتر بووە.

بەهـۆی ژیریـی زانایان و زاڵبــوونـی نەرێتی یاســا پەروەری و رێزنان لـە

پەیمان و بڕیارەکانیان، واتە: دروستکاری و جیدییەت، توانیویانە ئەم شارستانییەتە پێکەوە بنێن، کە ئێمەش تێدا سوودمەندین.. (هەرچەندە هێشتا، بۆ خۆمان، سوودبەخش نین).

دەڵێن: ململانێی شارستانی و کولتوور و ئاین و زمانەکانە. من دەڵێم: بڕوا ناکەم ئەم ناولێنانە دروست بێت. جیاوازیی بەشەرەکان لە زمان و ئاین و شارستانی و فەرهەنگەوە نییە، بەڵکو جیاوازی لەوەدایە کە بەشێکی گەلانی دنیا یاسای راستی و دروستکاری دڵسۆزییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. بەشەکەی تری گەلان هێشتا دیلی فریوکاری و خۆ گێلکردن و نادروستی و درۆ و دووڕوویین.

کەواتە، ململانێ لەنێوان هۆکاری پێشکەوتن و پاشکەوتنە هۆکارەکەش ئاشکرایە.. کە راستییە، یا نادروستی، ئەتۆ بەوردی تەماشای ژیانی رۆژانەت بکەو، حسێبی بکە لە بەیانی تا ئێوارە، چەند جار تووشی درۆو فریوکاری ئەم و ئەو دەبیت، لە بازاڕەوە بیگرە تا سەر کار و ناو ماڵ و کۆڕ و کۆمەڵەی بچووک و گەورەی رۆشنبیری و هونەری و سیاسی و تاد! لەوەش گەڕێ!

لەلایەکی تری ژیانمان وردببەرەوە: چەند کەس دەبینی بەدروستی کارەکەی خۆی ئەنجام دەدات، تەنانەت ئەگەر کارێکی تایبەتیش بێ، جا چ بگات بە کاری گشتی چەند کەسیش خۆی لەکار دەدزێتەوەو، لە بەڵێن و سۆزی خۆی پەشیمان دەبێتەوەو هەر کاتێکیش پێی کرا یاساش پێشێل دەکات. ئەم بارودۆخە رەنگە هەموومان، کەم و زیاد، بگرێتەوە، بەدەگمەن، کەسمان لێی بەدەرین. چونکە نەرێت و رەوشی نادروست باوە. چی بکەین تا ئەم لاپەڕەیە هەڵبدەینەوە و ژیانێکی دروستکار و جیدی، بنیات نێین.

بۆ بەدیهاتنی ئەو دۆخە تازەیە، بیرمان بۆ پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیاتی کارو دروستکاری لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بڕوات.

هەمووومان، لە ئەم حاڵەتە، بەرپرسیارین، چونکە بەتاک و تەنیا سەرناکەوین.

کێنە ئەو زاناو شارەزاو پێشەنگانە کە رێچکەکە دەشکێنن؟

هەرکەس لە ئێمە بۆی هەیە بێ بە ڕێچکەشکێن. واتە نائومێد نەبین ئێمەش لە تواناماندا هەیە خۆمان بەرەوپێش ببەین.

(راستی)، رووتە.

راستی جادەیەکی دیارە، پێچوپەنای ناوێت. لە ئۆسلۆ/ نەرویج/ سەرم لە پارکی (ڤاکینگ) دا، کە نموونەی وەهام لە جێگەی تر نەدیوە.

پارکەکە، لەگەڵ گوڵی جوان و شەقامی ڕێک پڕە لە پەیکەری رووت. منداڵ و ژن و پیاو رووتن لە گۆشەیەکی پارکەکە دەیان پەیکەری داتاشراو لە بەرد، دەبینین، هەموو لە داهێنانی یەک هونەرمەندە، چەندین ساڵی پێوە خەریک بووە.

لە ناوەڕاستی دەیان پەیکەردا منارەیەک دەبینین لە پەیکەری رووتی دەیان ژن و منداڵ و پیاوی گەنج و پیر پێکهاتووە، هەموو تێکالاون، بەرەو بالا هەڵدەکشێن، تا لە نووکی منارەکەدا دەبن بە کۆمەڵێک منداڵ.. کە یەکسەر بۆم دەرکەوت وێنەکەی لە فەیلەسووفی لوبنان (جەبران خەلیل جەبران) وەرگرتووە. کە کاتی خۆی بە قەڵەمی ڕەش کێشاویەتی ئەو وێنەیەم لەکتێبێکی (جەبران) بەرچاو کەوتووە، نیشانەی خولی ژیانە (سایکل)، کە ژیانی مرۆڤ کۆتایی نایەت لە قاڵبێکەوە بۆ ئەویتر، تا لەسەرەوە وەکو ئەو منداڵە فریشتە ئاسایانە جوان دەبێتەوە.

بڕوای (جەبران) وەها بووە. ئەم هونەرمەندە نەرویجییە لە ئەوی وەرگرتووە وەک ئەویش مرۆڤەکانی بە رووتی کێشاوە.. چونکە (راستی)ی ویستووە، راستیش هەمیشە رووتە، شاردنەوەی ناوێ بە (دزی) ناکرێت. واتە: راستی ئاشکرا گۆییە، دروستکارییە، بینینی روناکی شتەکانە... وەکو خۆیان هەن، نەک لەپشتی پیت و پەڕۆ و پێچ و پەنای تاریکەوە، کە هەردەم پڕە لە درۆ و فریوکاری و چەواشەکاری.

## مەسیحی بوونی سەلاحەدینی ئەیوبی

سـەلاحـەدین، بەهیچ شـێـوەیـەک، ڕێگەی نەدا مـوسـڵـمـانان ببن بـە دوژمنی مەسیحییان یا دژی ئاینی مەسیحییەت، هەرچەندە جەنگ و شەڕەکانی لەگەڵ سوپاکانی وڵاتانی مەسیحیی ئەوروپا بوو کە دەهاتن بۆ داگیرکردنی قودس و ڕۆژهەڵات. بۆ نموونە، گیانی دیلەکانی خاچپەرستی (مەسیحیی) دەپاراست، زۆربەیانی دوای ماوەیەکی کەم لە ئەسیربوونیان ئازاد دەکردن.

مـێـژوونووسـانی هـاوچاخی سـەلاحـەدین، بە مـوسـڵـمـان و مـەسـیـحـیـی ئەوروپییەوە، دەنووسن کە بە پێچەوانەی داوونەریتی سەرکەوتووانی جەنگ تا ئەو دەمە (کە دیلەکان دەکوژران یا دەکران بە کۆیلە و دەفرۆشران)، ئەم (واتە: سەلاحەدین) بۆ یەکەمین جار دیوان (دەزگای) کاروباری دیلەکانی دامەزراندو بە گیانی لێبوردەیی و مرۆڤایەتی مامەڵەی دەکردن و، زوو بەزوو بەرەڵڵایانی دەکردن، یانی: سـەلاحـەدین هەشت سـەد ساڵ پێش زەمانـی خۆی کەوتبوو... چونکە تەنیا لە سەدەی ڕابردوودا یاسای نێودەوڵەتی وەها بۆ دیلی شەڕ دانرا.

لە کتێبی (ئەلکامل، نووسینی مەفروج ئەلکروب[١]) هاتووە کە سـەلاحەدین لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی ڕەجەبی ساڵی ٥٧٣ی کۆچیدا شـاری قودسی ڕزگـار کرد، کە گرینگترین ڕووداوی ئەو سەردەمە بوو. ئەوسا سـەلاحەدین فەرمانی دایە سوپاکەی کە کەس کاری بە سەر هیچ مەسیحییەکی ناو شار نەبێ بەڵکو دەبێ بەشێوەیەکی ئیسلامییەوە لەگەڵیانا ڕەفتار بکرێ و هەموو بە هێمنی لە قودس دەربچن. سەلاحەدین فەرمانی دا کە کەسوکاری ئەو ژن و کچ و منداڵانە لە هەر کوێ بن بیاندۆزنەوەو بیانخەنە تەکیان، بە جۆرێ کە ئازار بەهیچ مەسیحییەک نەگا. هەندێ لە ژنانی پادشایانی فەلە، کە لەگەڵ سامان و کەنیزو نۆکەرەکانیاندا لە شەڕدا بە دیل گیرابوون، سەلاحەدین ئەوانی ئازاد

کرد و دەستووری دایە سوپاکەی کە لەگەڵ هەموو سامان و داراییەکیان بیانبەنە هەر شوێنێ کە خۆیان دەیانەوێ، هەروەها بە بەتریارکی گەورەی قودس مۆڵەتی دا کە لەگەڵ هەموو سامان و داراییەکانیدا لە قودس دەربچێ. سامان و دارایی ئەم پیاوە ئەوەندە زۆر بوو، کە هەندێ لە موسڵمانان چوونە لای سەلاحەدین و داوایان کرد کە دەس بگرێت بەسەر سامانەکەیا بۆ ئاوەدانی و دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت، بەلام سەلاحەدین لێیان تووڕەبوو و پێیانی وت: ماڵی هیچ کەسێ بۆ کەسی تر ڕەوا نییە. تەنانەت هەندێ لە سوارەکانی خۆیشی لەگەڵیانا نارد تا بەهێمنی بگەنە ئەو شوێنەی کە خۆیان دەیانەوێ...«بیر لە ئەنفال بکەنەوە!!»(بڕوانە: کتێبی ئەلکامل..[٢]./ ئەو بڕگەیە لە کتێبی سەلاحەدینی ئەیوبی، نووسینی: بۆرەکەیی سەفی زادە، بە کوردی وەرگیراوە).

دوای ڕزگارکردنی شاری قودس و دەرچوونی گشت کەسوکاری سەربازە خاچپەرستەکان سەلاحەدین ڕێگەی دا مەسیحییە ئۆرتودکس و یەعقووبی و سریانەکان لە ناو قودس بمێننەوە. هەروەها جووەکانیش زۆرینەیان گەڕانەوە ناو شار. هەندێ سەرچاوە دەڵێ کە سەلاحەدین بەخۆی هەندێ لەو مەسیحی و یەهوودییانەی بردەوە ناوشار، کە لەوە پێشتر هەر لەوێ دەژیان. دادپەروەری و لێبوردەیی سەلاحەدین کەم وێنەیە لە مێژوودا. بڕواو متمانەی پادشایانی مەسیحی ئەورووپا بە ئەو ئەوەندە قایم بوو، لە کاتی نەخۆشییاندا داوای مێوە و بەفر و عیلاجیان دەکرد، سەلاحەدین بۆیانی دەنارد، وەکو چەند جار بۆ ریشاردی شێردڵی پاشای ئینگلیز کردوویەتی.

هەر بۆیەش لە گفتوگۆی نێوان ریشارد و (ئەلعادل) برای سەلاحەدین دەربارەی سوڵح. ریشاردی پاشای (مەسیحیی) ئینگلیز پێشنیازی کرد (جوانای) خوشکی ببێ بە هاوسەری (ئەلعادل)ی موسڵمان. ئەمە لە ١١٩١/١١/٩زدا بووە.

سەلاحەدین هەرچەندە لە دڵەوە ئەم مامەڵەیەی لەلا پەسەند نەبوو، بەلام لە پێناوی ئاشتیدا ڕازی بوو، لێ (جوانا)ی خوشکی ریشارد ڕەتی کردەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە سەلاحەدین و کەسوکاری چووبوونەوە دڵی

مـەسـيـحـيـيـەكـانی ئەوروپاشـەوە. ئەوەندە لە خـۆيان بە نـزيكيـان دەزانی ئامـادەبوون كچی پادشـاكـەيان بە براكەی بدەن. سـەلاحـەدين خاوەن رەوشـتی بەرزی مـرۆڤـدۆسـتـانەو راسـتگۆيی و ئەمـەگداری بوو تەنانەت لەگەڵ دوژمـن و نەيـارانيـشـيـدا، هـەرچـەندە ئەمـان زۆران جـار جـوامـێـری و پيـاوچاكـيی سـەلاحـەدينيـان بە غـەدر و خـراپ دەدايەوە. لە گـەلاوێژی ١١٩١زدا رێككەوتننامـەيەكی ئاشـتـەوايی لەنێـوان سـەلاحـەدين و ريشـاردی پاشـای ئينگليز دەبەسـترێ تا هـەزاران ديل بگۆڕنەوەو بە يەكتری بدەنەوە. بەڵام دوای ماوەيەك ريشـارد پەيمانەكەی دەشكێنی و نزيكەی (٣) هـەزار ديلی موسـڵمـان لە ناو قـەڵای (عـەكـا) بە كـۆمـەڵ دەكـوژێ. بەڵام سـەلاحـەدين دەس نادات لە ديلەكانی ئەوان بەڵكو بە سەلامەتی دەيانباتەوە بۆ گرتووخانەی ديلەكان.

باسی جـوامـێـری سـەلاحـەدين زياد دەكـێـشی. ئەو كـە زۆرينەی لـەشكر و نوێنەرو ميرو فەرماندەكانی لە كوردی شنگال و هەولێرو ئامـەدو موسڵ و ئەو دەڤەرانە بوو، بايەخی زيادی بە ئاسـايش و بەرقەراری سيسـتەمی حوكمڕانی جـزيرەو بۆتان و ئـامـەد و هەولێـر و مـوسڵ دەدا، چـەندين جـار بـەخـۆی و لەشـكرەكـەيەوە بۆ ئەو ناوچانە گـەڕاوەتەوە بەتايبـەتـی دوای مـردنی هـەندێ حوكمڕان و فەرمانڕەوايان، كە هەموو كورد بوون.

لە ژێر سـايەی دەوڵەتی ئەيوبيدا قوتابخـانە و نەخۆشـخـانە (بيمـارسـتـان) و قـەڵا و بازاڕ و خـانـەقا (تەكـيـە)ی زياد لە مـيـسـرو وڵاتانی تر دامـەزراوە، تا سەلاحەدين بۆ ميسر نەچووە لەو وڵاتەدا خانەقا نەبووە[٣].

ئەو، ئەنجـوومـەنی شـەڕ و ئەنجـوومـەنی راوێژكـاری و قـازی و زانای بەرزی لەگەڵ خـۆيدا دادەنا. بۆ وەرگرتنی بڕياری گرينگ راوێژكارانی كۆدەكردەوە و گوێی لە هەمووان دەگرت، سەرەنجام بيروڕای زۆرينەی پەسـەند دەكرد. ئيـتر ئەگـەر رايەكـيـان وەرگـرتبـا سـەلاحـەدين پابەنـدی دەمـايەوە. ئەو رێبـازە لە راپەڕاندنی كاروباردا لە گشت كتێبە مێژووييـەكانی سەردەمی ئەودا هـاتووە. گرينگترين كەسايەتيی سەلاحەدين راستگۆيی و جوامێری و پاكيی بووە.

هيچ پادشـاو سوڵـتانێكی تری مـوسـڵمـان، لە غـەيری سەلاحـەدين، دوژمـن و

نەیارانیان ئەوەندە بە جوامێری و راستگۆیی و لێبوردەیی باسیان نەکردوون...(دواتر، دوای هەفت سەدە پێشەوایەکی مەزنی تری کورد پەیدا بووە کە بارزانییە، ئەویش دوژمنانی بەر لە دۆستانی ستایشیان کردووە).

بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەی کەسایەتیی سەلاحەدین، (...و کەسایەتییە مەزنەکانی کورد)، هیچ بۆچوونێکم نەدۆزییەوە ئەوە نەبێ کە، راستە سەلاحەدین موسڵمانێکی گەورەی زاناو باوەڕدار بووە، بەلام گەوهەری کەسایەتی ئەو بۆ پەروەردەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەگەڕێتەوە، کە پاشماوەی کولتووری زەردەشتییە. لە وتاری پێشوودا باسمان کرد کە موسڵمانبوونی مرۆڤ (یا پابەندبوونی بە هەر ئاینێک) پێچەوانە نییە لەگەڵ کولتووری هەرە کۆنی میللیی نەتەوەکەی.

مێژوونووسی گەورەی فەڕەنسی (میشلە) لەمەڕ راڤەی ناوەڕۆکی ئاڤێستای زەردەشتی دەڵێت کە لە چەند وشەدا چڕ دەبێتەوە ئەویش ئەمەیە:

-«پاک بە، تا بەهێزو توانا ببە. تواناییە، تا پاک ببی»

ئەمجا هەر (میشلە) دەڵێت، کە دەرکەوتووە کە ئەندێشەی پاک و دروست بنەماو مایەی رەوشتی پاکی بەرزو چاکە. واتە: بیرو ئەندێشەی پاک هەمان ویژدانە. کەواتە وتەی چاک و کرداری چاک زادەی ئەندێشەو بیری پاکە.

یەکەمین فەرمان و دەستووری زەردەشتی، راستی و راستگۆیی و خاکەرایی و جوامێرییە. بێگومان، جوامێری و ئازایەتی و خاکەڕایی زادەی راستگۆییە، کە هەمان ویژدانە. هەر بۆیەش سەلاحەدینی پەروەردەبووی ئەو کولتوورە مێژینە، کەسایەتییەکی تایبەتمەندیی خۆی لە رۆژهەلات و جیهاندا نواندووە. سەلاحەدین کوردێکی رەسەن و دروستکار بووە و سیستەمی کوردەواریی دەوڵەتی دامەزراندووە (ئەمە شرۆڤەی دوورودرێژی گەرەکە). لە کەسایەتیی مەزنی تری وەکو کەریم خانی زەندیش تەنیا بەو پێوەرە تێدەگەین.

پەراوێز: (١) و (٢) و (٣): بڕوانە: د. محمد سهیل طقوش، تاریخ الایوبیین في مصر وبلاد الشام واقلیم الجزیرة، دارالنقاش، لبنان، عام ١٩٩٩.

## بێداری: سی و جگەری جیهانین

١

گۆی زەوی بە بوونەوەرێک دەزانن کە هەناسە دەکێشی و هەناسە دەدا.

(سی)ی هەناسەدان بریتییە لە سەوزایی و درەخت و دارستانی چڕی سەر زەوی.

حەوزی رووباری (ئەمازۆن) لە ئەمەریکای باشوور، کە چڕترین دارستان و شینایەتی بەخۆیەوە دەگرێت، بە«سی»یەکی گرینگی گۆی زەوی دادەنێن، هەر بۆیەش هەوڵدەدەن ژینگەی سروشتی ئەم حەوزە بپارێزن.

لە کۆڕ و کۆمەڵەی ژینگە پارێزیی جیهاندا بیرۆکەیەک پەیدا بووە دەڵێت کە دەشێ کوردستان ببێ بە«سی و جگەرێکی» تری گۆی زەوی.

پسپۆران لەو بیروڕایانەدان کە خاک و کەشوهەوای کوردستان گونجاوە بۆ شینبوونەوەی دارستانی چڕوپڕی وەها کە سوودی هەرە گرینگ بە چاکبوونەوەی کەشوهەوای گشت زەوی بگەیەنێت. سەرکەوتنی ئەزموونی ژینگەپارێزیی بارزان هاندەرە بۆ بەدیهێنانی ئەو بیرۆکەیە.

٢

خاکی کوردستان، لە ناکاو خەریکە گەنجینەی دەوڵەمەندی خۆی بە رووی جیهاندا دەکاتەوە.

گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەمەریکایی و ئەوروپی ئاماژە بە دەوڵەمەندبوونی کوردستان دەکەن. لەم ساڵدا، ٢٠٠٩، گەورەترین کێڵگەی نەوتیی جیهان لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، وەکو رۆژنامەی «نیویۆرک تایمز»ی ئەمەریکی، لەم دواییە، نووسیویەتی.

گۆڤارێکی ئابووری ئەمەریکی تر دەڵێت کە خاکی کوردستان دەوڵەمەندترین خاکی جیهانە، بەتایبەتی لە نەوت و گازدا.

هی وەها هەنە دەڵێن دوایین بەرمیلە نەوتی جیهان لە کوردستاندا دەردەچێت، واتە: دەریای نەوتی کوردستان دوای گشت چاڵە نەوتەکانی جیهان وشک دەکات.

دیارە، کوردستان لە سێ بواردا دەوڵەمەندە:

١- نەوت.

٢- گاز.

٣- ئاوی شیرین.

ئەمە جگە لە کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، ئەگەر چاک بەڕێوەببرێن.

٣

هەموو ئەوانە هەرچەندە مایەی شادمانین، ئەوەندەش ترس و دڵەڕاوکێ دەوروژێنن، مەبادا دەوڵەمەندی خاکی کوردستان بکەوێتە بەر تیرو پەلاماری چاوچنۆکان و بکەوینە ژێر هێرشی راورووت و تالانیی کۆمپانیاو وڵاتە گەورەکانەوە. لەو میانەشدا مەسەلەی پێگەی ژینگەی کوردستان لەسەر ئاستی گۆی زەوی دەمێنێتەوە، کە لە نەوت و گازو ئاو کەمتر نییە، بەڵکو گرینگترە.

چەندو چۆنی بیری لێ دەکەینەوە و لێی تێ دەگەین، ئەوە بۆ بێداری و ژیری و هۆشیاری خۆمان دەمێنێتەوە.

کەواتە: بەر لە هەموو شت دەبێ (بێدار) ببینەوەو بزانین کە پەروەردگار خاکێکی وەها پڕ خێروبێری پێ بەخشیوین.

جارێکی تر، ئەم خاکە جوانە، دەبێتەوە مایەی رووناکی و ئومێدی جیهان. کوردستان و خاکی نیشتمانە ئارياييیەکان رووناکی و نەورۆزیان بە جیهان بەخشیوە.

تازە... ئەمساڵ، رێکخراوی (یۆنسکۆ)ی نێودەوڵەتی، لە ٣٠ی ئەیلوولدا،

دانی بە جیهانیبوونی پەیامی نەورۆز و رووناکیدا ناوەو، فەرهەنگی نەورۆزی، کە هەمان فەرهەنگی رووناکی بەخشی میتراو زەردەشتە، بە کەلەپووری مەعنەویی مرۆڤایەتیی، ناسیوە.

سێ ساڵ زیاترە پیری موغان مژدەی هاتنەوەی رووناکیی زەردەشتی راگەیاندووە.

لەوە راستتر و جوانتر چییە کە جیهان چاو ببڕێتە خاکی کوردستان وەکو ئومێدێکی داهاتووی ژینگەدۆستی؟

لەجیاتی ئەوەی، لەبەر ئەو راستییانە، لە خۆبایی ببین و بەرپێی خۆمان نەبینین، چاکترو دروستتر ئەوەیە بە ئارامی رابمێنین و بە ناخی دەروونی خۆمان بچینەوە، تا بە کانگای رووناکی جیهانی راستەقینەی خۆمان دەگەین و، لە جەوهەری سروشتی خوڵقاندن دەگەین.

ئەمە دەسپێکی ئەزموونە...

کە تۆی خاوەنی ئەم سەرمایەو گەنجینە دەگمەنە چۆن دەتوانی نەیدۆڕێنی، بەڵکو بیبەیتەوە و، چۆن دەیسەلمێنی کە شیاوی گشت ئەو خێروبێرەی پەروەردگارو سروشتی و، چۆن سەرمەستی دێوانەگیی بوغرایی و لەخۆدەرچوون، نابیت.

(فریدرێک نیچە)ی شاعیر و فەیلەسووفی جەرمەنی (ئەڵمانی) خەونی بە پەیدابوونی مرۆڤێکی لە مرۆڤ بەرزترەوە دەدی، کە ئەوەندە بەهێزو لێهاتوو بێ، بتوانێت باری گرانی پێشکەوتن، بگرێتە ئەستۆ! دیارە، پەیامی رووناکی گرینگترین وێستگەی داهاتوومانە[١].

---

(١) نیچە، لە جیهانبینی زەردەشتەوە بە بیرۆکەی پەیدابوونی مرۆڤی بەرزتری داهاتووی، گەیشت.

بڕوانە کتێبی :«زەردەشت ئاوەهای وت» کە نیچە لە سەدەی نۆزدە دایناوە.

دەفتەری پێنجەم:

# خانە خراپ

## خانه خراب

١

لە گەرمیان بۆ گاڵتە یا رەخنە، بەیەکدی دەڵێن: ماڵوێران، ماڵخراو، ماڵرمیاگ!

لە بادینان دبێژن: مال خراب، خانە خراب!

کەواتە...

لەگەڵ تۆمە، خانە خراب! چی خۆت بەو رۆژە گەیاندووە؟ مەگەر زۆربەی دەسەڵات و سامانیان نەخستبووە بەردەستت؟ ئازادو سەربەست نەبووی لە خەرجکردندا؟

چما، وەها؟! مەگەر کەمت لەبەردەستا بوو، کەم ژنی بەسەزمانت لە خزمەتا بوون؟ تا چووی ئەو ئاسکانەشت خستە داوەوە؟! چما بریندارت کردن؟!

ئەدی تۆ، تۆی دیکە، پتر لە پەنجاو هەند ساڵە «سوارچاکی» ئەم مەیدانەیت، چی بوو کەوا بە ئاسانی لە «سواری» بەرگلاوی، رێگە بۆ بەر ماڵی خۆت دەرناکەیت؟ بەچی مەییەکی نیهانی مەست و سەرخۆش بووی، سەرت لە پێ ناکەیتەوە، ماڵ خراپ؟!

تۆی، ئەولاتر خۆت مەخەرە بەر سێبەری دیوارەکە، خانە خراب، وەرە پێشەوە... بزانم: سی ساڵ زیاترە ئەزت لە قەفەز ناوە، ئێستاش بەوە دڵخۆشی کە من هێشتا لە قەفەزدام.

تەماشاکە، قەفەزەکە خالییە. من لە مێژە، لە شەقەی باڵم داوە، ئەوەی لە قەفەزەکەدا ماوە تەنیا سێبەری قاڵبی جارانمە. قەفەزەکەت توورِ بدە! ئیتر ئەویش لە تۆ رزگاری بووە.

٢

تۆ.. تۆی لە خۆباییبوو، پتر لە پەنجاوپێنج ساڵە کلکت لە شاران و ماڵاندا تۆز ئەکا، لە خۆت ئاوڕ بدەوە، کلکت پێ نەماوە، ئەوەی هەیە سەلکە گۆشتێکی رووتی گەڕو زاماوییە، لەبەر بۆنی گەنی، کەس بە دووت ناکەوێ! تۆ خاوەن موڵک و پیاوی دەسبەسنگ بووی، فەرمانت دەڕۆشت، ماڵوێران!

تۆ هێشتا دەروانی ژووری زیندانەکەی، کە دەیان ساڵ بەرێ منت لەو ژوورە دەست و قاچ بەستەوە... ئەوەندە زیندانەکەتت « خۆشدەویست» بە خۆت دەهاتی پاسەوان و دەروان و ئیشکچی بووی، نەبا قورتارم ببێ!

ماڵ خراب! تەماشای ژوورەوەی زیندانەکە بکە، کەس لەوێ نەماوە، من لە مێژە پەنجەرەکانم شکاندووە! تەماشای سەر باڵای بەرزترین درەختی سەرووی دارستانی چیا بکەن... من لەوێ ئاشیانەم هەیە، بەڕووی گزنگی هەتاوا دەخوێنم. ئەوە منم، ئیتر بەهار تەواو، پایزت هاتووە! بەر زیندانەکە بەربدەو، ژوورەکە ئازاد بهێڵە!

٣

ئیدی لێت ناپاڕێمەوە، دەشزانی قەت لە کەس نەپاڕاومەتەوە، تەنیا لە پەروەردگاری هەمیشە میهرەبان و جوان و پاک نەبێ، کە هاوپەیمانیم لەگەڵیدا گرێداوە تا لێی دوورنەبمەوە.

دەزانم، ئیتر، تۆ کەنوویەکی بەتاڵی، بە دوو پێچکەی لەرزۆکەوە دێیت و دەچی، ئیتر منالێکی ئاواییش دەتوانێ پاڵت پێوە بنێ و، لە شێوەکان گلورت بکاتەوە تا بنی شێوەکان و داروبەردە تیژەکانی!

ئیدی بەچییەوە دەنازی؟! مەگەر سام و هەیبەت و شکۆت لەلای هەندێ تەرمی نووستووی گۆڕستان مابێت.

خانە خراب!

چەند لە تەکتدا خەریکی خەرکاو بووم، خواستم جارێک بە کووچەکەمان رەت بی، سەر لە داپیرە کەنەفتەکەت بدەی، لێ ئەفسووس! ئەگەر بەم

ئاقارەشدا بهاتبای، ئەوە بە لووت بەرزی و فیزو خۆ هەڵکێشانەوە دەڕۆیشتی، کەست نەدەدی! نەتدەویست کەس بناسیت، ئەوە تۆ بوویی، کە دەڕۆیشتی چاوت لە ئاسمان بڕیبوو، بەرپێی خۆت نەتەدی.. تۆ وەکو سەراو دەهاتی، وەکو تارمایی رەت دەبووی! ئێستا ئاگام لێیە کە بەرپێت هەڵکەوتووە، بەسەرەوە لە ئەرزت داوەو دنیات لێ بووە بە سەراو و تارمایی و، دڵ و دەروونت تاریک وەرگەڕاوە، ئیتر ناتوانی رۆشنایی جارانی شارو شەقام و باخچەکان ببینییەوە، هەمووی تارماییە.. ناتوانی جوانی پاکی زولاڵی رۆژگاران بدۆزیتەوە، هەموو لە دەروونتا لێڵ هەڵگەڕاون. خۆت بەرەو ئەوێ چوویتە، ماڵ خراب!

٤

ماڵوێران! دە ساڵە ئەز لێرە نەماوم، زۆر دوور رۆیشتوومە، تۆ هێشتا بەرد لە کەلاوە بەجێماوەکەم دەگری، کە شووشەی پێوە نەماوە تا تۆ بیشکێنی! من بە خۆم هەمووم شکاندووەو دیوارەکانم رووخاندووە، چونکە ئەسارەتبەندی من بوون. تۆ هەر واز ناهێنی! بلا.. واز مەهێنە! بەرد بگرە، هەر بازووی خۆت دێنیتە ژان. من دەڵێم لەوێ نەماوم... دوور رۆیشتووم، لە قالبێکەوە بۆ قالبێکی تر، لە ماڵێکی وێرانەوە بۆ نیشتمەنێکی فراوان و دڵگیر!

٥

پەنجا ساڵە، شەست ساڵە، تۆ بڵێ زیاترە، هاتن و رۆیشتن، کردیان و بردیان، تۆ، ماڵ خراب، تازە بە تازە ریشی خۆت بە دەستی مناڵ و کاڵەوە دەدەیت، بازییەکی تر دادەمەزرێنی کە خۆتیش نە لە سەری تێ دەگەی، نە لە بنی... تازە بە تازە کەڵەک دادەمەزرێنی، لە سەردەمێکدا ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزەی بەرازو باڵندە، بە دنیادا پەخش بوونە، سەر بە گشت جەستەو گشت ماڵێکدا دەکەن، بەبێ مۆڵەت و پاسپۆرت دەچنە ژوورەوە.. ئیدی چی بەتۆ دەکرێت، خانەخراب؟

أ

ئەوە چییە، خانە خراب؟!

ئەو خـــەڵکانەیان بۆ ئەو ریسـوواکـارییـە بەدەسـتی ئێـوە دراون؟ یا بۆ پاراستنی حورمەت و کەرامەتیان؟

ب

گەلۆ! خانەخراب!

هەموو شتێکت دەشاردەوە تا کەس نەزانی، نەخوێنێ، بیرنەکاتەوە.. لێ سەردەمی تۆفانە، کاغەزەکان کەوتوونە سەرئاو، شەپۆل بەگشت لایەکا دەیانبا، دەکەونە دەست گشت کەس و ناکەسێک... زەمەنی ئاشکراگۆییە، کە گورباچۆڤ بە (گلا) ناوی دەبرد. ئاستی تۆفانەکە لەبەر گەرمایی باری سیاسی و کەشوهەوا، بەرزتر دەبێتەوە.

هەموو شتێکت لە سندووقەکانا قایم دەکرد، کەچی ئێستا ئەرشیفەکان کەوتوونەتە دەستی خەڵکی، دەساو دەسی پێ دەکەن، تۆمارە شاراوەکان ئاشکرابوونە، نهێنی نەماوە، ئیتر بۆچی هەر لە پەیڕەوانی نزیکی خۆمان زانیارییەکان دەشارنەوە، ماڵ خراب؟!

ج

خۆشەویست بووی، ماڵوێران!

خەڵکی هەر ئەوەندەیان پێ خۆش بوو بەدەورتا بێن و لێت نزیک ببنەوە، کەچی کارێکت بەخۆت کردووە تاک و تەریک بوویتەوە، دەتەوێ لە خەڵک هەڵبێی و، خەڵکیشت لێ نزیک نابنەوە... چما کەست بە دەوری خۆت نەهێشتووە. بڕوانە پشتی خۆت چی دەبینی؟! چەند جاش یا مشەخۆری هەلپەرست گوایە پشتی تۆیان گرتووە، بەڵام لوولەی تفەنگیان لە گازەرای پشتی تۆو، سینگی من و دۆستانت نیشانەیان گرتووە!

ء

ئەتۆ، خانەخراب، رەفیقم بووی، هەڤاڵی گیانی بەگیانی، لە-یەک بەلەمدا بووین- دەریای ژیانمان دەبڕی... کەچی ئێستا ناتەوێ بمبینی. بۆچی لە نیگام دەشڵەژێی و دەترسێی؟! مەگەر پێکەوە رووبەڕووی فڕۆکەی جەنگی و تانک و هێرشی فاشستان و، مەترسی تیرۆر و ژاردەرخواردنی دەستی سیخوڕان و، رفاندن و چی و چی نەدەبووینەوە؟

لە منی (شایەد) شڵەژاوی، کە بۆ بەدبەختی هەندێ کەس، تەمەنم درێژەی پێداوە؟ یا لە خۆت سڵ دەکەیتەوە چونکە بوونی من لەبەردەمتا، رابردووی پاکی خۆت وەیاد دێنێتەوە؟ بۆچی لەو رابردووە گەشە ترساوی، ماڵخراو؟!

لێ، ئەز تاکە شایەد نیم، رابردوو ناشێردرێتەوە و، تۆماری پێشوو، بەکەس ناسڕدرێتەوە! ئەز پڕ حیرەت و سەرسامم لەو کەسانەی کە لە پاکی و رووناکیی رابردووی خۆیان دەترسن!

ه

خانە خراب!

تە دبێژی دنیا خائینە، بێ وەفایە، چەرخێکی چەپگەردە... لێ، وەرە، بزانین، دنیا خائین و بێ ئەمەگە، یا تۆ و... من و، ئەوانی تر؟

دنیا قەت خائین نەبووە، هەمیشە دەرفەتی جوانی بۆ رەخساندووین، بەڵام ئێمە بەفیڕۆمان داوە... نەمانزانیوە لە تەک دنیادا بگونجێین ویستوومانە دنیاش، وەکو مرۆڤگەلی دڵپاک و سادە و دڵسۆز، گیرۆدەی ویستی نەخۆشی خۆمانی بکەین، ئەو دنیا هەرە گەورەیەش بخەینە نێو قەفەزێکی بچووک کە جێگەی مێرووڵەی لێ نابێتەوە!

ئێمە فێربووینە هەموو شتێک وەک خۆمان، بچووک و پووک و پووچەڵ بکەینەوە. گەرنا گەردوون هەمیشە، لە دایکی میهرەبان، بۆ مە دڵسۆزترو بەوەفاترە.

تۆ، ماڵ خراب، ببێژە کە نەتزانیوە و رێزت لە وجود نەگرتووە و، فورسەتی

ژیانت بەهیچ وەرنەگرتووە، هەربۆیەش ئەویش بەسانایی لە دەس دەرچووە.

و

ماڵ وێران! تۆ بەخوو و رەوشتی فاشستیانە لەگەڵ ژن و منداڵ جووڵاویتەوە.

تۆ بەزار و دروشم دیموکراتخواز و رزگاریخواز بوویتە، لێ بەکردەوە فاشست بوویتە، ئێستاش فاشستی... هەر ئەوەندەت لەدەست هاتووە کە کردووەتە، گەرنا لە موسولینی و پۆڵ پۆت و هیتلەر و سەدام رەت دەبووی. تۆ هەر لەحزەیەک یەکێکی لەوان، هەرچەندە بە زارەکی دژ بەوان بوویتە. ئاخر، خانەخراب، تۆ خولەکێکیش بەخۆتا ناچیتەوە، تا لۆت دەربکەوێ تۆ لەلێواری چ دۆزەخێکی بیرورەوشتی فاشستیانە، راوەستاوی!

هەر پیاوێک، خۆبەخۆ، فاشستێکی بچووکە یا گەورەیە. تەنیا کۆمەڵگەی پیاوان هەڵگیرسێنەری جەنگ و کوشتوکاری و ماڵوێرانییە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیە ئاوێتەی خوو و رەوشتی فاشستیانەیە.

ز

ماڵ خراب!

نیشتمان، هەمووی، بەدەستتەوە بوو، لێ چیت لەو نیشتمانە گەورە و فراوانە کردووە؟ بەدیدی فاشستیانەی خۆت نیشتیمانت هەر گوشیوە و گۆشیوە تا بەئەندازەی ژووری بچووکی ژوان و سەرگەرمی و رق و کینەت لێ کردووە.

کوا نیشتیمان؟! لەو ژوورە تاریکە زیندانیت کردوە! چما... خانە خراب؟!

چما ئەو کردەوەت بەسەر ئەو نیشتیمانە ئازاد و جوانەت، هێناوە؟!

ئەو سەردەمە کەست قبوڵ نەبوو، نیشتمانت تەنیا بۆ خۆت قۆرخ کردبوو، پشکی کەست نەدەدا!

ئێستا کە نیشتیمانت لەدەس دەرچووە، یا تەنیا لەتێکی بچووکت بۆ

ماوەتەوە، تازە بەتازە بەشوێن هەڤاڵ و شەریک و هاوکارا دەگەڕێی؟ دوای چی؟ تازە زەحمەتە، ماڵ خراب! ئیتر دنیا گۆڕاوە. لەو چەمووشییە دەس هەڵبگرە، بەشوێن ڕێگەیەکی چاکترا بگەڕێ. ئیدی ئاو بەجۆگەکەدا نایەتە دواوە.

دەمناسی، خانەخراب، کە من ئەوە نیم بەزەییم بە دۆڕاوانا بێت، نەک شایەکامیش بەکەس دەبەم. هەندە و بەس!

ح

ئەدی تۆ، کە لەپاڵ دیوار، خۆت حەشارداوە، بەپشتیوانی من و هەڤالان، خەریک بووی ببی بە ئیمپڕاتۆری میکروفۆن و لاپەڕەکان، لەخۆت تێکت داوە، وەک منالێ بووکە شووشەکانی بشکێنی و پەنجەی بریندار بێ، ئەمجا گریان و هاواری لێ هەستی و پەنا بۆ دایکی ببات. تۆ، ماڵ خراب، لەپای چیدا لەخۆت نەگەیشتی و، زوو لەخۆبایی بووی و لە بەرزاییییەوە، بەرەو نێو چڵپاو خلیسکاوی.

لە من هیچ کەم نەبووەتەوە، لێ تۆ لەجیاتی پەروەردە هەندێ گەنجی پاک و نیازپاکت هانداوە تاتیر و بەرد لەو کێوە دێرینە بگرن. کێوەکە، ماڵ خراب، لە جێگەی خۆی قایم بووە، نە تیر، نە بەرد لە بەرزایی کەم ناکاتەوە، مەگەر هەندێ تاشەبەردی زیادە و وشکە درەختی رزیوی لێ بێتەوە، کە ببێتە مایەی بارسووکی کێوەکە.

چما وەهات بەسەر ئەو گەنجانە هێنانەوە، کە وەختێک بێنەوە سەرخۆیان و وەهمەکانی دەرخواردنیان داون، بڕەوێنەوە، دەبینن کە تیرو بەردیان لە خۆیان گرتووە و، تەنیا خۆیان لەبناری نشێوی چیاکان داماون. ئەوکاتە ڕەنگە بەرد و تیرەکان هەڵبگرن لە تۆی، خانەخراب، بیگرن. ئەوە یاسای ژیانە.

دیالیکتیکی گەردوون هەردەم شتەکان دەباتەوە سەر یەک و هاوسەنگی پێوەندیی بوونەوەرەکان ڕاست دەکاتەوە.

هەناسەتان سەرد ماڵ خرابان!

ئەرێ گەلۆ، خانە خرابان!

هیچ لەو «یاخیبوونە» منالآنەیە دەسگیرتان نابێ.

هەمیشە بەردو تیر بۆ سینگی خۆتان دەگەڕێتەوە!

چاکە بەچاکە دەگەڕێتەوە، خراب بەخرابە...

ئەو چەند دێڕە نە گازەندەیە، نە گلەیی و رەخنەیە، تەنیا خوێندنەوەی واقیعی حاڵە! ئەزیش ئالوودەی ئەو جیهانە چەواشە کراوەم!

لێ، مخابن، ئەو کەسانەی لەنێومانا پاک و خاوێن و رەسەن بوونە... ئەوانیش رزگارییان نەبووە، پرشی چڵپاومان بەریان کەوتووەو، بەئاگری ئێمەوە سووتاون. ئەوەش، بەداخەوە، یاسایەکی تری ژیانە کە لە ئاگر و تۆفانە گەورەکانا «تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن!».

## له نائومێدیدا، ئەودالّی ئومێدی تازەم!

١

نایشــارمــەوە، شــاردنـەوەی نائومــێـدی تـا ســەر نابێت، لـە تەواوی رۆح و جەستەم، نائومێدی دەبارێ، هەر بۆیەش ئەودالّی ئومێدی تازەم، تا لە شتێک نائومـێـد نەبین، ئومـێـد بەشـتـێکی تر پەیدا ناکـەین، من لەوپەڕی ئومـێـدی گەشدام، لەکاتێکدا دوا چرکەکانی نائومێدی بەسەر دەبەم.

تازە، لە بەرەبەیانی دۆزینەوەی (راستی)و ژیانی روونـاکدا خۆم دەبینمەوە.

نە نەنگ و نەکەمـایەسـییـە ئەگەر درەنگ پێراگـەیشـتبم... بەڵام ئەگەر هەر نەگەیشتبام، چی؟ درەنگ گەیشتن خاسترە لە نەگەیشتن.

لەمێژە درکی ئەوەم کردووە، زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە، دەزانم کە کۆسپ و تەگـەرەی ســەرەکیی ســەر رێگامـان دوژمن و نـاحـەزانی دەرەوە نییـە، بەڵکو کۆت و زنجیری ژەنگاویی پێوەندیی کۆمەڵایەتی ناو خۆمانە، تۆ رەنگە شـتی زۆر چاک و بەرز دابـهـێنی، بەڵام پێـوەندییـەکی ئێـجگار زۆر تـەسک و رزیوی کۆمـەڵایەتی و، عـەقڵـیـەتێکی کۆڵەواری، لەپڕدا دێت، هەمووت لێت تێکدەدات چەندین جارە کەوتوومەتە سەر گازەرای پشت، هەست و نەستم بەفیڕۆ چووە، لێ چرۆی ئومێدی تازە زوو بەزوو لە دەروونما رواوە و گوڵی کردووە.

وابزانم ئەوە دۆخی ژیانی زۆربەی ئەندامـانی کۆمـەڵگە کۆڵەوارەکـەمانە، ئەم کـۆمـەڵگەیـە نایەوێ، بە ئاسـانـی رزگـاری ببـیت، وەکـو یەکـێکە شـەپۆڵی ئاو دەیبـات، تـۆ کـە دەسـتی بۆ درێژ دەکـەیت دەری بهـێنی، راتدەکێشـی و لەگەڵ خۆی بەرەو خنکان دەتبات.

هـەر جـارێـک تووشـی گـێژاوی خـنکانی وەهـا بوومـە دەسـتم بۆ لقـە درەخـتی ئومێد بردووە، تا نەفەسێکی نوێ بسێنمەوە.

لەوڕا، ماوەیەکە، دبێژم کە هونەرو کەلتوور، بەتایبەتی مۆزیکی ڕەسەن، وزەی ڕەهابەخشی ئێمەیە.. بەڵکو هونەر ئەیدۆلۆجیی بزووتنەوەی ڕزگاری بەخشی کوردەوارییە، لە فیستیڤالی مۆزیکی جیهان لە (ڤییەننا)، لەحزە بە لەحزە، لەگەڵ ئەو ڕاستییە دەژیام، کە هونەر شێوە ڕێگایەکی خەباتە بۆ تێکشکانی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان.. هەر بۆیەش لە ماوەی ١٠– ١٢ مانگی دواییدا، بە پێی تواناو دەرفەت، بایەخمان بە هونەری مۆزیک داوە.

لەو نائومێدییەدا، ئەم ئومێدەمان بۆ ماوەتەوە

هونەر، واتە: شادی و گەشبینی و ئومێد.

ئەشۆ زەردەشت لە بەشی (ئەهنرودگات)ی ئاڤێستادا دەڵێت: (ئەی پەروەردگاری گیان (جان)و ماریفەت و حیکمەت! بە سوپاس و خاکەڕایی، لە پێش تۆدا سەری نەوازش دادەنوێنم، دەستم بەرەو لای تۆ درێژ دەکەم، و لە تۆ داخوازم یارو یاوەرم ببی، تا بە ماریفەت (حیکمەت زانین)و ڕەوشی چاکی بیرو ئەندێشە، بۆ ئاوەدانی جیهان و شادمانیی خەڵکی جیهاندا تێبکۆشم).

ئەم وێردە، ئومێد دەبەخشێ، لە گوتنەوەی بێزار نابم...

بە فەرموودەی زەردەشتی ڕاستگۆو ڕاستکردار مەبەستی تێکۆشانمان ئاوەدانیی جیهان و نیشتیمان و ژینگەمانە تا خەڵک تێیدا بە ئاسوودەیی و شادمانی بژین.

وابزانم، ئەم پەندە پرشنگدارە، وشەیەکی تری ناوێ، بیخرێتە سەر.

ئەشۆ زەردەشت، دیسان دەڵێت:

(ئەی خواوەندی گیان و ماریفەت! من و یارانم بە نیازی پاک ڕوو لە تۆ دەنێین، تا لە بەخشینەکانی تۆ کە بەهرەی ڕاستی و داد (ئەشا)یە، بەرخوردار ببین، لە توانای لەش و وزەی ڕەوان تێر ببین و، بە ئارامی و ئاشتی و ئاسایش بگەین ستایشی ڕەوشی چاکی و ڕاستی و داد دەکەین، کە والاترین نیشانەکانی پەروەردگاری جان و حیکمەتەو، بەرێنوێنییان سروود گەلێک دەچڕین کە بەر لە ئێستا کەسێ نەیگوتووە و نەیبیستووە).

کەواتە (ئەی یارانی ڕاستی) ڕابن، گوێ لە سروودەکانم بگرن و ، بکەونە

فـریای نا ئارامی و دڵنیـایی و ئـاسـایش (ئاشـتی دەروونی) بۆ جـیـهـان بگەڕێنینەوەو، هێزی نەگۆڕی سەروەریی ئەهۆرایی (خواوەندی) لە جیهاندا، پتەوتر بکەین.

(تا ئەو جێگەو ئەو کاتەی توانام هەیە، لە پێناو بڵاوبوونەوەی ئاینی راستی و هاتنەڕیزی خەڵک بۆ رێبازی چاکی، هەر تێدەکۆشم، چونکە بە دروستی دەزانم کە لەم تێکۆشانە نەپساوەدا، خاوەندکاری ئەهۆرایی، یارو یاوەری منە، هەروەها بەچاکی ئاگادارم کە بەخشینەکانی ئەهۆرایی (ئاهۆرایی = یەزدانی) بەر ئەو کەسانە دەکەوێت کە بەبێ چاوەڕوانی پاداشت، لەڕێگەی پەروەردگاردا، بەڕاستی کار دەکەن.. بەڵێ بەبێ چاوەڕوانی پاداشت! کەسانێکیش ئەوە دەقۆزنەوە تا هیچ نەبێ (سزاو ئازارمان) رەوا ببینن!!

٢

تا ژوورەکەت لە خرت و پرتی کۆنە خاوێن نەکەیتەوەو چۆڵی نەکەیت، جێگەی شتومەکی تازەی لێ نابێتەوە.

ئەوەیان یاسایەکی سادەی فیزیکە. هەروەها لە جیهانی میتافیزێکیدا (ئەو دیوی فیزیک)، راست و دروستە.

زەردەشت، بەو شێوەیە دەیەوێ لە رابردووی بگوێزێتەوەو، بەرەو رۆشنایی داهاتوو بچێت لە بەشی سپنتمدگات (یەسنا ٢٨، ٧، ٨، ٩)ی ئاڤێستا دەڵێت:

(ئەی خودای دانا! یارمەتیم بدە، من کە دڵبەستەی ئارمان و پابەندی پەیمانی تۆم، تا بە ئاوات (مەبەست) و بەجێگەی بەرز بگەم. ئەی پەروەردگاری دانا! بەسروودی هاو ئاهەنگ و خۆشنەوا، بەدەستی پاڕانەوە و بە هەموو هەست و توانابیم، دەتپەرستم و لە تۆ دەخوازم تا پشتیوانم ببیت، تا بەچاک رەفتاری و بەیارمەتیی ئەشا (راستی)و بەرخرداری لە خۆشەویستیی بێ سنووری تۆ، رێگە بۆ مەنزڵ (جێگەی مەبەست) دەربکەم.

«ئەی خواوەندی زاناو ئاگا! من، بە میهرەبانی و خاکەڕایی (تواضع) و خزمەتگوزاری، دەمەوێ بە ئاستانەی تۆ بگەم، تا بە ماریفەتی زیاتر، لەو

داناییـیـەی تۆ کـە بەرزتـرین دانایی حـیکمـەتـە، بەرخـورداربـبم ئەوە ئارەزووی منە.»

«دەبا، کـرداری رابردوو و، ئەوەش کـە لـە داهـاتوودا، بە ئـیلـهـامـی دانایی و خـۆشـەویسـتـیی تۆ ئـەنجـامـی دەدەم، هـەروەکـو رۆشنایـی رۆژ و سـپـێـدەی بەرەبـەیانان، رەنـگدانەوەی گــەورەیی و شکـۆداری تۆ ببـێـت و، شــایســتــەی گەیشتنی بە ئاستانەی تۆی هـەبێت»

پەیامـی ئـەسـتـۆ زەردەشت، لە تاریکتـرین سـەردەمـی نائومـێـدیدا، ئومـێد و ئاواتی بەرز دەبـەخـشێ. ئاڤـێسـتـا، دەفتـەری رووناکی زانست و مـاریـفـەت و شیـعر و فـەلسـەفـە و ویژدانە. زاراوەی فـەلسـەفـە یانی: تێگەیشـتن و چەمکی[١] مرۆڤ لە ئاستی ژیان و گەردوون و بوون و نەبوون.

کەواتـە: فـەلسـەفـە یانـی، مـانـای ژیان= تێـگەیشـتن. هـەندێ کـەس دووری بۆ دەڕۆن و راڤەی جـۆراوجـۆری و بیرمـەندان دێننەوە، تا وەهـای لێ هـاتووە، سـەر لە خـەڵک شێواوە.

لە کـاتێکدا مــانـای نزیکـی زاراوەی فـەلسـەفـە: پێـگەیشـتنە، چەمـکی هـەر مرۆڤێکـە بەرامبـەر دەوروبەر و گەردوون.. هـەربۆیەش دەڵێن کـە هـەر ئینسـانێک فـەلسـەفـەیەکی هـەیە.. ئەوەش دروسـتـە. لـێ هـەندێ قـوتابـخـانەی ناسـراوی گەورەی بیر و فەلسەفە هـەیە کە جێگەی خۆی گرتووە.

هـەر بۆیەش شـیـعرو فـەلسـەفـە و ئاین (دین=ویژدان)، لە نووسـینەکـانـی من تێکەڵاون، چونکە ئەوانە لێکنزیک دەبینم. بەڵکو وا دەردەکـەوێت کـە زانست بەتایبەتی فیزیا، لەگەڵ دین و بۆچوونەکانی، یەک دەگرنەوە.

ئەوەی جـاران دەیاندایە پاڵـی دین و بە (غـەیبـیـات) ناویان دەبرد، ئێـسـتـا خـەریکە لە کۆمپیـوتەرو ئەنتـەرنێت و (نانۆ تەکنولۆجیـا) و زانسـتـی ژینەتێک، سـەرهـەڵدەدات.

(بێل گێـتس)ی بلیمـەتی کـۆمپیوتـەر خـەریکی داهێنانی ترە کـە ڕەنگە مرۆڤ بە هـەست و بیر و وتن کۆمپیوتەر بهێنێتە قسە، یا هـەر کە پێستی مرۆڤ کەتە قـەدی کـۆمـپـیـوتەرەکـە، ئـیـتـر دەکـەوێتـە کـار! (بێـل گـیـتس)و یارانـی، نـهـێنی

سوودوەرگرتن لە (سلیکۆن) و (کاربۆن) و سروشتیان دۆزییەوە، کۆمپیوتەر کۆمەڵگەیەکە لە شانە (سلۆلی) سلیکۆن، کە لە ڕێگەی کاربۆنەوە دەکەونە سووڕانەوە و بەیەک گەیشتن. سلیکۆن، ماددەیەکی شووشەییە لە ناوقەدی (ڕەملی) کەناری دەریاکان پەیدا دەبێ. کاربۆنیش ڕەگەزی یەکەمە لە کۆمەڵەی نیمچە گەیەنەرەکان، کە پێوەندیی بە پێکهاتەی ماددەی زیندووەوە هەیە، بەڵکو سلیلۆکانی مێشکی مرۆڤ بریتین لە ماددەی زیندووی خەست کە لە کاربۆنەوە سەرچاوە دەگرن.

واتە: کۆمپیوتەرو ژیری و کارە سەیرەکانی، بریتییە لە چالاکی سلیکۆن و کاربۆن، ئەو دوو ماددەیەی کە هەمیشە هەبوونە.

کێ هەیە، ئەگەر لەسەر دەریا ڕۆیشتبێت، هەزاران جار بە سەر سلیلۆنی سلیکۆندا نەڕۆیشتبێت، بێ ئەوەی بزانێت کە مەزنترین توانای هۆشی بیرکردنەوە لە ناو ئەو سیلۆلانە دایە. کەواتە: ئەگەر (گێتس) کۆمپیوتەری وەهای داهێنا، بە هەست، یا قسە و بیرکردنەوە، یان کەوتنەبەر پێستی لەش، بکەوێتە کار ئەوا سلیکۆن و کاربۆنەکە وەڵامی هەست و نیازو خواستی مرۆڤی دەدەنەوە. جا.. ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، و (ماددەی) کەناری دەریاکان وەڵامی داواو تکای ئینسان بداتەوە، بۆچی خواوەندی پەروەردگار وەڵامی دوعاو نوێژ و تکای نەداتەوە؟

کەواتە: زەردەشت بە زانستەوە روو لە خواوەندی دانا دەکات و دەیەوێ بە بەرزترین پلەی ماریفەت و حیکمەت بگات.

بەوەش دەرگەیەکی نوێ بەڕووی ئومێدی مرۆڤایەتی دەکرێتەوە. کە لەم نائومێدییەدا، ئومێدێکی تازە بدۆزێتەوە. توانا و کاریگەریی خواستی رۆحی و مەعنەوی بێ سنووری زانایان بەوەش گەیشتوون کە گۆڕانی شێوەی ژیانی رۆژانەی ئینسان، لە ئەنجامدا، ژەنەتیکەکانی دەگۆڕێن.

زەردەشت دەڵێت: مرۆڤ دەتوانێت چارەنووسی خۆی بگۆڕێت و، دەڵێت: چارەنووسی مرۆڤ بەستراوە بە چاکە و خراپەی خۆی. کەواتە: گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەو کردارەکانی کار دەکاتە سەر چارەنووسی..

هەناوی کۆمپیوتەر نابینرێت و نازانرێت چۆن کار دەکات، مەگەر چەند زانای هەرە بلیمەت. ئەوەشی پێی دەڵێین (غەیبیات) هەر ئەوەیە کە نازانین چۆن دێتە پێش و روو دەدات.

لەم سەردەمەدا کە گەلان نائومێدن لەسەر گرانی و قەیرانی خۆراک و نەخۆشی و برسێتی و ستەمکاری، ئومێدی ئەوەش پەیدابووە کە مرۆڤ زیاتر زاڵ بێت بەسەر سروشت و بەکارهێنانی یاسا و وزە شاراوەکان، بۆ بنیاتنانی ژیانی باشتر.

٣

وەختێک بارودۆخێکی جڤاکی دادەتەپی بیر لە بارودۆخێکی تر سەرهەڵدەدات. ئێستا ئەو سەردەمەیە.

دەست بە کۆنی رزیوەوە مەگرن بلا هەر چی دادەچۆڕێ، با ئاوابێت لە گەردووندا بۆشایی نەبووە و، نییە هەر کاتێک شتێک جێگەی خۆی چۆڵ کرد، شتی تر جێگەی دەگرێتەوە.

هەر بۆیەش، مەترسە تۆ رەنگە دوایەمین کەس بمێنی کە ئاوابوونی دوایەمین رۆژ دەبینی.

لەوەتەی چرۆی هۆش و ئاگایی مرۆڤ دەرچووە، بەرەو باڵاو باڵاتر چاودەبڕێت، تۆ وەختێک بەو باڵایە بگەیت کە فێری تەماشای بەرپێی خۆت بکەیت، بەرەوخوار.. بە خاکەڕایی برۆی، لە خۆت بایی نەبی، شتەکان هاودژن، رۆژ لە شەودا ببینە، گەرمایی لە سەهۆڵبەندا هەست پێ بکە، گەورەیی گەردوون لە گچکەیی گەردیلەی قومی کەناری دەریا بدۆزەوە.

جەلالەدینی رۆمی دەڵێت، کە لە دەروونی ئەو گەردیلەدا نهێنی کۆمەڵەی هەتاو دەبینرێت. فیزیازانان دەڵێن، کە سیستەمی هەڵسووڕانی کۆمەڵە هەسارەکان و کاکێشانەکان، هەمان سیستەمی هەتاوی گەردیلەی هەرە بچووکی قومی سارایە، (بێل گێتس) لەو دانە قومە (رەمڵە) مادەی شووشەیی دۆزییەوە، لە رێگەی کاربۆنەوە، کە لە هەموو جێگەیەک هەیە، جیهانی نادیاری

کۆمپیوتەری خستەگەڕ، وا پێدەچێت جیهانی کۆمپیوتەر هەمان جیهانی ئاشکرای ناسراوە.

(گێتس) دەڵێت کە دەزگایەک دادەهێنێ بە بیر و هەست و بە چاوترووکاندن و چپەی لێو و قسە و خەیاڵ، بکەویتە کار و، بەرنامەی هەمان کۆمپیوتەر هەڵبسووڕێنێ.

جا، ئەگەر مادەی شووشەیی سلیکۆن (لە دەروونی کۆمپیوتەردا)، ئەوەندە هۆشیار و ئاگەدار و ژیر بێت، خۆ دەبێ پەروەردگاری ئەم گەردوونە، لە ئەو هۆشیارتر و بە ئاگاتر بێت، تا خێرا وەڵامی تکاو نزا و داخوازییە پاکەکانی زەردەشت و گشت پەیامبەر و مرۆڤ چاکان، بداتەوە.

کەواتە: پەڕاوە ئاسمانییەکان چاک دەزانن چۆن و لەگەڵ کێ دەدوێن و، لە کوێوە وەڵام وەردەگرن.

لێرەدایە کە فەلسەفە و شیعر و دین و عیرفان و ئاینپەروەری ئاوێتە دەبن. چونکە لە یەک سەرچاوە وزەی بوونیان وەردەگرن. هەروەکو هەسارەکانی کۆمەڵەی ڕۆژ هەموو لە هەتاوەوە وزەی خۆیان وەردەگرن.

فەلسەفە، بە چەواشە پیشان دەدەن بە روونی و دروستی، پیشان نادەن، دوور دەڕۆن، لە کاتێکدا مانای فەلسەفە لەگەڵ هەناسەی مرۆڤدا دێت و دەچێت!

لە (ئەفلاتوون) بە هەڵە تێگەیشتوون، ئەو و فیساغۆرس و سوکرات و فەیلەسووفانی ئەو سەردەمە، شاگردی کولتوور و جیهانبینینی زەردەشت، بە واتای (پلۆتارک) و مێژوونووسە یۆنانییەکانی تر، ئەوان لەبەر دەستی شاگردانی قوتابخانەکانی زەردەشت فێری فەلسەفە و زانست بوونە ئەوەیان خودی مێژوونووسە هاووڵاتییەکانیان دەیلێن.

هەر بۆ نموونە تیۆری (نموونە)ی ئەفلاتوون هەمان تیۆری (فەرەوەشی) زەردەشتە، کە ٥-٦ سەدە بەر لە ئەفلاتوون دەری بڕیوە.

بەپێی جیهانبینی و فەلسەفەی (فەرەوەشی): هەر شتێک دوو وجوودی هەیە، وجوودێکی مەعنەوی (ڕۆحی) لە جیهانی نموونەدا (مثال)، دوای

پەیدابوونی شتەکە لە جیهانی بینراودا، هەمان قالب و شکڵی نموونەی جیهانی (میسال/مەعنەوی) وەردەگرێت، دەبێتە وجوودی مادی، کەواتە: هەر مرۆڤ، درەخت، و گیانلەبەرێک بەر لە پەیدابوونی وەکو جەستەیەکی مادی، بە هەمان شێوە و سیما وجوودی میسال (نموونەیی/مۆدێلی) هەبووە.

ئەفلاتوونی زانا و فەیلەسووفی یۆنانی هاتووە، تیۆریی فەرەوەشی زەردەشتی کوتومت، وەرگرتووە و ناوی تیۆری نموونە و مۆدیلسازی پێ داوە.

ئەوانەی، باس لە فەلسەفەی ئەفلاتوون دەکەن، ئەو راستییە ناڵێن (یا نازانن) کە تیۆرییەکەی ئەفلاتوون هەمان تیۆریی کولتووری کۆنی کورد و ئێرانییانە کە لەسەر زاری ئەشۆ زەردەشت هاتووە.

زۆر شتی خۆمان هەیە دیدەینەوە پاڵی خەڵکی تر (ئەغیار). دیارە کورد بڕوای بە خۆی نییە کە باپیرەکانی هۆشمەند و ژیر و دانا بوونە، زۆربەی ئەو فەلسەفە و بۆچوونانەی کە یۆنانییەکان، ئەمجا عەرەب و موسڵمانان.. دوای ئەوانیش ئەورووپاییەکان لە دە پازدە سەدەی رابردوودا پێوەی سەرگەرم بوونە، ریشەی هەمووی لە باخچەی بیر و جیهانبینی زەردەشتەوە، ئاو دەخواتەوە.

من رەگەزپەرست و سوپەر ناسیونالیست نیم تا هەموو شتێک بدەمە پاڵی مێژووی کورد. دەشزانم کە ماوەیەکی درێژە، کورد لە رەوڕەوەی زانست و فەلسەفە و هونەر پاشکەوتووە، بەڵام ناشبێ پشت لە رابردووی دووری کولتووری خۆمان بکەین، بگرە دەبێ بە هۆشیاری و وریایی ئەو رابردووە شی بکەینەوە و، ئەوەی هەیە وەکو خۆی بیخەینە بەرچاو.

گەورەترین کۆسپی فیکریمان ئەوەیە کە بڕوامان بە خۆمان و رابردوومان نییە، لێ ئەز دبێژم: نابێت زیادەڕەوی بکەین و لە خۆڕا هەموو شت بە کوردی بزانین، ناشبێ لە ئاستی راستییە روونەکانی رابردوودا، نەزان و نەفام بمێنین و هەموو شت رەت بکەینەوە!

لەو رابردووە دوورەدا شتگەلێکی گەش و بەرز هەنە، بە تایبەتی کولتووری زەردەشت کە زانستی قووڵە و پڕ لە فەلسەفە و عیرفان و سۆفیگەری

بێگەردە، هیچی لە ئاینی هەرە کۆنی هیندۆسیزم و ئاینە ئاسمانییەکان لە رووی فەلسەفییەوە کەمتر نییە، رەگ و ریشەی برِوا و باوەرِە بەرچاوەکانی دوای زەردەشت، لە ئەو دوورتر نەرِۆیشتوون.

لە بارودۆخی ئێستامان نائومێدم.. لە رادەی نەزانین و نەفامی و دەمارگیری منالآنە، بێزار و نائومێدم، کەم کەس دەبینم بە مێشک و دڵ و دەروونی کراوە و گەش تەماشای ئێستا و رابردوو بکات هەر بۆیەش لە تێگەیشتنی داهاتووش دەکەونە هەڵە و چەواشەکارییەوە.

لە دڵی ئەم نائومێدییەدا ئومێدێک پەیدا بووە بۆ ناسین و ئاشکرابوونی راستی، ئەویش زانستی ژینەتیک و کۆمپیوتەر و نانۆتەکنۆلۆژیایە، کە بە هاوکاری زانستی فیزیا، بەرەو جیهانی بەرینی ماریفەت و حیکمەت و رۆشنایی، دەمانبەن هێشتاش (رۆشنایی) جوانترین و دروستترین واژەیە بۆ ناونیشانی ئەو ئومێدە گەشە.

---

(١) وشەی (چەمک) لە وشەی (چەم)ی ئاڤێستاییەوە هاتووە، کە بە مانای (مانا) دەدات، واتە، چەم بەمانا (کافەکە) دواجار هاتووەتە سەری.

## پەیامت چییە؟

پێم خۆشە ئەم بابەتە بوو بە تەوەری لێدوانی دوو مامۆستای بەڕێز، لە کەناڵی نەورۆزەوە، ئێوارەی ١/١/٢٠٠٨:

د. مدحت، راگری پەیمانگای تەکنیکی و مامۆستا عەلی کەریم، بەشداربوون لە دەوڵەمەندکردنی بیرۆکەی وتاری پێشوو: «پەیامی کوردستان چییە؟»(١). چەندین خاڵی زانستیانەیان هێنایەوە و، ئەزیش سوودم لێ وەرگرتن.

د. مدحت، دروست بۆی چوو وەختێک رۆڵی گرینگی پەروەردەی منداڵ و ئامادەکردنی بۆ شێوەی بیرکردنەوە و دانانی فێربوون و بەکارهێنانی تواناکانی خۆی، شی کردەوە. بەخۆی، مەسەلەی پەیام و ئامانجی تاک یا کۆمەڵ، راستەوخۆ پێوەندداری پەروەردەی مرۆڤە.

مەبەستیش لەوەی کە مرۆڤ پەیامی بەرز بۆ خۆی دابنێ ئەوەیە کە خۆی لەسەر ئەو بنەمایە رابهێنێ و پەروەردە بکات. رۆڵی خێزان، قوتابخانە، کۆمەڵ، دامودەزگاکانی لە پەروەردەو فێرکردندا دیارە، لێ دەمێنێتەوە رۆڵی مرۆڤ بەخۆی، چۆن بە دووری پەیامەکەیدا دەڕوات.

مامۆستا عەلی کەریم ئەم لایەنەی، بەجوانی، شی کردەوە و، قسەی بیرمەندێکی هێنایەوە کە گوتوویەتی ئادەمیزاد دەبێ بەخۆی هەوڵبدات تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە و لە خۆی بپرسێ: لە کوێوە بۆ کوێ؟ چیم نەکردووە کە دەمتوانی بیکەم؟ ئێستا چی دەتوانم بکەم؟ ئایا تواناکانم بەکارهێناوە؟... ئەمجا پەیامێک بۆ خۆی دادەنێ و پلانی بۆ دەکێشێ. بەلای منەوە، مەرج نییە ئەو پرۆسەیە تەنیا لە منداڵی یا گەنجێتییەوە دەست پێبکات. لە هەر تەمەنێکدا بێ، تا ئەوکاتەی وزەو توانای کار لە ئادەمیزادا هەبێ

دەتوانێ پلانی تازە بۆ ئامانج و پەیامی تازە دابنێت. بێگومان پەیامێکی سەرەکی گرینگ، لە لاوێتییەوە بێ باشترو گونجاوترە.

من لەم تەمەنەدا، ئێستا لە دوو بواردا، نەخشەی تازەی فێربوونم بۆ خۆم داناوە. دەزانم دەتوانم فێرببم. کەواتە یەکسەر بۆی دەچم. من لەگەڵ مامۆستا عەلی کەریمم لەوەدا کە ناهەمواری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناتوانێ- لە هەموو حاڵەتدا- رێگە لە فێربوون و پێشکەوتنی مرۆڤ بگرێت (لە ئەزموونی خۆم و کەسانی ترەوە دەڕوانم). بێگومان هەلومەرجی باشتری ژیان دەرفەتی زیاتر بۆ ئینسان دەڕەخسێنێ، چ «مەشی» بێ، یا«مەشیانە». وشەگەلی مەشی و مەشیانە، لە کەلتوورو ئەدەبیاتی زەردەشتی و کەلەپووری کۆنی کوردی گۆران «هەورامانی»دا، بەرامبەر بە«حەوا» و «ئادەم»ە... من ئێستا، کە دەرفەتێکم بۆ رەخساوە خەریکم فێری هەندێ لایەنی تری کەلەپووری دەوڵەمەندی خۆمان، دەبم، کە بەر لە ئێستا ماوە و حەوسەڵە و توانای لێکۆڵینەوەی وەهام نەبووە. ئێستا «پەیامێکم» ئەوەیە، ئەگەر تەمەن و زەمەن مۆڵەت بدات رەنگە شتگەلێکی نوێ لە بارەی بابەتەگەلی کۆنەوە، بنووسم... وەکو،«مەشی و مەشیانە»، ئاینی میهر، و پەیامی کورد لە مێژوودا... بەلای منەوە، مەسەلەی پەیامی مرۆڤ چەند کردارێکی سادەی دەوێ:

یەکەم- ئادەمیزاد بیر لە خۆی و وجوود بکاتەوە، ئایا شتێکی تری باشتری لەوەی ئێستاو رابردووی پێ ناکرێت؟

دووەم- دوای وەڵامدانەوەی خۆی، بەچاکی تواناکانی ئێستای بخوێنێتەوە، وەکو هەیە، بەبێ زیادەڕەوی یا لە خۆ کەمکردنەوە.

سێیەم- دوای گەیشتن بە بیرۆکەیەک دەبێ (بڕیار) بدات. بڕیار بەخۆی بدات... بڕیاردان تەعبیری خواست و ئیرادەیە.

چوارەم- هەوڵبدات بەبێ یەک و دوو تواناکانی بخاتەگەڕ. دەبینێ کە هەموو بە شوێن یەکا دێن و پاڵپشتی دەگرن.

پێنجەم- بێ پسانەوە بە دووی پەیامەکەیا بچێت، وەکو بڵێی هەمیشە لە مەشق و راهێنانا بێ و، چێژ لە کارو بیرکردنەوە بەرێت. وەختێک بە پلەی

(چێژ وەرگرتن لە کار) گەیشت ئەوا زۆربەی پەیامەکەی بەجێ هێناوە.

شەشەم- ڕانەوەستێتەوە. گریمان بە ئەنجامی پەیامەکەش گەیشتبێ ئەمجا وەها بیر بکاتەوە کە هێشتا ماویەتی، یا پەیامێکی تر چاوەڕوانییەتی.

حەوتەم- لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ هەوڵ بدات بە جوانی و وردبینی کارەکانی ئەنجام بدات وەکو بلێی مۆزیکژەنە یا شێوەکارە تابلۆ دەکێشێ، یا نووسەری ڕۆمانە، یا وەرزشکارە ملیۆنان کەس تەماشای بازییەکەی دەکەن.

کەوابێ، جوانکاری و وردکاری و ڕێکوپێکی بەخۆی پەیامێکەو، بۆ هەر پەیامێک پێویستە... تۆ هەر شتێک دروست دەکەی یا دادەهێنی، هەوڵ بدە جوانی ئەنجام بدەیت.

ڕەنگە شێوەی تری کارکردن بۆ پەیامەکان هەبێ؟ هەر بوارو پیشەیەک پێداویست و شێوازی خۆی هەیە.

بەدواداچوونی «پەیام»، بۆ نموونە، وەکو هەوڵدانی قوتابی بۆ ماستەرنامە یا دوکتۆرانامەیە. کە دوای دەسنیشانکردنی ناونیشانی باسەکەو مامۆستای ڕێبەر، ئەمجا قوتابی سەرچاوەو بەڵگەو کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆدەکاتەوەو لە ناو هەموو کارەکانی تری ڕۆژانەیدا، یەکڕاست و ڕاستەوخۆ تەنیا خۆی بە تەوەری لێکۆڵینەوەکەیەوە خەریک دەبێ.

کەواتە: پابەندبوون بە بەرنامەی پەیامەکەوە نهێنییەکی سەرکەوتنە، ئەمجا چ مەبەستی لەسەری و، لانەدان و واز لێ نەهێنان. دەبینی سەرەنجام بڕوانامەیەک وەردەگری، یا لە بوارێکی ژیاندا پێشدەکەوی.

زانایان، فەیلەسووف و بیرمەندان و ئاینپەروەرانی مەزن و، تەنانەت تێکۆشەرە گەورەکانی چاکسازی و زانست هەر بەو شێوەیە پەیامی خۆیان گەیاندووە. پەیامبەران، زۆربەیان روویان لە دەشت و دەر کردووە، یا لە ئەشکەوتەکانا گۆشەگیر بوونە، هەر بۆ ئەوەی بە ئازادی بیر بکەنەوە (لەخۆڕا بمێنن)، دوور لە ژاوە ژاوەی ناو کۆمەڵگە و کاروباری ڕۆژانە... (بوودا)ی داناو بیرمەندی مەزن، کە هەندێ کەس بە پەیامبەری ناودەبەن، بە دووی (ڕاستی)دا دەگەڕا. کە ماندوو بوو و نەیدۆزییەوە، لە ژێر (درەختی هەنجیر)

دانیشت و بڕیاری بە خۆی دا، کە تا ڕاستیی ژیان و گەردوونی بۆ ڕوون نەبێتەوە، لە جێگەی خۆی هەڵنەسێت. واتە: (بڕیاری دا) و، کەوتە (لەخۆ رامان)، تا بەو تێگەیشتنە گەیشت کە (ڕاستیی ژیانی) پێ دەڵێت. (ڕاستییەکە باسی تری دەوێ، لێرە جێگەی نابێتەوە).

موسا پەیامبەر لە کێوی (توور) ڕۆشنایی بۆ هات. سوقرات لە ئەشکەوتێکەوە دەنگێکی بۆ هات کە بە(سرووش/وحی)ی وەرگرت، گوتی: خۆت بناسە!

ئێستاش (خۆ ناسین) بناغەیەکی هەرە گرینگی بیری- فەیلەسووف و سۆفیگەرە گەورەکانە.

لە خۆت بپرسە: پەیامم چییە؟ بۆچی دەژیم؟ ئایا لەمە زیاتر کە ئێستا بەکاری دەبەم، وزەو توانای ترم تێدا نییە؟

(خۆناسین) بە(زانین) دەگات.

زانین توانایییە. هەرچەند زیاترو باشتر تواناو هەلومەرجی دەوروبەرت بزانی، ئەوەندەش زیاتر بە توانا دەبی. هەربۆیەش شاعیر گوتوویەتی:

«زانست تواناییە»، زانیاری سامانە. ئەوەیە پەیامی ئەم چەرخە زەمانە.

---

(١) ئەم وتارە لە کتێبێکی دیکەمدا بڵاوبۆتەوە.

## لە کێ نارازین؟ لە چی نارازین؟!

١

نارەزایی دەربڕین بەرامبەر هەر شتێک، چ دروست بێ یا نادروست، بووە بە کارێکی ئاسان و سادە.

رۆژنامەو میدیای جۆربەجۆر هەنە، کە لەگەڵ یەکدا لە رقەبەری و ململانێدان.

نارەزایی دەربڕین، لە سەرێکەوە، مافی هەر مرۆڤێکە... لێ کەس هەقی نییە بە چەواشەکاری دەری بڕێت، چونکە زۆرجار دەبینین، تەنیا بۆ دەربڕینەو هیچی تر... یا بۆ تێکشکانی کەسایەتی ئەم و ئەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لە (کێ) و لە کەسێکی ئەوتۆ نارەزایی دەرببڕین، یا لە دیاردە دزێوەکان؟

زۆربەی رەخنەکان تێکەڵاو دەکەن لە نێوان دیاردەکە و کەسەکان... بەجۆرێک باسی هەندێ کەس دەکەن کە بابەتە ئەسڵییەکە بزر دەکەن.

بێگومان هەر دیاردەیەکی دزێو و ناشیرین کەسانێک لە پشتییەوەن... لێ پرسیار ئەوەیە: کامەیان باشترە: لەسەر دیاردەکە چەق ببەستین و شیی بکەینەوەو چارەسەری بدۆزینەوە، یا ئەم کەس و ئەو کەس بکەین بە ئامانجی رەخنەی توند، کە هەندێ جار ئەوەندە لە راستییەوە دوورن... تیشک لەسەر بابەتەکە لا دەچێ و دەکەوێتە سەر کەسەکان، بەبێ ئەوەی رێگاچارە بدۆزنەوە.

٢

دەتوانین بەراورد بهێنینەوە لە نێوان دوو سەردەمدا:

١- سـەردەمی بەر لە راپەڕینی ١٩٩١ کـە کـەس نەیدەتوانی بێـزاری و نـاڕەزایی لـە هیچ هـەڵوێست و کـردەوەیەکی نـاشـیـرینی رژێمی بەعس دەرببڕێت.... مەگەر بە چپە چپ و نهێنی لە ژوورە داخراوەکاندا.

٢- سـەردەمـی دوای راپەڕین تا ئـەمـڕۆکـە فـراوانتـرین ئازادیی بیـروڕا و دەربڕین و رەخنە مـسـۆگـەر بووە... چ بە یاسـا، یا لە ژیانی رۆژانـەدا، هـەر کەسێک بۆی هـەیە ئەوەی لە دڵیایە دەری ببڕێت.

بەڵام ئایا لەسەردەمی بەر لە ١٩٩١ ئەو دەرفەتە هەبوو؟! نەخێر!

کـەچی ئێسـتـا هیچ دیاردەو کـاروبارێک نەمـاوە گلـەو گـازندەی لێ نەکـەن! وەکـو بلـێی تازە خـۆیان و کـۆمـەڵگەکـەیان دەدۆزنەوەو دەبیـنن و، دیاردەو ئەخلاقییاتە ناشیرینەکان دەدەنە بەر تیری رەخنە!

٣

لە دانیشتن لەگەڵ شاندی رۆشنبیریی چەندین وڵات، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێشووتر لە ژێر (سیستەمی سۆسیالیستی) بوون، گوێم لێیە کە خەڵکی ئەو وڵاتانەش لە هەلومەرجی ئێستایان ناڕازین. دەپرسم: باشە، ئایا پێشووتر لە سۆسیالیزم ناڕازی نەبوون؟! دەڵێن: نەماندەتوانی دەنگ هەڵببڕین. دەپرسم: باشە! لە ناڕەزایی ئێستاتان چیتان دەسکەوتووە؟! ئایا دەتوانن واقیعەکە بگۆڕن.

هەندێ لەو مێوانانە نایشارنەوە کە سەردەمی سۆسیالیستی باشتر بوو، فێری بووبوون، لەسەر داوونەرێت و ئەخلاقییاتی ئەو سەردەمە راهاتبوون!

سەیر ئالێرەدایە، کە هەندێ کەس لە هەرێم و عێراقدا دەڵێن: سەردەمی حزبی بەعس چاکتر بوو، کە هیچ نەبێ ئاسایشی کۆمەلایەتی فەراهەم بوو بوو.

هەندێ دەڵێن: لەو سـەردەمـەدا هـەر کـەس لە کـاروباری فـەرمـیـدا چەواشەکاری و کەمتەرخەمی بکردبا، یەکسەر دەکەوتە بەر سزا... ئێستا ئەوەیان نەماوە!

دیارە هەر سەردەمێک، هەرچەند خراپ بووبێ هەندێ کار و کرداری چاکی هەیە.

بەڵام دەپرسین: ئایا ناتوانین ئێستاش سزای لادەر و پێشێلکاران بدەین؟ بێگومان دەتوانین. لێ (کێ) بەربەستە؟

رەنگە لە هەر کەسێک بپرسیت دبێژێ: عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پابەندبوون بە یاسا ئێجگار پێویستە، بەڵام بۆچی پەیڕەوی ناکەین؟

دیارە خواست و ئیرادەی کۆمەڵایەتیمان لاوازو سستە! زۆران کەس ناوێرن سزای کەس لەبەر کردەوەی خراپ بدەن چونکە دەبێ دەوروبەری خۆیان (و خۆیانیش) پاک بکەنەوە!

٤

کەواتە: دیالەکتیکی ژیان بەپێی یاسای خۆی دەڕوات و، شەرم لە کەس ناکات. هەر کەسێک چاکسازی و دادپەروەریی گەرەکە دەبێ لە خۆیەوە، لە ناو ماڵی خۆیەوە، دەس پێ بکات.

ئەم یاسا سادەیە کرۆکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە.

لەمەودواش، مانەوەو سەرکەوتنی هەر دەزگایەکی سیاسیی بە بەرنامەی کۆمەڵایەتییەوە، گرێدراوە! هەر کەسێک کەوت بزانن لە تێگەیشتنی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری، دواکەوتووە.

٥

(میخائیل غۆرباشۆف) لە ساڵانی ١٩٨٥ بەدواوە کەوتە چاکسازی لە سیستەمی یەکێتی سۆڤیەت و ئۆردوگای سۆسیالیستیدا... تا کار گەیشتە رووخانی دیواری بەرلین و داتەپینی تەواوی ئەو سیستەمە. هەندێک هەبوون نارازی بوون لە بزاڤی (پرۆسترۆیکا/ گۆڕانکاری) کە غۆرباشۆف تەقاندییەوە. لە ئەنجامدا سیستەمی نێودەوڵەتیش هاتە گۆڕینی قووڵ. ئەگەر چاکسازی غۆرباشۆف نەبا، بۆ نموونە، راپەڕینی کوردستانیش نەدەبوو.

ئێستا باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمەریکا، هەمان دروشمی گۆڕانکاری و چاکسازیی، بەشێوەیەکی تر، هێناوەتە گۆڕێ... ئۆباما لە چاکسازی سیستەمی ئابووری و کارگێڕی و دیبلۆماسی ناو ئەمەریکاوە دەستی پێ کرد... شۆڕشەکەی بە سەرانسەری دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

زۆرجار پرسیارێکم لەلا دروست بووە: چییە ئەم نهێنییە؟! چییە ئەم گۆڕانکارییە ئەفسانایییە... کە لە یەکێتی سۆڤیەت دەس پێ کردووە، لە ئەمەریکا سەری هەڵداوەتەوە؟!

ئایا ئەم دوو زلهێزانە، لە ئەسڵدا، لەسەر ئەوە رێک کەوتوون؟ یا تەنیا رێککەوتنێکی مێژووییە؟!

ئەم پرسیارە وەکو مەتەڵێکی لێ هاتووە، بۆم هەڵنایەت...

## ئازادی دەربڕین و مافی خەڵک

ڕۆژنامەنووسێک کە دەربەستی ئازادی و مافی خۆیەتی لە دەربڕیندا، دەبێ بیریش بکاتەوە لە پاراستنی مافی تاک و کۆمەڵ.

مافی خەڵک، واتە ئازادیی خەڵک لە پاراستنی خۆیاندا.

(یاسای ڕۆژنامەگەری) بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسانە، پێوەندی لەگەڵ پاراستنی مافی خەڵک.

خۆ ئەگەر ڕۆژنامەش، خۆبەخۆ، بتوانێ پابەندی (ئەتێکی/ ئەخلاقیاتی) کاری ڕاگەیاندن بێ، ئەوا ئیتر پێویست نەدەبوو بە دانانی هەندێ مەرج و هەندێ سزا لە یاساکەدا. بەڵام، دیارە، وەکو هەر بوارێکی تر ژیان پێویستی بە یاساو ڕێسا هەیە بۆ هاوسەنگیی نێوان ماف و بەرژەوەندیی توێژ و چینە جیاجیاکاندا. بەلای حکوومەتی هەرێمەوە ئەو پرۆژە یاسایەی کە بۆ پەرلەمانی نارد، تا ڕادەیەکی باش هاوسەنگیی دەخاتە نێوان ماف و ئازادیی دەربڕین لەسەرێک و، ماف و بەرژەوەندی خەڵک لە سەرێکی ترەوە.

ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان لەسەر دوو بابەتە: یەک مەرجی داوونەرێت و سیستەمی گشتی و ئاسایشی هەرێم کە بەلایانەوە کۆت و کۆسپ لە ڕێگەی ئازادی دەربڕیندا دادەنێ، دوو: بابەتی سزا.

دێمە سەر هەردوو بابەتەکە: بەلای منەوە

١- وا بزانم ئەتێکی (ئەخلاقیاتی) کاری ڕاگەیاندن، کە ڕێکخراوەکانی (un) دایان ناوە و لە جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، لە ناوەڕۆکدا ڕۆژنامەنووس، تا ڕادەیەکی زۆر پابەند دەکات بە هەست و سیستەمی گشتی و ئاسایشی تاک و کۆمەڵەوە، کە لە چەمکی داوونەرێتەوە نزیکە. کەسێتی ئەم و ئەو و پێشێلکردنی هەستی هەندێ خەڵک، کارێکیان کرد تا کۆمەڵگە بترسێ و

ناچار بێ لە ڕێگەی یاسایەوە بەرگری لە خۆی بکات. ڕۆژنامەنووس چی دەڵێ لەو حاڵەتەدا کە کەسێک خۆی بکوژێت لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەک بوختانی دەرهەقی کەسێتی ئەوی بڵاو کردووەتەوە؟... ئایا؟ ئەگەر یاسایەک هەبا مافی ئەو قوربانییەی بپارێزیبا، ئەو خۆی دەکوشت، کەواتە مافی دەربڕین سنووری هەیە لەوێدا رادەوەستێتەوە کە پێشێلی کەرامەت و مافی ڕەوای کەسێتی هاووڵاتی بکات.

یاسا بۆ پاراستنی مافی هەموو لایەک دادەنرێت. نابی مافی توێژێک بەرچاو نەگیرێت تەنیا لەبەر ئەوەی گوایە ئازادی فراوانمان هەیە.

من دەڵێم کە کۆمەڵگەی ڕۆژنامەگەری دەبێ بە خۆیانا بچنەوە، و شان بەشانی پەیڕەوکردنی یاسا، پابەندی مەرجەکانی ئەتێکی جیهانی کاری ڕاگەیاندن بن.

٢- دەربارەی سزا پێشکەوتنێک هاتووەتە دەست ئەویش نەهێشتنی بەندکردنی ڕۆژنامەنووسە لەبەر کاروباری نووسین و بڵاوکردنەوە، حکومەتی هەرێم ئەو سزایەی نەهێشت، بەڵام بۆ زەمانەتی مافی خەڵک سزای تەغریمی دانا، تا پێشێلکار بە بڕە پارەیەک سزابدرێت، بەڵام ئەگەر هەموو سزایەک هەڵبگرێت ئەوا ڕەنگە هەندێ ڕۆژنامەنووس بۆ مەبەستی تایبەتی سوودی لێ وەربگرن و، لە کۆمەڵگەدا پشێوی و نا ئارامی پەیدا ببێ.

بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکاری مافی خەڵک سێ ڕێگا هەیە:

١- پابەندبوونی خۆبەخۆی ڕۆژنامەنووسان بە ئەتێکی ڕاگەیاندن ئەوەش زەحمەتە (یا ناتوانین زەمانەتی هەمووان بکەین).

٢- سزایەک لەلایەن دەوڵەتەوە.

٣- ئەگەر ئەوە نەبوو و، ئەمەش نەبوو، جاری هاووڵاتی مافخوراو چییە؟ پەنا بۆ کوێ ببات؟

خۆ ئەگەر، وەکو حاڵەتی ئەو قوربانییە بێ تاوانە کە ناچار خۆی کوشت، بڕیار بۆ هاووڵاتی ماوەتەوە ئەویش بەگیانی خۆی برایەوە.

خۆ ئەگەر ناچار بێ بەدەستی خۆی مافی خۆی وەربگرێتەوە (کە یاساش

ڕێگەی نادات) ئەوا کارەساتی کۆمەڵایەتی تری لێ دەکەوێتەوە. نازانم ئایا ڕۆژنامەنووسان بیر لەوە دەکەنەوە کۆمەڵگەی کوردەواری بە چ دۆخێک دەگات ئەگەر هەرکەس ناچار ببێ بەدەستی خۆی مافی خۆی وەربگرێتەوە؟ ئایا دەزانن لە چ کۆمەڵگەیەک دەژێیت؟ هەربۆیەش دەبێ یاسا هەبێ و، لە یاسادا «سزا دیار بکرێت» هەرچەندە بچووک بێ.

دەربارەی بڕە پارەکەی سزا، کە ئێستا زیاد دێتە بەرچاو (ڕەنگە لە ڕوانگەی دارایی هەندێ ڕۆژنامەو ڕۆنامەنووسەوە وەهابێ).. ئەوا ڕێگەیەکی چارەسەرمان هەیە کە بزانین وڵاتە پێشکەوتووەکان چۆن سزای پارەیان، چارەسەر کردووە؟ هەر چۆنێک بێ، و وەها دیارە، کە بڕە پارەی تەغریمی وڵاتانی ئەوروپا ئێجگار قەبەو زیادەیە کە لە توانای ئێمەدا نییە، کە واتە، یا دەبێ بیر لە پەیڕەوی سزا لەو وڵاتانە نەکەینەوە، یا بەوەی ئێستا (بە هەندێ دەسکارییەوە) ڕازی ببین؟ وەیا سزا (هەر سزایەک) هەڵبگرین و ڕۆژنامەنووسانمان ئازادی ئازاد بن، ئەو کاتە مافی تاک و کۆمەڵی خەڵک، کێ دەیپارێزێ؟... یا مەگەر هەندێ کەس بە خۆیان، بەدەستی خۆیان بیسێننەوە و، لێبگەڕێین کارەسات بکەوێتەوە؟

دەفتەری شەشەم:

# جەمال نەبەز

## جەمال نەبەز، ناسنامەی نەتەوەیی

ڕەنگە نەتوانین، لەڕووی ئەیدیۆلۆجیای سیاسییەوە، لەگەڵ کەسێکدا بگونجێین، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە داهێنەری گەنجینەیەکی مەزن و جوانی کولتووری بێ، ئەوە ناتوانین نادیدەی بگرین.

د. جەمال نەبەز، ڕێچکەی تایبەتمەندی کولتووری نەتەوەیی کوردی بڕیوەو لەو بیرمەندانەیە کە بە بێ بەرهەمی بەرزی ئەو باری کولتوورو ناسنامەی نەتەوەییمان لەنگ دەبێت.

دەڵێن کە جەمال نەبەز گۆشەگیرە و خۆی لە «خەباتی سیاسی کورد» دوور ڕاگرتووە، لەلایەکەوە چاکی بۆ چووە، چونکە ژاوە ژاوەو جەنجاڵی شێوەی کاری سیاسی کورد ناڕێکوپێکەو، زۆران جار تەنیا وەخت بە فیڕۆ دەبات:

من زاناو توێژینەرو هزرمەند نیم، بەڵکو تەنیا ڕۆژنامەوانێکی سادەی مامناوەندیم بە زەحمەت جلی خۆم لە ئاو دەردەکەم، لێ، بەو ئەزموونە شڕەوەم، ئەمجاش ئەفسووس دەخۆم کە کاتی زیادم، لەم جۆرە کارە سیاسییەی خۆمان لەکیس چووە.

پەشیمان نیم لەهەر توانایەک بۆ خەباتی ڕزگاریبەخشی کوردم، بە خەرج داوە. ئەوەشم بە پێویست زانیوە، لە هەندێکیاندا ڕەنگە سوود بەخش بووبم.

ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نەتەوە بێبەشەکەمان، پێویستی بە خزمەتی دروست و بێگەردی هەر تاکێکی کۆمەڵ هەیە.

مامۆستا جەمال نەبەزیش، بەشێوەی خۆی خەباتی چڕوپڕی بەڕێوە بردووە، بگرە گرینگترین بۆشایی نەتەوەیی داپۆشیوەو، گەنجینەی مەزنی ناسنامەی نەتەوەیی لە ژێر گەردوخۆڵی فەرامۆشیدا دۆزیوەتەوە و دەریهێناوە.

کەواتە: گۆشەگیر و دوورە پەرێز نەبووە، بەڵکو بە نێو قووڵاییی خەباتی

نەتەوەیی کتێبی پیرۆزی مەندایییەکان (سابیئەکان) بەناوی (گینز رەبا)یە، واتە: گەنجینەی مەزن، کە چەند ساڵ بەرێ لە بەغدا، بۆ زمانی عەرەبی وەریانگێڕاوە، تا ئەو پەڕاوە ئاسمانییەی یەحیا پەیامبەرم نەخوێندەوە، نەمدەزانی بۆچی دەڵێن (انالله وانا اليه راجعون)...

لە ئایەتێکی جوانی (گینز رەبا)دا هاتووە: ( ئادەم وەختێ ئەرکی خۆی لەسەر زەوی بەجێ هێنا، ئەوە بۆ نیشتمانی یەکەمی دەگەڕێتەوە، کە نیشتمانی رووناهی (رۆشنایی/ رووناکی نوورە).

ئێمەی کوردی بێبەش و ژێردەس و چەوساوەو کوێرەوەریش، دەبێ بەشوێن نیشتمانی یەکەمی خۆماندا بگەڕێین، پەیامی د. جەمال پێمان دەڵێ کە گەنجینەی کولتووری رەسەن و فەرهەنگی ئاینە کوردییە کۆنەکان، ئەو نیشتمانە ونبووەوەیە، لەوێدا خۆمان لەبەر ئاوێنەی مێژوو دەبینینەوە.

لە مێژووی دوورو نزیکدا چەندین زاناو رووناکبیری بەرچاوی کورد پەیدا بوون و بۆ دۆزینەوەی گەنجینەی ناسنامەمان گەڕاوەتەوە، ئازار و نەهامەتی و هەناسە سەردی زیادیان بەرکەوتووە، بەڵام د. جەمال، بەتەنیا، گەورەترین پشکی دۆزینەوە و خستنە بەرچاوی گەنجینەی ناسنامەی وەکو خۆی کە هەیە، خستووەتە سەر ملی خۆی.

لەساڵی ١٩٧٥ وە، کەم و زیاد بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفی و سیاسییەکانی د.جەمال-م خوێندووە ئەوەی لە ژمارەی پێشووی ئەم کۆوارە نووسیبوم، ئەوەیە کە ساڵی ١٩٧٥ دەچوومە کتێبخانەی گشتی کەرکووک (کە ئەمساڵ پێیرا گەیشتم حکوومەتی کوردستان رازی بکەم تا ٧-٨ هەزار کتێبی تازەی بۆ بکرین و بەناوی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بۆی بەرین) دبێژم: ئەوکاتە گەنجێکی خوێن گەرم بووم، عەوداڵی خوێندنەوە و بەدواداچوون بووم، داوای دەقە رەسەنەکانی زمانی کوردیم دەکرد، ئەوەبوو، وەکو گوتم، بەڕێوەبەری کتێبخانەکە، سەرەتا دوو بەرهەمی د. جەمالیان خستە بەردەستم، یەک کۆمەڵێک چیرۆک بوو، ئەوی تر شانۆنامەیەک وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی بوو، کە لەو وتاری پێشوودا وا بزانم بە هەڵە ناوەکەم،

نووسیبوو ئێستا بەبیرما دێ کە شانۆنامەی (گەرداوەکە) بوو، بەزمانێکی ڕەوانی پاراوی کوردی وەرگێڕدرابوو، ئیدی، لەوە بەدوا، هەرکاتێک بەرهەمی مامۆستا بەدەستم دەگەیشت دەمخوێندەوە.. نەخاسمە سالآنی ١٩٨٠ ەوە بەدواوە کە لە ناو پێشمەرگەدا، لە چیا بووم، لە ڕێگەی ناسیاوی مامۆستاوە نووسینەکانی پێدەگەیشتین، لەو کاتەدا کە کتێبی کوردی باش دەگمەن بوو، د. جەمال پێویستی بەم چەند دێڕە نییە نا بناسرێت، ئەو ناسراوە و زۆریش دوور چووە، بە قووڵایی زمان و مێژووی نەتەوەییماندا ڕۆیشتووە، بۆ ئەز هەر هەندەیە باچی (بە زاری ماچوم)... واتە: بێژم کە پێویستە نەوەی نوێ ئاشنای ئەم گەنجینە مەزنە بکەین، نەخاسمە کە ناسنامەی نەتەوەیی، گرینگترین، کێشە و گرفتی ئەم نەوە و نەوەکانی داهاتووە، ئەم نەوانە گرنتی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تریان هەیە، لێ گرفتی تێکەڵبوونی چەمکی ناسنامە، گرینگترین گرفتەکانیانە.

لەم دەلیڤە کورتەدا هەر ئەوەندە مەوەستم کە مەگەر هزرڤانێکی مەزن، وەک د. جەمال، بتوانێ لە چەند دێڕی کورتدا تۆماری گەورەی فەرهەنگی ئاینە کوردییەکان بناسێنێ.

لە کتێبە تازەکەی بەنێوی (فەلسەفە و ڕامانی پارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا) باسی کوردبوونی (بلووجەکان) دەکات، وەکو ڕووناکبیری بلووجی، پرۆفیسۆر ئاغا نەسیرخان ئەحمەدی زەیی بلووج، بۆی دەچێت... ئەمجا د. جەمال نەبەز دەوڵەمەندیی فەرهەنگی کوردستان دەگێڕێتەوەو.. دەنووسێ:

ئەم کوردستانە، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، مەڵبەندی زنجیرەیەک شارستانێتی لەنێوچووی وەک گووتی و لولو و کاشی و ئیلامی و نایری و هەتیثی و سۆمەری و خۆری و مادی و میتانی و پارتی و یۆنانی و بابلی و ساسانی و بنکەی فەرهەنگیی وەک رامانە کۆنەکانی هیندۆجەرمەنەکان (ئارییاییەکان) و میترازیم و زرڤانیزم مەزدایزم و بوودیزم و مانیزم و شەمانیزم و مووسایی و عیسایی و ئیسلامی و پایەکیزم (لایەنگرانی پاپەکی

خورەمدین...و مەزدەکیزم (لایەنگرانی مەزدوک/ مەژدوک)... و بەهایی بووە.
مامۆستا ئەمجا دەنووسێ: کورتو کرمانجی (بەشێکی کوردستان میزۆپۆتامیایە کە بێشکەی شارستانێتی جیهانی بەنێوبانگە).

بەپێی فەلسەفەی تازەی جیهان لەبارەی فرە چەشنییەوە، چ فرەچەشنی (تەعەدودی) نەتەوەیی و زمانەوانی و فەرهەنگییەوە، یا فرە چەشنی ئاینی و ئاینزایی و بیروبڕوای جیاوازەوە، یا فرە چەشنی ئەیدیولۆجی سیاسی و مەرام و حزبایەتییەوە... لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ بیروبڕوای هەر گەل و توێژ و ئاین و حزبێک وەکو خۆی وەربگیرێت و، وەکو بڕوای پەیڕەوانی ئەو مەرامە بێتە قبووڵکردن و ڕێزلێگرتن.

کەواتە/ مەرجی یەکەم و هەرە سەرەکی، یەکدی قبووڵکردنە.

ئەمجا میکانیزمی ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی قبووڵکردنی فرەچەشنەیی لە هەر کۆمەڵگەیەکەدا، دێتە پێش.

ئەم چەمکە سادە و قووڵە، لە پراکتیستدا لەسەر نموونەی باری کوردستان، دەبێ، بۆ نموونە رووناکبیری و هونەر و زمانی تورکمانی وەکو خۆی قبووڵ بکەین، وەکو چۆن تورکمان سەبارەت بەخۆیان بیردەکەنەوە، ئاوەها ئازادیان بهێڵین.. لەوەش گرینگتر هەلومەرجی مادی بڕەخسێنین بۆ گەلی تورکمان تا بتوانن بەزمانی خۆیان بخوێنن، بەزمانی خۆیان بنووسن و دەرببڕن، بە کەلەپووری میللی خۆیانەوە شانازی بکەن.

لە١٩٩٢ەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە زمان و هونەر و مافی سیاسی تورکمان، پەرلەمانی کوردستان، لەدوو یاسادا مافەکانی تورکمانی چەسپاند:

- یەک : لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ١٩٩٢، پەرلەمانی کوردستان دانی ناوە بەمافی رووناکبیری و هونەری تورکماناو، بەڕێوەبەری گشتی بۆ هونەر و رووناکبیری تورکمان پێک هێناوە لەگەڵ بودجەی حکوومەت بۆ خەرجی گۆڤارێکی وەرزی (ئێستا دوو مانگ جارێک) بەزمانی تورکمانی و، چالاکی فیستیڤاڵ و موناسەباتی کولتووری.

لەسەرێکی ترەوە، لەیاسای وەزارەتی پەروەردەدا ماددەیەکی تایبەت بە

فێربوون و خوێندن بەزمانی تورکمانی دانراوە، و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی بەو بابەتە لەناو دیوانی وەزارەتی پەروەردە پێکهاتووە و، تەواوی خەرجی چاپی کتێبی تورکمانی و مامۆستا و پێداویستی جۆر بە جۆر لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەمە و بۆ کولتوور و هونەر و زمانی سریانی (کلدانی و ئاشووری) هەمان شت لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری و یاسای وەزارەتی پەروەردە، بەڕێکوپێکی چەسپاوە، بەعەمەلی بودجەی پێویستی بۆ تەرخان کراوە.

دوای کەوتنی رژێمی سەدام لە نیسانی ٢٠٠٣دا، یەکسەر، بەهاوکاریی حکوومەتی کوردستان، ئەزموونی خوێندن و چاپ و بڵاوکردنەوە و دەربڕین بەزمانی تورکمانی و زمانی سریانی، بۆ نێو شاری کەرکوک و باژێڕەکانی دن، گوێزرایەوە. تا ئێستاش خەرج و پێویستی مادی چاپی کتێبی قوتابخانە و چالاکی تری روناکبیری و فێربوون، هەموو لەسەر بودجەی هەرێم، فەراهەم کراوە. ئەگەر حکوومەتی کوردستان پشتیوانی لە مافی زمان و خوێندن و دەربڕینی تورکمان و ئاشووری و کلدانی و ئەرمەنی نەکردبا، ئەوە حکوومەتی فیدراڵی عێراق بەلای ئەم کێشەیەدا نەدەهات. ئێستاش حکوومەتی فیدراڵ کەمتەرخەم و خەمساردە دەربارەی پشتگیری لە بزاڤی کولتووری تورکمان و سریانی.

د. جەمال نەبەز، لەم کتێبەیدا پەنجەی خستووەتە سەر- خاڵێکی گرینگی نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان، کە ئەوەتا کێشەی رێزنان لە فرەچەشنەیی لە ناو خودی کۆمەڵگەکەماندا، دێنێتە پێش.

ئەز لە نووسینەکانی دوو ساڵی دواییمدا بەشێوەیەکی تر، ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کردووە، بۆ نموونە دەربارەی ئاینزاکانی جیهانی ئیسلام، دبێژم گرینگ نییە دیالۆگ لەنێوان نوێنەرانی سێ ئاینی: ئیسلام و مەسیحی و یەهوودی هەبێ، بەڵکو گرینگتر دیالۆگە لەنێو خودی ئاینزاکان و دەستە و رێبازی جۆربەجۆری ئەم ئاینانەدا، کە لەهەر یەکێکیاندا رەنگ و روخساری رێباز و تەریقەت و مەزهەب و رێوڕەسمی جیاجیا دەبینین...بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگە

ئیسلامییەکاندا(کە لە ٥٥ وڵات زیاترن) جیاوازیگەری دەبینین (هەندێ جار توندوتیژیش) لە هەندێ وڵاتدا، وەک پاکستان، یا ئێران (بەرامبەر بەسوننە و یەهوودی و هی تر) یا سعودیە (بەرامبەر بە شیعە و ئیسماعیلی و هی تر). لە تورکیا جیاوازیگەری هەبووە (هێشتاش ماوە) بەرامبەر بە ئاینزای (عەلەوی = بەگداشی= هەر پاشماوەیەکی خەوارج و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی هی تر... تا بە ئەمڕۆ).

مامۆستا جەمال نەبەز پەنجە دادەگرێ لەسەر قبوڵکردنی فرەچەشنەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە دیوی قووڵتر و دەوڵەمەندتری دیموکراسی و پێشکەوتنە. سەرەتا ریشە کۆنەکانی یارسانی دۆزیوەتەوە و، لەگەڵ زانست و دۆزینەوەی نوێدا، ئاوێتەی کولتووری گشتیی نەتەوەی کورد دەنووسێت:

(کولتووری یارسان بەشێکە جیا ناکرێتەوە لەکولتووری نەتەوەی کورد و ئاشکرایە کە پاراستن و بەرگریکردن لێی بەرامبەر هەموو پەلامار و دەسدرێژییەک، فەرمانی سەر شانی هەموو کوردێکە، نەک تەنێ کوردە یارسانییەکان، بەتایبەتی ئەوڕۆ، کە (یارسان)[1]، گەلێک پتر لەجاران بوونەتە ئامانجی چەوسانەوە و لەنێوبردن لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە...).

دیارە کاتی خۆی، یادداشتی کۆمەڵێک رۆشنبیری کاکەیی باشوورمان، بۆ مامۆستا جەمال نەناردووە. دەبا بماننارد با... لێرەدا جێگەی خۆیەتی تابێژم کە لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٧، (٢٠٠٧/٣/٢١) دا کۆمەڵێک رۆشنبیری یارسان، یاداشتیان بۆ بەڕێزان سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و چەند بەرپرسێکی تریان ناردبوو، کوتومت وەکو بۆچوونی مامۆستا نەبەزە، کە داوایان کردبوو:

١- لە دەستووری کوردستاندا دان بنرێت بەکولتووری کوردیی رەسەنی (یارسان) کە بۆ میترایی و زەردەشتی دەگەڕێتەوە و بووە بە گەنجینەیەکی گرینگی فەرهەنگی کوردی.

٢- بڕیار بدرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی لە پاراستنی ئەم

کولتووره بکرێت و، هەوڵبدەن بیبووژێننەوە.

٣- لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لەو شار و شارەدێیانە کە زیاتر لە ٣-٥ هەزار کاکەیی دەژێن، نوێنەریان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان هەبێ، هیچ نەبێ یەک کەس، وەکو رێزنانی سمبۆلێک لەم کولتووره.

رۆشنبیرانی یارسان تەنیا باسی کەلەپوور و کولتووریان کرد، نەک ئاین و دیانەت، تەنانەت لەم دواییە پێشنیازیان ناردووە کە دەتوانرێ لە(دیباجەی دەستوورەکەدا) جێگەی (بایەخدان بە کولتووری یارسان (کاکەیی) و پاراستنی و بووژانەوەی)، بکرێتەوە. چونکە رەنگە ناوی دیانەت ئاڵۆزتربێ، لەکاتێکدا (کولتوور) دیانەتیش دەگرێتەوە، بەڵکو کولتوور فراوانتر و دروستترە.

ئێستا پرۆژەی دەستووری کوردستان لە دوا تاوتۆکردن و پێداچوونەوەدایە، هێشتا وەڵامی دروستی دەستەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم نازانرێت. بەو ئومێدەی کە بیرورِا بەرزەکانی د. جەمال نەبەز ببێتە هۆی وروژاندنی ئەم کێشەیە و، وەکو خودی کاکەیی (یارسان) ویستوویانە وەها بچێتە دەستوورەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا کێشەی (عەلەوی = بەکداشی) لە تورکیا بەفراوانی سەری هەڵدایەوە، داواکانیان: دیموکراتی و عیلمانی و ئازادی ئاین و پەرستن و دەربرِینە، دەیانەوێ وەکو خۆیان بێنە قبووڵکردن، چونکە (نە سونین و نە شیعەن) بگرە ئاینزایەکی سێیەمن (یا رێبازێکی تایبەتی جیهانی ئیسلامین) داواکانیان لەداوای کاکەیی (یارسان) ی باشووری کوردستانەوە نزیکە. هەر بەو بۆنەیەوە رۆشنبیرانی (یارسان) لە ساڵی ٢٠٠٩دا یادداشتەکەی ساڵی ٢٠٠٧یان وەبیری بەرپرسانی بەرێز هێنانەوە، لەگەڵ ئەو گۆرِانکارییە کە بزووتنەوەی بەر فراوانی (٣٥ ملیۆن) عەلەوی تورکیا، هێنایە کایەوە، د. جەمال نەبەز بەم کتێبەی[٢] بابەتێکی کولتووری گرینگی وروژاند، کە ئەوەندەی من بزانم، یەکەم نووسەری بیرمەندی گەورەی کوردە کە بابەتێکی وەهای خستووەتە بەردەستمان.

بە سوپاسی بێ پایانەوە، رووناکبیری مەزن و فەیلەسووفی هاوچاخی کورد، د. جەمال نەبەز، بە ئینتەرنێت، دانەیەک لە کتێبی پڕ بەهای خۆی بەناوی (فەلسەفەو رامانی پارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا) بۆ ناردم.

کتێبەکە لەبارەی ئاینە کوردییەکانەوە دەدوێ، کە لێرەدا زەحمەتە بە چاوپێخشانی خێرا، هەقی ئەم کتێبە بدەم.(کە ساڵی ٢٠٠٩ لە چاپی داوە).

ناوەڕۆکی کتێبەکە زانیاری قووڵ و ورد بەخۆوە دەگرێ. مامۆستا، وەک هەمیشە، لە رووی زانستی و ماریفەتی رووناکەوە، بە زمانی رەوانی شیرینی کوردی، دەدوێ.

زەحمەتە ئەم کتێبە لە لاپەڕەیەکی گۆڤاردا کورت بکەمەوە، هەر بۆیەشە دەچمە سەر پێشنیازی مامۆستا، کە لە سەرەنجامی ئاخاوتنەکەیدا، دبێژێ:

«پێویستە لە رێی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە ژێر نێوی باوەڕی ئاینی کورددا، داوای پاراستنی کولتووری کوردی بکرێ.»

ئەوەیان یەک.

دووەم: دەنووسێ کە لە پاش رووخانی دەوڵەتی مادەوە ئەنفال لە کورد، دەکرێ هەتا ئەمڕۆ. جارێک ئەنفال لە گیان، جارەکی تر ئەنفال لە کولتوور.

ئەمجا دبێژێ: بۆ پاراستنی کورد، هەر ئەوە نییە ژیانی کورد و سەر زەوی کوردستان بپارێزدرێ، بگرە کولتووری کوردیش دەبێ بپارێزرێ.

ئاین بەشێکە لە کولتوور، رامانی ئاینە سنکرێتستەکان، وەک یارسان، ئێزەدی و ئالەوی و شەبەک و سارەیی و باجوانی و هەقـقەو رێبازی دەروێشەکان، کولتووری کوردن.

تێبینی: نازانم مامۆستا، بۆچی ناوی (یارسان)ی بە (یارسانی) دەنووسی، کە سەراپای کتێبەکە لەسەر فەرهەنگی مێژینەی یارسانە. لێرەدا دەڵێم کە سەرجەمی پەڕاوەکان و دەسخەتەکان بە(یارسان) ناوی دەبەن. هەروەها (ئیزەدی) لە (یزیدی) دروستترە، چونکە لە ئاڤێستادا ناوی فریشتەکان بە(ئیزەد) هاتووە. (سارەیی) بە سارلووەکان دەڵێن کە لە هەموو بوارێکدا یەکن لەگەڵ یارسانانی کرماشان و هەمەدان و کەرکووک و تەورێزو لۆرستان

و شیرازو خانەقین و دەڤەرەکانی تر.

مەبەستم لەم کورتە وتارەدا ئەوەیە دەری ببڕم کە بە دڵ و گیان، لەم بوارەوە هاوبیر و هاو بڕوای مامۆستا نەبەزم، کە دەبێ UN کولتووری ئاینە کوردییەکان بپارێزێ. هێشتا خۆمان ئەو ئەرکەمان بەجێ نەگەیاندووە. ئەو پێشنیازە، ئەرکێکی گرینگ بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان دادەنێ، کە لەم دەرفەتەدا، بۆ ئەو ئامانجە تێبکۆشێ.

وەزارەت لە پێوەندیدایە لە تەک رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە UN و کۆڕو کۆمەڵەی UN بەگشتی، چەندین پێویستییەکانی کولتووری کوردستانمان خستوونە بەر دەستیان، لێ هێشتا بۆ ئەوە نەچووینە کە د. جەمال نەبەز، بە کوردو کرمانجی، پێشنیازی کردووە سەبارەت بە کولتووری ئاینی کوردی.

من بە خۆم لە هەندێ بواردا هەوڵی وەهام داوە ئەو کولتوورە بپارێزرێ، بەڵام سەرنەکەوتووم، چونکە تەنیام.

«خۆمانیش» واتە حکوومەت، دیارە، بەدەستی سەدان گرفت و کێشەی رامیاری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنین و، نەمانتوانیوە وەکو پێویست، بایەخ بە کولتووری ئاینە کوردییەکان بدەین، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندو جوان و گەشە، نە بەس بۆ کولتووری کوردی، بەڵکو بۆ کولتووری جیهانی مرۆڤایەتی، بەگشتی.

مامۆستا د. جەمال، لە دەسپێکی کتێبەکەیدا چەمک و راڤەو رامانی دروستی لەبارەی باوەڕیی ئاینییەوە پیشانداوە، کە دەبێ هەر ئاینێک وەکو پەیڕەوانی بۆی دەچن، ئاوەها وەربگرین و رێزی لێ بنێین. لەم بەشەدا واژەی (میناکەیی) بە مانای(مەعنەوی) بەکاربردووە، لە کاتێکدا بە لای منەوە واژەیەکی پڕ ماناتر هەیە بۆ (مەعنەوی) ئەویش (مینەوی)یە کە لە ئاڤێستادا هاتووە. مینەوی مانای ئەودیوی سروشتیش دەداو، جێگەی مانای (بەهەشتیش) دەگرێتەوە.

هەیینە (واتە: بەهەرحاڵ، بە شێوەزاری کاکەیی گەرمیان)... هەیینە، لێرەدا مەبەستم چوونە سەر واژەو ماناکانی و جۆری بەکارهێنان نییە، بێگومان

مامۆستا د. جەمال نەبەز، لە بەندە زاناترو شارەزاترە... هەر ئێستا ئەوەشم بە بیر هاتەوە: کاتێ لە یەکەمی ناوەندیی کەرکووک بووم، دەچوومە کتێبخانەی کەرکووک، کە لە ساڵی ١٩٣٧ەوە دامەزراوەو هەر ماوە، لە ڕۆژانی هەوەڵدا داوای کتێبی کوردیم دەکرد، یەکسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی جەمال نەبەزیان پێدام، گوتیان: بیخوێنەوە، فێری زمانی کوردی دەبی (بەڵێ! لەو سەردەمەدا کە خوێندنمان بە عەرەبی بوو دەمویست بە کوردی بخوێنم و بنووسم). کۆمەڵە چیرۆکەکە، ئەگەر لە یادم مابێ، بەناوی (کوێرەوەری) بوو. ڕۆژانی دواتر، کتێبێکی تری جەمال نەبەزیان پێ دام ئەویش وەرگێڕدراوی شانۆنامەی (ماکبث/ ماکبیس)ی شکسپیر بوو، کە بە تام و چێژەوە خوێندمەوە، چونکە بە زمانێکی کوردیی پاراوی سادەو ڕەوان وەرگێڕدرابوو، بابەتەکەشی، لەو سەردەمەدا، لەلام تازەو گرینگ بوو.

سەرەنجام، بە کورتی و کوردی، بە مامۆستای هێژا د. جەمال دەڵێم: کە ئەوەی سەبارەت بە کولتووری (یارسان) و بۆچوونەکانی نووسیوە، دروستی دروستە، وەکو بڵێی ناخی دڵ و هزری بەندەی خوێندبێتەوە، یەزدانی میهرەبان هەمیشە بۆمانی بپارێزێ.

---

(١) وشەی یارسان. بۆ تاک و بۆ کۆمەڵ (کۆ) بەکاردێ، ئەگەر یەکێک بناسێنین ناڵێین: یارسانییە، بەڵکو دەڵێین: یارسان، با جە (لە) یارسانەن.لەجیاتی وشەی (کوردی یارسان)، تەنیا (یارسان) باشترە، چونکە کوردن و پێویست بە (تەئکید) کردنەوە نییە.هەربۆیەش وشەگەلی (کوردی ئیزەدی و کوردی فەیلی) بەزیادە دەبینم. ڕەنگە- لە ڕووی سیاسییەوە، لەوەوە هاتبێ کە کوردبوونیان بسەلمێندرێ.

(٢) د. جەمال نەبەز، فەلسەفە و ڕامانی یارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەم گوتەبورگ، ئەڵمانیا، ٢٠٠٩ز.

# کەریم خانی زەند پارێزەری میللەت

وتاری پێشوومان لەمەڕ (مەسیحی بوونی سەلاحەدین)(*) بەوە کۆتایی پێهێنا کە کەریم خانی زەند نموونەیەکی تری فەرمانڕەوایی کوردە. شاکر فەتاح دەنووسێت:

-ئازایەتی کورد بێ هاوتایە، بۆیە.. بێگانەش سەرکردەی لەشکریان لە کورد داناوە، کورد پیاوی وەک (سەلاحەدینی ئەیوبی) و (کەریم خانی زەند)ی پێگەیاندووە، کە لە مێژووی جیهاندا تەنیا چەند شاهێکی وەک ئەو دووانە گەورە و خواناس و دادخوا و نیشتمانپەروەر و بە فەڕ[1] و خۆشەویستی هەموو لایەک ئەدۆزرێتەوە.

شاکر فەتاح هەروەها لە ژێر وێنەی هەردووکیاندا دەنووسێت:

«دوو شاهی کورد.. دوو خۆشەویستی جیهان، بە کردەوەی پیاوانە و نیشتمان پەروەرانەیان گەیشتنە ئەو پەڕی گەورەیی، سەری کوردیان بڵند کردەوە و گەورەیی کوردیشیان لە هەموو جیهان گەیاند.[2]

لێرەدا لەسەر ئەو رستەیە رادەمێنم کە ئەو دوو شاهە «گەورەیی کوردیشیان لە هەموو جیهان گەیاند»

لە چەند وتاری پێشوودا بە کورتی لەمەڕ جوامێری و زانایی و مەزنێتی کەسایەتیی سەلاحەدین، دواین، کە ئەزیش مەبەستم ئەوەبوو کە سەلاحەدین، هیچ نەبێ، گەورەیی خۆی، وەکو تاکێکی رەسەنی کوردی بە جیهان نواند، واتە: ئەگەریش -وەکو هەندێ کەس دەڵێن- سەلاحەدین هیچی بۆ نەتەوەی کورد نەکردبێ، خۆ پیشانی داوە کە ئەگەر کورد رزگار و ئازادبێ خاوەنی دەسەڵاتی خۆی دەبێ، ئەوا دەتوانێت دەوڵەت و ژیانی خۆی بە چاکی

بەڕێوەببات.

کەریم خانی زەند بلیمەتێکی مەزنی تری نەتەوەی کوردە، لە سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا ژیاوە، لە ساڵانی ١١٦٣-١١٩٣ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی هەموو هەرێمەکانی ئێرانی بەدەست بووە (خوراسانی لێ دەرچێت)، مێژوونووسان دەنووسن کە (٣٠) ساڵ و (٨) مانگ و (١٢) رۆژ فەرمانڕەوا بووە[٣].

لەو ماوەیەدا جەنگی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و (یاخیبووانی)[٤] عەرەبی خۆزستان (عەرەبستان) و بەسرە کردووە، هەروەها چەند دوورگەی ئێرانی لە دەست هۆڵەندییەکان دەرهێناوە و بە گژ سوپای ئینگلیزدا چووە کە دەهات لە کەنداو پێگە دابنێن.

لە تەک جەنگ و ململانێی ناوخۆشدا، کەریم خان بایەخی زیادی بە چاکسازی باری ناوخۆ و بەرقەراربوونی ئاسایشی داوە، مێژوونووسان و، خەڵکی ئێران، ئێستاش کەریم خان بە پیاوێکی ئازا و دادپەروەر ناو دەبەن. بایەخی گرینگی بە ئاوەدانی و چاکبوونی باری ژیانی خەڵک داوە و، ستەم و زۆرداریی دەرهەقی هەژار و چینە چەوساوەکان قبوول نەکردووە.

هەر بۆیەش، کەریم خان لە ناو خەڵکدا خۆشەویست بووە و بە خێرخوازی و پیاوچاکی و جوامێری ناسراوە.

کەریم خان دەیتوانی، هەقی خۆیشی بوو، ناونیشانی پاشایەتی لە خۆی بنێ، ئەو هەموو کاروباری دەوڵەتمەداری و فەرمانڕەوایی و سوپاسالاریی، بە دروستی و شایانەوە، بەڕێوە بردووە، کەواتە مافی خۆی بووە ببێ بە (پادشاه)، خۆ، زۆربەی هەرە زۆری پاشاکانی ئێران ئەوەندەی ئەویان نەکردووە ئەمجاش ئەو، بە عەشیرەت و خەڵکی تری کورد (لەک و کەلهوڕ و لوڕ و ئەوانی ترەوە) توانی زیاتر لە (٣٠) ساڵ حوکم بکات ئەویش لە بارودۆخی دژواری ناوەوە و دەرەوە.

بەڵام کەریم خان، لە جیاتی شاهنشا ناوی خۆی نا «وەکیل الرعایا = پارێزەری میللەت»، وەکیل لە فارسیدا مانای پارێزەر دەدات. ئەوەش بۆ

جوامێری و خاکەڕایی و دووربینی ئەو دەگەڕێتەوە، ئێستاش کەریم خان بە دادپەروەرترین و میللەت دۆستترین فەرمانڕەوایی ئێران دەناسرێت، تەنانەت ئیمام خومێنی کە ساڵی ١٩٧٩ ڕێبەری گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەریی هاوچاخی ئێران بوو کە ڕژێمی شاهنشای ئێرانی ڕماند، لە ڕەخنە توندەکانی سەبارەت خراپی و بە ستەمی سیستەمە شاهنشاییەکانی (٢٥٠٠) ساڵەی ئێران تەنیا کەریم خانی زەندی جیادەکردەوە و بەخێر و چاکی و دادپەروەری ناوی دەبرد.

کەریم خان میللەت پەروەر، چاک ڕەفتار دادپەروەر، و دوور لە ڕق و کینە هەڵگرتن، زۆر سادە دەژیا، لە تەشریفات و زەرەق و وەرەقی پاشایەتی بێزار بوو، ئەوە بوو پایەی پاشایەتیشی ڕەت کردەوە و ناونیشانی (وکیل الرعایا)ی هەڵبژارد.(٥)

لە ماوەی حوکمڕانیدا لە تاران عیمارەتێکی مەزنی بە ناوی (خەڵوەتی کەریم خانی) و لە شاری شیراز بازاڕێکی گەورەی دروست کرد کە هێشتا ماوە و لە نیشانە جوانەکانی شیرازە، لەگەڵ گەلێک گەرماو و قوتابخانە و مزگەوت و بینایەی تر.

سەردەمی کەریم خان بە ئاسایش و ئاشتی و دادپەروەری و ئاوەدانی ناسراوە، هەر چەندە لە سنوورەکاندا هەمیشە گیرۆدەی جەنگی عوسمانی و هۆڵەندی و ئینگلیز و خەڵکی تر بووە.

---

(*) ئەم وتارەم لە کتێبی «ڕوناهی زەردەشت» بڵاوبووەتەوە.

(١) فەڕ: سوودمەند، بەکەڵک. لە زەردەشتیدا، فەڕ، ناوی فریشتە و توانایی و خێرە، بە فەڕ: بە کەڵک.

(٢) شاکر فەتاح، کتێبی: هاوڕێی مناڵ، بەغدا، ١٩٤٨

(٣) بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کورد، تاران، ١٣٧١ کۆچی.

(٤) هەمان سەرچاوە ل ٥١٠.

(٥) هەمان سەرچاوە ل ٥١١.

# پڕۆژەی ستراتیجی رۆشنبیری بۆ ٢٥ ساڵ: کیانی کولتووری

١

- دەتوانین بڵێین، پڕۆژەی ستراتیجی رۆشنبیری بۆ پەنجا ساڵ، سەد ساڵ... دوو سەد ساڵ و، زیاتریش، چونکە ژیانی رۆشنبیری و بزووتنەوەی رۆشنبیری هەمیشە دەمێنێت.

کەواتە دانانی (٢٥) ساڵ، بۆ سەلماندنی بەردەوامبوونی ژیانی کولتوورییە.

- کولتوور... یا رۆشنبیری، یا رووناکبیری، یەکن.

لە داخوازییەکی وەزارەتدا، لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، داوامان کردووە کە ناوی ( وەزارەتی رۆشنبیری) بگۆڕدرێت بۆ (وەزارەتی کولتووری).

- بیروڕای وەهاش هەیە کە پێویست بەهەبوونی ئەم وەزارەتە نەماوە...

ئەوەش گرینگ نییە، جا وەزارەتی رۆشنبیری (کولتووری) هەبێ یا نەبێ، ئەوا ژیانی رۆشنبیریی نەتەوەیی کورد و، گشت خەڵکی کوردستان، هەر دەمێنێ و بەردەوام دەبێ و، رێچکە و رێگەی خۆی دەبڕێت. ئەم وتەیە دەرهەقی هەموو گەلانیش دروستە.

- ئەز بڕوام نەهێناوە و (تێ نەگەیشتووم): بۆچی ئەم وەزارەتە دەبێ نەمێنێ؟

ئەم بۆچوونە بە دروست نازانم.

٢

مەسەلەکە لە جێگەیەکی ترە.

کە ئەم وەزارەتە هەبێ یا نەبێ، ئەوە هەر دەبێ بەرچاومان لەبارەی ژیانی کولتوورییەوە روون بێت، چونکە زمان و هونەر و کەلەپوور و، رۆشنبیری

بەگشـتی، گرینگترین توخمی ناسنامـەی کورد و کوردسـتـانن. هەر بۆیەش ناوی (کیانی رۆشنبیریمان) لێناوە، لە سەردەمێکدا (کیانی سیاسیمان) نییە.

- هەندێ کـەسی تریش پەلەیانە سـروودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) بگۆڕن. هێشتا کەسانێک هەن هەوڵی بۆ دەدەن.

- ئاخر (ئەی رەقیب) تەنیا سروودی هەرێمی کوردسـتـان (باشوور) نییە، بەڵکو هیچ نەبێ تا ئێسـتـا، سـروودی هەرێمـەکـانی تریشـە، لە باکـور و ڕۆژهەڵات و رۆژئاواو... گشت کوردی دنیا بەسـروودی میللی رەسـەنی دەزانن و، وشە و ئاهەنگەکەیان خۆشدەوێت و... بەناخ و ویژدانیاندا رۆچووە.

کەواتە: تەنیا چەند کەس لە باشوور بۆیان نییە لەجیاتی دەیان ملیۆن کورد بڕیار بدەن.

- بۆ دانانی سـروودێکی نـەتەوەیی تر (ئەگـەر پێویست بوو)...جـارێک پەلە مـەکەن. دەرفـەت بدەن هەرێمـەکانی تریش بڕێک ئـازاد بن و، بێنە سەرخۆیان. ئەمـجـا بڕیارێکی نەتـەوەیی گشـتی بدەن. خۆ ئەگەر هەمـوو لایەک کۆک بوون لەسەر هەر بڕیارێک، ئەوا وەری بگرن.

- بۆ لایەنە گشتییەکانی رۆشنبیریش هەر هەمان بۆچوونم هەیە.

- هێشـتـا ملیـۆنان کورد، لە گشـت هەرێمـەکان، چاویان لە پشـتـیـوانی و گەشـەپێدانی ژیانی رۆشنبیرییە تا بیچەسپێنن کە (کیانی) ئێستا و بناغەی کیـانی گەورەتری داهـاتووە. دیاریشـە بۆچی دەڵێین (سـتراتیـجی رۆشنبـیری) نەک (سـتراتیـجی وەزارەت). چونکە وەزارەت دەزگـایەکی کارگێڕی حکومـەتە، رەنگە بگۆڕدرێت، بەڵام خودی رۆشنبیری هەر دەمێنێ.

٣

خـەریکە بڵێم: هـەندێ رووناکبـیـر هێـشـتـا لە تێنوویەتی نەتەوەی کـورد بۆ چەسـپـاندنی ناسنامـەی کولـتووری کورد و کوردسـتـان، تێنـەگەیشـتـوون. خـۆ ئەگەر تێگەیشتوون بۆچی هەندە خەمساردن.

- دەترسم هـەندێ رووناکـبـیـر، ئەم کـەمـە دەسکەوتانـەی ئێـسـتـای هەرێم

بەهەموو شتێک بزانن، بە خەیاڵی خۆیان کە ئەوە ئیتر بە (کیانێکی چەسپاوی هەمیشەیی)، ئیتر بۆمان هەیە بیکەین بە مەیدانی هەر ئەزموونێک.

ئاخر... کام نەتەوەی سەرکەوتوو، ئەوەندە خێرا سروودی میللی خۆی گۆڕیوە، یا ئیتر پێویستی بە وەزارەتی کولتووریی، نەبووە؟!

– ئەزموونی (هەرێمی کوردستان) هێشتا دەڵەمەیە و، لە سەرەتادایە، هێشتاش مەترسیی ئەوە هەیە لە سەوداگەرییەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا هەرێم بکرێت بە قوربانی!

– پەلە مەکەن! هێشتا ئەوەندە پێویستمان بە رۆشنبیریی نەتەوەیی و زمان و سروود و هێماکانی تر هەیە، هەروەکو پێویستمان بە (هەوا) و (ئاو) و بستێ خاک بۆ ناشتنی ئەزیزانمان هەیە.

هەربۆیەش (٢٥) ساڵ بۆ پرۆژەیەکی رۆشنبیری دادەنێین، تا ئەوە بڵێین کە ئێستا وتمان... کە هێشتا زۆرمان ماوە.

کەواتە: مەبەستمان روونە.

ئیتر، چ (٢٥) ساڵ، سەد ساڵ، دوو سەد ساڵ، زیاتر یا کەمتر، دابنێین، ئەوە لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەستمان ژیان و بزاڤی رۆشنبیرییە، کە هەر بووەو، هەر دەمێنێت، چ وەزارەتێکی هەبێ یا نەبێ!

خۆ ژیانی رۆشنبیری هەر هەبووە، لە کاتێکدا نە وەزارەت و نە حکومەتی کوردستان هەبووەو.. وەکو دەربڕینێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانی هەمیشە بەردەوام دەبێت، تەنیا شێوەی رێکخستن و، پشتیوانی و رەچاوکردنی دەگۆڕێت!

# مۆزیک، مافی والابوونی مرۆڤ

ئەمڕۆ لەناو گشت لق و جۆرەکانی ئەدەب و هونەردا، هیچ کامەیان وەکو مۆزیک و گۆرانی و سروود (بەمانای بەرزی ویژدانی و رۆحی)، کاریگەر نییە.

باسی ئێستای مۆزیکی نیشتمانەکەمان ناکەم، بگرە لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەتی ئەمریکا (باکوور و باشوور) و ئەورووپا و هندستان و چین و وڵاتانی تریش دەڕوانم.

ئاوازێکی نوێ و ، وشەو دەنگێکی نوێ، دەیان ملیۆن گەنج دەبزوێنێ و، دەخاتە یەک...

ئەمە ئەمڕۆ نە بە شیعر دەکرێ، نە شانۆ... رۆمان... شێوەکاری و، نە هیچ هونەرێکی تر، تەنانەت سینەماش تاڕادەیەکی کەمتر لە مۆزیک کاریگەری ماوە، مەگەر فیلمێک، وەکو تایتانیک، مۆزیک و گۆرانییەکی نوێ دابهێنێ.

هۆی کاریگەری مۆزیک و گۆرانی رەنگە ئەوەبێ کە راستەوخۆ ویژدانی رۆحی مرۆڤ دەشڵەقێنێ  دیارە مرۆڤ هێشتا پێویستی بە (بزوێنەری دەروونی) هەیە، تا لە دۆخی داماوی و نائومێدی و ناکامییەوە بەرەو ئومێدو بڕوابەخۆبوون، بیگوێزێتەوە.

کەواتە مرۆڤ بەم دۆخەی ئێستای رازی نییەو، دەیەوێ بەرەو بەرزترو والاتر بچێت.

ئەمەیان ناو لێ دەنێم: (مافی والابوون)... لێرەدا (والا) بەمانای (بالا)و (بەرزتر) دێ، نەک (والا)ی زاری کرمانجی ژووروو کە بەمانای کراوە یا بۆش و خاڵی دێ.

بۆچی مرۆڤ هەموو کات بەرەو بەرزتر دەڕوانێ؟ خۆ ئەگەر رۆژێک بەم حاڵەتەی ئێستای کۆمەلایەتی و رۆحی و کولتووری، رازی ببێ و تێربێ و

بەسی ببێت، ئەوا ئیتر زیاتری ناوێ، وەکو پێشەنگ کە بەرادەیەک پێشکەوتن و سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوخۆ و شێوەی کارو بەرهەمهێنان گەیشتووە، کە ئیتر لەو ئاستەدا راوەستاوەو، هەمیشەو هەمیشە سایکل (خولی) ژیانی خۆی دووبارە دەکاتەوە.

بەڵام دیارە مرۆڤ بە ئاستی مێشەنگ نەگەیشتووەو، هێشتا هەزاران گرفتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری بێ چارەسەر ماونەتەوەو، لە هەزاران کێشەی ناهەمواردا گیری خواردووە، لە جەنگ و هەژاری و برسێتی و قڕی و قاتی و مرۆڤ فرۆشییەوە بگرە تا سەدان دیاردەی بێدادی و ناعەدالەتی. مۆزیک و گۆرانی بەرز، هونەرێکە ناهێڵێ مرۆڤ خەو بیباتەوەو، ماف و ئەرکی واڵابوون لەبیر بەرێتەوە.

ئەم هونەرە، وەکو بڵێی، بووبێت بە ئایدیۆلۆجیا یا بڕوا و فەلسەفەی هاودەمی مرۆڤایەتی.

دەشبینین کە مۆزیک و گۆرانی واڵا هێشتا ئاوێتەی مۆزیک و سروودی ئاینی هەرە کۆنە.

لەسەرەتادا مۆزیک هەبووە.

دەبێ مرۆڤ، بەر لە هەر هونەرێک، ئاشنای ئاوازو ئاهەنگی سروشت بووبێت، کە لەهەر چرکەساتێکدا بەگوێی شنەڤیاردا دەدرێت، وشەو گۆرانی (... کە گۆرانی بە وشە دەردەبڕدرێت) دواتر چوونەتە جیهانی مرۆڤەوە.

ئەگەر سەرەتا مۆزیک بووبێ، دیارە کۆتاییش مۆزیک دەبێ...لە فەلسەفەی (فیساگۆرس)ی یۆنانیدا هاتووە کە گەردوون مۆزیکە ئاهەنگێکە... تیۆری (مۆزیکبوونی گەردوون لە زمانی فیزیا زانەکانەوە تازە بووەتەوە)، کەوابێ مرۆڤ بەدوای واڵاتربووندا دەگەڕێ، چونکە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، لە پاشایەتی رەهاوە تا سەرمایەداری و سوسیالیستی و کاپیتالیستی و لیبرالیستی...هیتر، نەیانتوانیوە مرۆڤ بەرزگاری بگەیەنن و گرفتە کوژندەکانی بێ چارەسەر ماونەتەوە.

* دیارە لە کۆتاییدا، دەبێ سروشتی خودی مرۆڤ بهێتە گۆڕین، چونکە تا

ئێستا ئەوە سروشتی خۆپەرستی و خۆبینی مرۆڤ بووە کە گشت ئایدیا و فەلسەفە و ئایین و بەرنامەی سیستەمە بەرزەکانی، تێکداوە و پەکخستووە.

مرۆڤ ئێستا لە جاران پتر پێویستی بەو بزوێنەرە دەروونییە هەیە، تا لە ناخەوە خۆی رزگار بکات.. تا بەو بوونەوەرە زیندووە والا بەرزە بگات کە خودی خۆی، لەناخەوە، تەعبیر لە ئامانج و ئاوات و ئایدیا بەرزەکان بکات و، بەخودخۆی، خۆبەخش، ببێ بە مرۆڤێکی بەرز و راستگۆ و پاک و دروستکار و بەویژدان، نەک لە ترسی یاساو سزا، یا ترسی کۆمەڵ و قسەی خەڵک، یا ترسی دۆزەخ و لێپرسینەوە بڕوا ناکەم پێشەنگ هیچ یەکێک لەو ترسانەی هەبێت، بەڵکو دەژێ و کار دەکات، وەکو پێویست بیکات!